# کوشتنی خەونەکان لە رۆژهەڵاتدا

"شێکردنەوەیەکی رەخنەیی شێوازی بیرکردنەوەی رۆژهەڵاتییەکانە"

نووسینی : د. ئازاد حەمە شەریف

بەرگی یەکەم

چاپی یەکەم

2009



ناوی کتێب: کوشتنی خەونەکان لە رۆژهەڵاتدا

دانەر: د . ئازاد حەمە شەریف

چاپی: یەکەم -2009

دیزاینی بەرگ : محەمەد هاشم.

تیراژ : 500 دانە.

ژمارەی سپاردن (     ) ی ساڵی 2009 ی پێدراوە.

چاپخانە:

چاپی :یەکەم – هەولێر 2009 .

© مافی لەچاپدانەوە بۆ دانەر پارێزراوە

**ئەم کتێبە پێشکەشە بە:**

- **هەموو تاکێکی ڕەخنەگری ڕۆژهەڵاتی کە چرای هزر دەکەنە ڕابەری بیری مرۆڤپەروەرانەیان .**
- **هەموو ئەوانەی دەیانەوێت بە بیری چاك وگوفتاری چاك و کــرداری چاك بەها گەندەڵەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی هەڵتەکێنن.**

# ناوەرۆك


- چەند پەیڤێك ........................................ 7
- كوشتنی جوانی لە روژهەڵاتدا ......................... 9
- كوشتنی ئازادی لە ڕۆژهەڵاتدا.......................... 19
- كوشتنی هونەر لەڕۆژهەڵاتدا .......................... 29
- كوشتنی كات لە رۆژهەڵاتدا .......................... 39
- كوشتنی هزر لە ڕۆژهەڵاتدا .......................... 49
- كوشتنی تاك لە رۆژهەڵاتدا .......................... 59
- كوشتنی جەستە لە رۆژهەڵاتدا ........................ 71
- كوشتنی سروشت لە رۆژهەڵاتدا ....................... 81
- كوشتنی ژینگە لە رۆژهەڵاتدا ......................... 91
- كوشتنی بەزەیی لە رۆژهەڵاتدا ....................... 99
- كوشتنی زانست لە رۆژهەڵاتدا ...................... 111

## چەند پەیڤێك

رۆژهەڵات بە روانینی خەڵکانی رۆژئاوا دونیای شتی سەیر و سەمەرە و رۆمانسیەتە. ئەم وێنە ناراستەقینەیەی کە جاران وڵاتانی رۆژئاوا دابوویانە پاڵ رۆژهەڵات زۆربەی کات بۆ هەڵاتنی خۆیان بووە لە چنگ ئەو واقیعە مرۆڤ پڕووکێنەی کە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی بەسەر ئەوروپای داهێنا. هۆکارێکی دیکەش ئەوە بوو کە ئەوان دەیانەویست رۆژهەڵات وەکو بەهەشتی سەر رووی زەمین بنەخشێنن تاوەکو نەوە و وەچەکانی خۆیان وا لێبکەن هەموو خەون و خولیایەکیان داگیرکردنی رۆژهەڵات بێت.

ئەوەی راستی بێت ، هەرگیز رۆژهەڵات بۆ رۆژهەڵاتیەکان بەهەشتی سەر زەمین یاخود دونیای رۆمانسیەت نەبووە چونکە بەسەرنجێکی خێرا لە دونیای رۆژهەڵات ، ئەو واقیعە تاڵە لەبەرچاوی زۆربەمان زەق دەبێتەوە کە رۆژهەڵات بەردەوام جێگای کوشت و کوشتار و جەنگی بێشوومار بووە.

ئەوەندەی رۆژهەڵاتیەکان ئازار و مەینەتیان چەشتووە ، کەم میللەتانی سەرڕووی زەوی هێندە ئازاریان چەشتووە. رۆژهەڵات شوێنی پێکدادانی زۆربەی زلهێزەکانی دونیا بووە . هەر لەسەردەمی (ئەسکەندەری مەکدۆنی)یەوە بگرە تا دەگاتە داگیرکردنی لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە. ئەمەش هەڵبەتە وای



کردووە کە گەلانی ئەو ناوچەیە ببن بە پێخوستی ئەو هێزانە و جەستە و رۆحیان بپلیشێشتەوە.

هەروەکو لەناوەرۆکەیەوە دیارە، بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە بۆ یانزە لێکۆڵینەوەی رەخنەیی لە کۆمەڵێك بابەتی گرنگ لە ژیان و کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی تەرخانکراوە (کە هەموویان لە ماوەی نێوان 2004 تا 2009 لە مانگنامەی (هەرێم) و (بەدرخان) بڵاوکراونەتەوە . ئەمانیش بریتیین لە: کوشتنی جوانی ، کوشتنی ئازادی ، کوشتنی هزر ، کوشتنی کات ، کوشتنی هونەر ، کوشتنی تاك ، کوشتنی جەستە ، کوشتنی سروشت ، کوشتنی ژینگە ، کوشتنی بەزەیی ، کوشتنی زانست لە رۆژهەڵاتدا.

بەرگی دووەمی ئەو کتێبە کە هێشتا دەستنووسە و لەماوەیەکی نزیك دەکەوێتە بازاڕەوە ئەمیش بۆ یانزە لێکۆڵینەوەی رەخنەیی لەکۆمەڵێك بابەتی گرنگ لە ژیان و کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی تەرخانکراوە. ئەمانیش بریتیین لە: کوشتنی خەون، کوشتنی زمان ، کوشتنی تازەگەری ، کوشتنی داهێنان ، کوشتنی چێژ ، کوشتنی ئەوین ، کوشتنی پاکی ، کوشتنی راستی ، کوشتنی بیروباوەڕ ، کوشتنی دیموکراسیەت ، کوشتنی ژیان لە رۆژهەڵاتدا.

**2009/7/10**

**د. ئازاد**

# کوشتنی جوانی لە ڕۆژهەڵاتدا

ڕۆژهەڵات ئەو پارچەیە لە دونیا کە هەزاران ساڵە هەموو جۆرە جوانیەك دەکوژێت ، هەر لە جوانی جەستەوە بگرە تا دەگاتە بیرو رەفتارو کرداری جوان . ئەم شەڕەی نێوان جوان و دزێویش لە ناخی مرۆڤی ڕوژهەڵاتی دا رەگی داکوتاوە و بەر لە پەیدابوونی فیکری فەلسەفی و دینییەوەش سەری هەڵداوە ، چونکە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی مرۆڤیکی خۆپەرستە و هەموو شتێکی تەنها بۆ خۆی دەوێت و بەس . کەواتە هەر شتێك هی خۆی و بۆ خۆی نەبێت و لە بەرژەوەندی تەسکی ئەودا کار نەکات، ئەوا لە لای ئەو شتێکی ناپەسەند و قێزەون و بەدە، بەپێچەوانەوەش هەرچی هی خۆی و بۆ خۆی بێت و لە بەرژەوەندی خۆی دابێت ئەوا ئەو شتە چاك و پاك و جوانە.
جا هەرکاتیك مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی نەیتوانی شتە جوانەکانی دەوروبەری خۆی بۆ خۆی مسۆگەر بکات و بیانخاتە ناو بازنەی چێژ لێبینین و سوود لێ وەرگرتنی، ئەوا یەکسەر هەوڵی لەناوبردنی یان ناشیرینکردنی دەدات. هەربۆیەش ئەگەر چاوێك بە دەوروبەرماندا بخشێنین دەبینین هەر چواردەورو سەروژێرمان بە جەستەی دزێوو بیری دزێو و رەفتارو کرداری دزێو تەنراوە . وانەبوایە هەرگیز(زەردەشت)ی مەزن کە لە ناو جەرگەی ڕوژهەڵات دا سەری هەڵدا ، هێندە پێی لە سەر (بیری چاك و گوفتاری چاك و کرداری چاك) دانەدەگرت . کەواتە ئەم



جەنگە بێ ئامانە لە سەردەمی ئەویشدا هەبووە و ئەویش بەش بەحاڵی خۆی هەوڵی داوە تەرازووی لاسەنگی بیرو گوفتارو کرداری دزێوی ڕۆژهەڵاتی پارسەنگ بکاتەوە .
خۆ ئەگەر بە سەرپێیی بەراوردێك لە نێوان جەستەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و جەستەی مرۆڤی ڕۆژئاوایی بکەین – کە رەنگدانەوەی رەوتی پیشکەوتن و دواکەوتنی بیری بە کۆمەڵیانە – دەبینین کە جەستە و بیرو کرداری مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناشیرین و ناڕێك و دزێوە لەچاو هی مرۆڤی ڕۆژئاوایی.
هەربۆیەشە لە ڕۆژهەڵاتدا مەینەتی و پاشکەوتەیی بەشی هەموو لایەکە و لە ڕۆژئاواشدا داهێنان و پێشکەوتن لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا بە دی دەکرێت .
ڕۆژهەڵات ساڵەهای ساڵە سەدە دوای سەدە هەوڵ دەدات هەموو جوانیەك بەکردەوە لە ناوببات. ئەمەش پێچەوانەی (یاسای هەڵبژاردنی سروشتی یە ) کە (داروین) دۆزیبوویەوە. بە پێی ئەم یاسایە هەموو بوونەوەرەکانی ئەم گەردوونە لە ململانێدان لە پێناو مانەوەدا . جا ئەو بوونەوەرەی کە هەوڵی چاککردن و گونجاندنی خۆی دەدات و توانا عەقڵی و غەریزی و جەستەییەکانی خۆی پەرە پێ دەدات ، ئەو دەمینێتەوە ، دەنا خراپ و گەندەکان لەم کاروانەی مان و نەماندا لەناو دەچن .
هەڵبەتە ئەم راستییە بەتەواوی لە دونیای گیانەوەراندا بە دیار دەکەویت . کام گیانەوەری نێرو خورت و بەهێزو رەندە ، جوانترین و لێوەشاوەترین مێیینە هەڵدەبژێرێت بۆ جووتبوون

و وەچە دروستکردن . کەواتە ئەو جۆرە وەچانەی بەمجۆرە زێدە دەبن ، وەچەی بەتواناترو جوانترو بەهێزترن لە باوانەکانیان . هەر ئەمەشە ڕەوتی پێشکەوتنی ژیان و مانەوەی نەوەکان دەپارێزێت .
ئەم قسانە لەبارەی مرۆڤیشەوە ڕاستن. لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە ، شەڕی (هابیل) و (قابیل) لە سەر جوانی خوشکێکیان و سامانی لایەنەکەی تر بووە . شەڕی (تەڕوادە)ش لە سەر (هێلین)ی جوان و نازدار بووە، تەنانەت لە مێژووی نوێیشمان دا سەدان نموونەی لەو بابەتە لە بەردەستدان .
( یاسای هەڵبژاردنی سروشتی) و باڵابوونی بوونەوەرە چاك و جوانەکان لە ناو هەموو دیاردەکانی دونیای گیانەوەرو مرۆڤدا بوونی هەبووە و هەیە . بەڵام کاتێك مرۆڤ دەست دەخاتە ناو کاری سروشتەوە ، هەموو دیاردەکان دەشێوێنیت .ئەم دەست تێ خستنەش لە ژێر هەزارەها پەردەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت ، هەر لە پەردەی سیاسی و ئاینییەوە بگرە تا دەگاتە پەردەی عەشیرەتگەری و ناوچەگەری و نەتەوەگەری . ئەم هەموو (گەری) یانە زۆر بەتووندی لە ڕۆژهەڵاتدا ڕەگیان داکووتاوەو کار لە هەموو دیاردەکانی ژیان- کە چاکی و جوانی دوو لەو دیاردانەن- دەکەن . وەك لەلای هەمووان دیار و ئاشکرایە، لە ڕۆژهەڵاتدا لە جیاتی ئەوەی مرۆڤ و جەستەی جوان و ڕێك و پیك باڵادەست بکرین ، هەوڵی تێك شکاندنیان دەدرێت .



سەرەتا هەوڵدەدرێت جوانی جەستە بشاردرێتەوە، هەمان شتیش لەبارەی چاکی و پاکییەوە ڕاستن چونکە ئەوانیش بە جۆرەها شێوە بەربەرەکانی دەکرێن و بەرپەرچ دەدرێنەوە . لە کاتێکدا کە دەنگی جەستەی جوان و ئاستی چاکی و پاکی بڵندتر دەبێتەوە لە کارە دزێوەکان ، ئەوا لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا بە هەموو توانایەکەوە هەوڵی دابەزاندن و شکاندنەوەو ناشیرینکردن و تەنانەت لە ناوبردنیشیان دەدرێت.
چاکترین نموونە بۆ ئەم قسانە کیژە جوانەکانی ڕۆژهەڵاتن. کامەیان لەوان ڕێز لە جوانیان وەکو مرۆڤ گیراوە ؟ کامەیان لەوان لە بازاری کڕین و فرۆشتندا وەکو کاڵا نەکردراون و پاشتر بە کۆتی پارەو سامان سندم نەکراون ؟ کامەیان ڕێگایان پێ دراوە بە بێ گوشارو فشار شوو بەو کەسە بکەن کە دڵخوازی خۆیانن؟ کامەیان هەن ئەگەر لە کۆت و پێوەندە مادیەکانی کۆمەڵگە یاخی بوون ، کۆمەڵگە هەوڵی کوشتنی نەدابن و ئەگەر ئەوەشی پێ نەکرا بێت ، بە قسەو کردار ناشیرینی نەکردوون؟ ئەدی ئەو هەموو کوشت و بڕەی ئافرەتان لە چی یە؟ ئەدی ئەو هەموو خۆسووتاندنانە چین؟ ئەدی ئەو هەموو تیزاب پێداکردنانە چین؟
وەکو گوتمان ئەگەر کۆمەڵگەی پیاوسالاری ڕۆژهەڵات هەندێ جار لە تواناشی دانەبووبێت جوانەکان بکوژێت ، ئەوا لە ناخەوە، لە دەروونەوە ئەوانی کوشتووە. کەواتە لەجیاتی ئەوەی کێشەی جوانەکان چارەسەرێکی ماقووڵی بۆ بدۆزریتەوەو لە

مەرگ و فەوتان رزگار بکرێن ، هەوڵی لەناوبردنیان هەمیشە دواچارەسەر بووە . لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت لە رۆژهەلاتدا نەك جەستەی جوان پەروەردە نەکراوەو رێزی لێ نەنراوە ، بەڵکو وا لەو جوانیە کراوە کە کۆمەڵگە بە چاوێکی خراپ و دوژمنکارانە سەیری بکات . بۆیە لە ڕۆژهەڵاتدا جوانی و چاکی نەفرەتن نەك خرۆمەت . ئەمەش سەرچاوەی تراژیدیای جوانەکانی ڕۆژهەڵاتە . بەم جۆرەش نەوەی جوانان دوایان دەبڕێت، چونکە چەندی جوانەکان دەکوژرێن یان لەناودەبرێن ، بە هەمان هێندە لەشکری دزێوو قێزەوەنەکان روو لە زیادی دەکەن . سەرەنجام ناشیرین و خراپەکان جێ بە جوان و چاکەکان چۆل دەکەن و بەرەو هەڵدێری فەوتان رەوانیان دەکەن .

لە رۆژئاوادا ئەم مەسەلەیە تەواو پێچەوانەوەیە ، لە وێ هەموو شتێکی جوان و هەڵکەوتوو بە بەرزی تەماشا دەکرێت و هەوڵ دەدرێت باڵا دەست و تواناداررتر بکرێت. کەواتە لەوێ (( یاسای هەڵبژاردنی سروشتی)) پاڵپشتی لێ دەکرێت چونکە جوانەکان داواکاریان لە سەر زێدە دەبێت و ناشیرینەکان وەلادەنرێن . بەم رێگایەش بە تێپەربوونی کات ، نەوەی جوانان روو لە زیادی دەکەن و نەوەی ناشیرینەکانیش رووەو لەناوچوون و دوابڕانن .

ئەمە لە لایەنی جەستەییەوە . خۆ ئەگەر بێینە سەر لایەنی رەفتارو کرداری چاك و پڕخزمەت بۆ کۆمەڵگەکەیان. ئەوان هەر یەکەیان هەست بە جۆرێك لێپرسراوێتی مێژوویی دەکەن



بۆ بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگەکەیان . بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا، ئەگەر بڕوانینە زانکۆکان و کۆلێژەکان کە بە پێی هەرەمی کۆمەڵایەتی دەبێ بەرزترین پنت بن لە خانەی رۆشنبیری دا ، دەبینین کامە مامۆستای لە هەمووان هەڵکەوتووترو دیارترینیانە، گەورەترین کێشە و ئاستەنگ بۆ ئەوان دروستکراوە . ساڵانی دوا دوایی حەفتەکان ، دوو نموونەی زۆر زەق لە بەغدا سەرنجیان راکێشام .

یەکەمیان مامۆستایەکی بەشی فەلسەفە بوو کە لە زانکۆ نەمابوو. ئەو مامۆستایە ئێواران لە بن پردەکەی پشت کۆلێژی ئاداب دەستەسرێکی رادەخست و بەدەم نزاکردنەوە سواڵی دەکرد ، گوایە شەوانیش بە پارەی ئەو سواڵە خۆی مەست دەکرد . کە چوومە بنج و بناوانی مەسەلەی ئەم پرۆفیسۆرە پێیانگوتم : "لەبەرئەوەی لە بەشەکەی خۆی مامۆستایەك بووە لە هەموو مامۆستایانی دی بەتواناتر ، ئەوان راپۆرتیان لەسەر نووسیووەو بەعسیش لە زانکۆ وەردەری ناوە . جا وەك ریسواکردنی زانکۆ و دارودەستەی بەعس ئەم مامۆستا پایەبەرزە بەمجۆرە سواڵ لە قوتابیان دەکات ."

نموونەی دووەم مامۆستا (عبدالواحید لؤلؤة) بوو کە چونکە لە هەموو مامۆستاکانی بەشی ئینگلیزی زانکۆی بەغدا بە تواناتر بوو و دەیەها کتێبی دانابوو ، ئەویش لە زانکۆ دەرکرابوو چونکە راپۆرت لە دوای راپۆرتی لە سەر نووسرابوو . جارێکیان هاتبووە بەر دەرگای کۆلێژی ئاداب – بۆ سەردانیکردنی

خێزانەکەی کە لەوێ مامۆستا بوو ، هەر لە بەردەرگا بە فەراشە ئەمنەکانی پرسگە دەریانکرد . من کە ئەم دیمەنەم بینی زۆر گریام . چونکە ئەوسا هەستمکرد کە مرۆڤی چاك و رۆشنبیر لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتدا هیچ جێگایەکی نی یە رۆحی تێدا بحەوێتەوە و کۆمەڵگە و دەسەڵات تا پێیان بکرێت زۆر بێ بەزەییانە مرۆڤە چاك و رۆشنبیرەکان شاربەدەردەکەن. هەڵبەتە لە رۆژئاوادا نموونەیەکی نزیك لەو بابەتەمان هەیە ، ئەویش لە شیعرێکی ماثیو ئارنۆڵدادا بە ناونیشانی (( مامۆستای قەرەج))ە. بەڵام جیاوازیەکە لەوێ لەوەدایە کە مامۆستاکە بە خۆی لە ژیانی رۆتین و گەندەڵ و پڕململانێی زانکۆ بێزار دەبێت و وەك یاخی بوونیك بەگەڵ قەرەجان دەکەوێت .

بەڵام ئەم دوو نموونەیەی ڕۆژهەڵات، کۆمەڵگە و بەها گەندەڵەکانی ئەوانی فڕێ داوەتە دەرەوەی کایەی زانکۆ . جگە لەو دوو نموونانە لە هەرلایەنێکەوە تەماشای کۆمەڵگەی بکەیت ، سەدەها نموونەی تر هەن و لێرەدا جێگایان نابێتەوە . کەواتە لە ڕۆژهەڵاتدا کۆمەڵگەی مێگەل هەوڵێ لەناوبردنی تاکی هەڵکەوتووو جوان و بەتوانا دەدات . ئەگەر نا دەیخاتە ناو دەیەها تەون و رایەڵی ساختەوە تا یان دەستەمۆی بکات یان ئەگەر دەستەمۆ نەبوو یان نەکرا، ئەوا بەدناو و ناشیرینی بکات و لەبەرچاوی کۆمەڵگەی بخات . بە هەردووسەریش هەر تاکە کە دۆراوەو هەر کۆمەڵگەشە براوە. بەڵام چ جۆرە بردنەوەیەك!



بردنەوەیەکی دوارۆژ دۆڕاو! چونکە کۆمەڵگەیەك وا لە تاکە هەڵکەوتووەکانی بکات بێگومان لە ناوەوەڕا هەڵدەوەشێتەوە . ئەوەی راستی بێت ، تاکە بەتواناکانن لەکۆتایی دا کۆمەڵگە لە داڕمان دەپارێزن نەك مێگەلی گەمژە و هەپۆل . لە ڕۆژهەڵاتدا چونکە مێگەل هەمیشە لە تاکە بێ توانا و بێ مێشکەکان پێکهاتووە ، هەمیشە بە دوای دەسەڵاتدا وێڵە . بەڵام دەسەڵاتیش بەبێ تاکی بەتوانا تاسەر لە سەر کورسی نامێنێتەوە ، چونکە دژواری ژیان و ناکۆکی پەرژەوەندیە تەسکەکانی تاکە بێتواناکانی مێگەل مەترسیەکی خۆ لێ نەپارێزراوە .

رۆژئاوا بەلای کەمەوە (500) ساڵێك قوربانی دا تاوەکو توانی لەو کێشەیەی نێوان تاك و مێگەل رزگاری بێت . هەربۆیەش لەوێ هەموو کارو رەفتارێکی جوان و چاك و هەڵکەوتوو بە چاوی بەرز و رێزەوە لێی دەڕوانرێت و رێی بۆ خۆشدەکرێت بۆ بەردەوامی و بەرەوپێشچوون . هەرئەمەشە کلیلی نهێنییەکانی پێشکەوتنی رۆژئاوا لە بەرامبەر پاشکەوتەیی ڕۆژهەڵات و بیرە گەندەڵەکەی .

لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی دا، کامە مرۆڤی بێتوانا و فێڵبازو ساختەچییە بەرەو سەرەوەی کۆمەڵگە هەڵدەکشێنرێت و کامە مرۆڤی هەڵکەوتوو و بەتوانا و دڵسۆزە کەنارگیرو دوورەپەرێز و گومانبار دەکرێت . ئاشکراشە کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی دڵرەق بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدات مرۆڤە

هەڵکەوتوو و چاکەکان لە بازنەی خۆی بخاتە دەرەوە . لە لای ڕۆژهەڵاتیە دواکەوتووەکان ، ئەو جۆرە مرۆڤە توانادارانە مرۆڤی ترسناکن . لە ڕاستیشدا ئەوان وان (( بەڵی ترسناکن بۆ سەر بەهاو بیرە بۆگەن و گەندەڵەکانی مێگەلخوازانی ڕۆژهەڵات . ترسناکن چونکە ئەوانن پەیامی گۆڕانیان لە ناو بیرو کردارەکانیان هەڵگرتووە و ئەوانن هەوڵدەدەن کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی دواکەوتوو لەبن و بنۆتکەوە هەڵتەکێنین و لەجێی ئەودا کۆمەڵگەیەکی شارستانی پێشکەوتوو بنیات بنێنەوە کە هەر کەسەو بە پێی توانا و دڵسۆزی خۆی رەفتاری لەگەڵ بکرێت )) . ئەمەش تەنها ئەو کاتە مەیسەر دەبێت کە روانینی مێگەلخوازانە بگۆردرێت بە روانینی تاکخوازانە. ئەگینا ئەو جەنگان و ململانێ و لافاوی خوێنە هەر بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی تاکەکانی ناو مێگەل هەست بەوە دەکەن کە تاك و توانایەکانی تاك زۆر لە هەستی مێگەلخوازانە گرنگترن ، ئەوسا هەستدەکەن کە مێگەلیش لە تاك پێکهاتووە ، بەڵام تاکێکی بێ ئاگا . چونکە هەر کاتێك تاك لە ناو مێگەل هەستی بە تاکێتی خۆی کرد، ئەوسا مێگەل بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت .

کەواتە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو ، قۆناغێکی سەرەوەتری کۆمەڵگەی مێگەلییە ، چونکە وەکو گوتمان هەرکاتێك هەستی تاکخوازی لە ناو ئەندامانی مێگەل پەرەی سەند ، ئەوا تاکەکان هەست بەتواناکانی خۆیان دەکەن و پەرەیان پێ دەدەن . سەرەنجام قوناغی مێگەلی و روانینی مێگەلخوازانە بەرە بەرە



کاڵ دەبێتەوە و لە دوا قۆناغدا کۆمەڵگەی شارستانی جێگەی دەگرێتەوە .

**هەولێر: 2004/9/19**

# کوشتنی ئازادی لە ڕۆژهەڵاتدا

لە ڕۆژهەڵاتدا گەڕان بەدوای ئازادی وەکو ئەوە وایە بەدوای مەرگی خۆتدا بگەڕێیت؛ چونکە لەهەر هەنگاوێکدا سەدەها مین لە ژێر پێتدا دەتەقنەوە و لە هەر پەنایەکدا دەیان دوژمن خۆیان بۆ لە بۆسە داناوێت. ئەم دوژمنانەش هەر لە ئەندامی خێزان دەگرێتەوە تا دەگاتە دەرودراوسێ و کۆمەڵگە و دام و دەزگا حیزبی و حکومیی و بەرپرسە دەسەڵاتدارەکان. هەر یەکەیان بەشێوەیەك لە شێوەکان هەوڵی کوشتنی ئازادی تاك دەدەن و هەوڵ دەدەن ئەو تاکانەی خاوەن دەنگ و ڕەنگی خۆیانن بێننەوە ناو مێگەل. بەم کارەش هەردوو لا- ئازادی زەوتکەر و ئازادی لێ زەوتکراو- دەکەونە ناو بازنەی لەدەستدانی ئازادی . چونکە ئەو کەسەی ئازادی لە کەسێکی تر زەوت دەکات هەرگیز ناتوانێ بەخۆشی ئازاد بێت.

جان جاك ڕۆسۆی گەورە فەیلەسووفی فەرەنسی هەستی بەو کێشەیەو ئاریشەیەی ئازادی کردووە کە بەدرێژایی مێژوو ڕەنگی داوەتەوە. ئەو ئازادی بە بەخششێکی سروشتی داناوە کە هەموو مرۆڤێك هەر لەگەڵ لە دایك بوونیەوە پێی بەخشراوە، بەڵام دوای گەورە بوونی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە لێی زەوت دەکرێت. یەکەم دەسەڵاتیش کە ئازادی تاك داگیر دەکات خێزانە. خێزانێش بچوکترین یەکەی کۆمەڵە و باوك هێمای هەموو دەسەڵاتە ئایینی و کۆمەڵایەتی و



ئابووری و سیاسیەکانە. لە کۆمەڵگەی دواکەوتوودا باوك هەمان ڕۆڵی دیکتاتۆرێکی دڵڕەق دەگێڕێت و هەموو ئەندامی خێزان بە دایك و خوشك و برا و ڕۆڵەوە دەبێ بێ سێ و دوو گوێڕایەڵی بن. هەرکاتێکیش فرمان و ترس جێگای ڕێز و لێکترگەیشتن بگرێتەوە ئازادی تاك لە بەین دەچێت و کە ئازادی تاکیش لە بەین چوو ئەوسا خۆشەویستی دەکوژرێت. وانە بوایە هەرگیز(شێللی) شاعیری گەورەی ڕۆمانسی ئینگلیز نەیدەگووت:((خوشەویستی لەژێر باری کۆت و زنجیران دەژاکێ، چونکە نەژادی خۆشەویستی ئازادییە.))

کەواتە ئەو کەسانەی ئازاد نین هەرگیز ناتوانن یەکتریان خۆش بووێت چونکە خۆشەویستی و ئازادی دووتای تەرازوویەکن یەکتر پارسەنگ دەکەن. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا هیچ تاکێك ئازاد نییە، چونکە خێزان و کۆمەڵگە و دەوڵەت هیچ حیسابێك بۆ تاك ناکەن و گەلە و مێگەلیان لە تاك پێ پەسەندترە. بۆیە خۆشەویستی لە ڕۆژهەڵاتدا زوو بە زوو لەناو دەچێت و لە دوای خۆشیدا دەریایەك خەم و مەینەتی و گۆمێك خوێن بەجێ دەهێڵێت. نموونە لە بارەی خۆشەویستەیە بە موراد نەگەییووەکانی ڕۆژهەڵات هێندە زۆرن لە ژمارە نایەن. هەر لە کۆنەوە تا ئەمرۆ سەدان بەسەرهاتی وەکو ((مەم و زین))و ((لەیلا و مەجنون))و ((شیرین و فەرهاد))و ((محمد و سێوێ))و ((ئەصلی و کەرەم))و ((وەلی دێوانە و شەم))و ((خۆت و

یارەکەت)) دەبیستین و ڕۆژانەش خۆسووتاندن و کوشتنی دەیەها ئاشقەڕووتەی بە موراد نەگەییوو ئازارمان دەدەن.

یەکێك لەو دوژمنە هەرە ترسناکانەی ئازادی  کە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا هەستی پێدەکرێت پێشێلکردنی ئازادی و مافی ئافرەتە. پیاوی ڕۆژهەڵاتی هەموو جۆرە ئازادیەك بۆ خۆی بەڕەوا دەزانێت و پێی بکرێت وەکو زەمانی پێشوو چەندین ژن و کەنیزەك بۆخۆی دەکڕێت. بەڵام هەر ژنێك بەئاستەم نووزەیەکی عاشقانەی لێوە بێت، یان دارکاری دەکات یان لەناوی دەبات. ئەو ڕەشەکوژیەی کە بەم ساڵانەی دواییدا لەژێر پەردەی نامووسپەرستی لە ڕۆژهەڵاتدا زیندووکراوەتەوە  لە هیچ سەردەمێکدا نەبینراوە و ئەو کۆیلایەتیەی ئێستا ئافرەتی سەدەی بیست و یەکەمی ڕۆژهەڵاتی تێدا دەژیت بەدرێژایی مێژوو وێنەی نەبووە.

ئەمەش بۆیە وایە چونکە ڕوانینی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بۆ ژن ، ڕوانینێکی خاوەندارانەیە. مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بەچاوی کاڵا و شمەك لە ئافرەت دەڕوانێت نەك بەچاوی مرۆڤ. لەلای ئەو ئافرەت وەکو هەر کاڵایەکی ترە و دەتوانێت بەپارە بیکڕێت یان بەشمەك بیگۆڕێتەوە. هەر دەمێکیش پێویستی پێ ی نەما فڕێ ی دەدات و یەکێکی نوێ لەبازاڕی ڕۆژهەڵاتدا بۆ خۆی دەکڕێت. خۆ ئەگەر ئافرەتەکە داوای ماف و ئازادی لێ بکات ، ئەوا بێ سێ و دوو یان دەیکوژێت یان تۆمەتێکی وای بۆ ڕێك دەخات کە تا ماوە پێ ی بتلێتەوە، ئەگەر هیچیشی پێ نەکرا ئەوا دوای



زەوتکردنی هەموو مافەکانی بەرەڵای دەکات. ئەمەش ئەوپەڕی بێرێزی نواندنە بەرامبەر ئافرەت لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا.

بەڵام ئەگەر لەسەر ئاستی سیاسیەوە لە پەیوەندی نێوان ئازادی و خۆشەویستی  بڕوانین، دەبینین زۆر کەمن ئەو سەرکردانەی کە لەلایەن گەلەکانیانەوە خۆشەویستن، چونکە زۆربەی سەرکردەکان ئازادی زەوتکەرن نەوەك ئازادی بەخش و کەمتریشن نموونەی وەکو((غاندی))و((ماندێلا))کان. مان و نەمانی ئەو خۆشەویستیەی نێوان سەرکردە و گەل ئەو کاتە دەردەکەوێت کە ئەو سەرکردانە تەختی دەسەڵات دەگرنە دەست ، چونکە ئەوسا بەپراکتیك دەردەکەوێت کە ئەو سەرکردانە ئازادیخوازن یان ئازادی کوژ. ئەگینا زۆرن ئەو سەرکردانەی بوونە کاریزماو دوای وەرگرتنی دەسەڵات ئازادیان لە گەلانی خۆیان زەوت کردو بەمەش کاریزمایەتییەکەیان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو کاڵبوونەوە چوو. نموونەی وەکو ((ئەتاتورك))و((جمال عبدالناصر))و ((خمینی))زۆرن.

ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتدا بە هەزارەها شێوە وا لە تاك کراوە کە ئازادی خۆی لەدەست بدات و بیریشی لێی نەکاتەوە؛ هەر لە گرانی باری بژێویەوە بگرە تا دەگاتە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و داگیرکردن و دزینی سەروەت و سامانی گەلانی ڕۆژهەڵات لەلایەن سەرۆك و سەرکردە سیاسیەکانەوە. دەسەڵاتداران بۆ پێگەی رامیاری خۆیان چەندین کەتیبەو لیواو دام و دەزگای سەرکوتکەریان داناوە و لەژێر ناوی بەرژەوەندی نەتەوایەتیەوە

رۆژ بەرۆژ میللەت هەژارتر دەكەن و مافیان دەدزن و ئازادیەكانیشیان لێ زەوت دەكەن. هەروەها بۆ چەواشە كردن و چاوبەستن و دەمبەستنی خەڵك ، گەلەیەك لە نووسەرۆكە و رۆژنامەنووسۆكەی چەلاوخۆریان بۆخۆیان راگرتووە كە دوو وشەی بەسوود بۆ كۆمەڵگە نانووسن و دوو بیرۆكەی مێشك كەرەوە بۆ میللەت ناخەنە سەر كاغەز. هەمیشەش ئەوان هەموو ئازادیەك بۆ خۆیان بەڕەوا دەزانن و ئازادی بەخۆیان دەدەن هێرش بكەنە سەر پیرۆزیەكانی گەل و نەتەوە و میللەت. ئەگەر یەكێكیش سووكە رەخنەیەك لە دەسەڵاتداران و گەورە بەرپرسان بگرێت، بە هەموو دام و دەزگا بەكرێگیراوەكان بەردەبنە گیانی مرۆڤە ئازا و ئازادە رۆشنبیرەكان.

ئەوسا دەزگاكانی بەناو رۆشنبیری و راگەیاندن دەبنە ئامرازی تاریك بیركردنی كۆمەڵگا و دەزگاكانی راگەیاندنیش رۆڵی خۆیان ون دەكەن و دەبنە دەزگاكانی ناگەیاندن. بەم جۆرەش كەلتوورێكی درۆزن و پاشكەوتە بەرهەم دەهێنن و هەمیشە دەیانەوێت تاك و كۆمەڵگە یەك هەنگاویش بەرەوپێش نەچێت، چونكە پێشكەوتن و كرانەوەی كۆمەڵگا گۆڕان دروست دەكات و لەئەنجامی زۆربەی گۆڕانەكانیشدا سەدان دەسەڵاتدار و كورسی ژێراو ژوور دەبن.

لە وتارێكی ترمدا كە ناونیشانەكەی (كوشتنی هزر لە رۆژهەڵاتدا) بوو گوتوومە كە یەكێك لە ئاكارە هەرە زەق و دیارەكانی مرۆڤی رۆژهەڵاتی و كۆمەڵگەی رۆژهەڵات تۆقینە لە



رەخنە. ئەوەی شاراوەش نییە ئەوەیە كە پەیوەندیەكی یەگجار بەهێز لە نێوان رەخنە و ئازادی تاك هەیە. چونكە رەخنە بارۆمەتری هەبوون و نەبوونی ئازادییە. لەهەر كۆمەڵگەیەكدا رەخنە هەبوو واتا هێشتا پەنجەرەیەك بۆ ئازادی ماوەتەوە، بەڵام نەمانی رەخنە واتا كوشتنی ئازادی . مرۆڤی رۆژهەڵاتیش بۆیە لە رەخنە تۆقیووە چونكە عەقڵی رەخنەیی هەمیشە موژدەی گۆڕانی پێ یە و ئەوەی مرۆڤی رۆژهەڵاتیش بەگشتی لێ ی دەترسێت گۆڕانە. هەر بۆیەشە بە كوشتنی رەخنە جاڕی كوشتنی یەگجارەكی ئازادی دەدات.

خۆ ئەگەر لە گوتاری هەر سەركردەیەك یان فەرماندەیەكی رۆژهەڵاتی ورد ببینەوە دەبینین كە گوتارەكانیان تاك رەهەندن نەك فرە رەهەند. واتە سەركردە رۆژهەڵاتیەكان هەمیشە بە مۆنۆلۆگ قسە دەكەن و میللەتیش تەنها ئەركی ئەوەی پێسپێردراوە كە گوێ لەو قسە بۆشانەیان بگرێت. ئەو جۆرە گوتارانەش بۆیە كراون بە مۆنۆلۆگ چونكە سەركردەكانی رۆژهەڵات بایی تۆزقالێك رێز بۆ میللەتەكانیان دانانێن و هیچ حیسابێكیش بۆ بیروراكانیان ناكەن. لەپاڵ ئەوەشدا ئەو جۆرە وتارانە بەتاڵن لە لۆجیك و مەعریفە و تەنها چەند رستەیەكی نووسراوەن لەلایەن نووسیارە بەكرێگیراوەكانی دەربار بەمەبەستی لە خشتەبردنی میللەت و تاریككردنی بیری كۆمەڵگەو چاوترسێنكردنی گەل.

بەڵام بۆ ئەوەی قسە و گوتار ماناکانی خۆیان لەدەست نەدەن پێویستە گوتارەکان دایەلۆگی(گفتوگۆی) کراوە بن لەنێوان دەسەڵاتداران و میللەت. واتە بەقەد ئەوەی میللەت گوێ لە دەسەڵاتداران دەگرێت، پێویستە دەسەڵاتدار سێ بەرانبەر ئەوە گوێ لە میللەت و کێشە و گیروگرفتەکانیان بگرێت. ئەگینا قسەکانیان وەك ئەوە وایە بۆ بەرد بکرێن و هیچ کاریگەریان نابێت. هەربۆیەشە قسەی زۆربەی سەرکردەکانی رۆژهەڵات زۆر کەم دەچنە دڵی میللەتەوە و وشە بەڕادان دراوەکانی دەسەڵاتداران هەمیشە بەمردوویی لەدایك دەبن. بەپێچەوانەشەوە، قسەی رۆشنبیرانی ئازا و ئازاد هەمیشە زیندوون و پاش دەیانساڵی تریش بەها و گەرم وگوڕی خۆیان لەدەست نادەن.

بێگومان دیموکراسیەتی رۆژئاوا و ئازادیەکانی تاك هەر وا بە ئاسانی بە دەست نەهێنراون. هەزاران قوربانی لەپێناو ئەو چەمکە پیرۆزەی ئازادی و دیموکراسی دراوە و بە لای کەمەوە مرۆڤی رۆژئاوایی هەزار ساڵ شەڕی دەسەڵاتدارانیان کردووە تا بەم ئامانجە گەیشتوون، هەر لە دەسەڵاتی کلێساو خێزانەوە بگرە تا دەگاتە دەسەڵاتدارە سیاسیەکان. ((تۆماس مۆر)) و ((گالیلۆ))و ((مارتن لۆسەر))و ((جان دارك))و ((برۆنۆ))و (( ڤۆلتێر)) و ((رۆسۆ))و ((کرۆموێل))و دەیانی تریش شەری دەسەڵاتیان بە بیر و کردار و گوفتار کردووە. ئەو ئازادیەی ئەمڕۆ لە رۆژئاوا هەیە بەری ڕەنجی ئەو کەڵە پیاوانەیە کە



بەدرێژایی تەمەنیان قوربانیان پێشکەش بە میللەت کردووە و دەسەڵاتدارەکانیان شەرمەزار و ریسوا کردووە.

کەچی لە ڕۆژهەڵاتدا زۆر کەمن ئەوانەی شەڕی فیکریان کردووە بۆ فراوانکردنی بازنەکانی ئازادی تاك و کۆمەڵ، نموونەی وەك ((د.عەلی وەردی)) لەسەد ساڵ جارێك لە ڕۆژهەڵاتدا دووبارە دەبێتەوە کە فیکری شۆڤێنیستی ئازادی کوژانەی عەرەبی هەڵتەکاندووە. لە تورکیاش نموونەی ((د. ئیسماعیل بێشکچی)) گەشترین نمونەی بەرەنگاربوونەوەی فیکری ئازادی کوژانەی دەسەڵاتی تورکیایە. لە فارس دا نموونەی وەکو ((د.عەبدولکەریم سروش)) کە تەلبەندی فیکری دەسەڵاتخوازانەی پان ئێرانیزم دەشکێنێت بەرەو کەناری ئازادی دەکشێت دەگمەنە.

ئەوەی بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا هەستی پێدەکرێت ئەوەیە کە سەرکردەکانی ڕۆژهەڵات بەتەواوی لە مانای ئازادی راستەقینە نەگەیشتوون. چونکە ئەوان وادەزانن ئازادی واتە دەسەڵاتداری و چەوساندنەوەی خەڵکی بۆ بەرژەوەندی خودی- لەوە ناگەن کە ئازادی راستەقینە بریتیە لە بەشداری پێکردنی میللەت لە دەسەڵات و سامان؛ لەوە ناگەن کە ئازادی ئەوان پێویستە لەو شوێنەوە کۆتایی پێ بێت کە ئازادی میللەت بە گشتی لێیەوە دەست پێدەکات. هەروەها لەمەش ناگەن کە مەزنایەتی بە خۆشاردنەوە لە میللەت و خۆدزینەوە لە بەرپرسیاریەتی بەدەست نایەت، چونکە هیچ سەرکردەیەك بەبێ میللەت

پوولێکی قەڵپیش ناهێنێت. مەزنایەتی بەخشینی ئازادی و دەسەڵاتە بە میللەت؛ پاراستنی ئازادی تاکەکانە؛ دروستکردنی پڕۆژەی خزمەتگوزاریە؛ بچووك کردنەوەی بۆشایی نێوان چینەکانی کۆمەڵگەیە، تێرو پڕکردنی چینی هەژارانە، دابینکردنی خۆشگوزەرانییە بۆ سەرجەم توێژ و چینەکانی کۆمەڵگە، کەم کردنەوەی زیندانەکانە؛ لێکۆڵینەوەیە لە هۆکارەکانی لادانی کۆمەڵایەتی و تاوانکاری؛ گوێگرتنی بەردەوامە لە کێشە و گیروگرفتەکانی میللەت.

ئازادی بەهایەکی پیرۆزی نەبینراوە، بەڵام زۆر بەئاشکرایی هەستی پێکراوە . ئازادی بە ساختمانی بەرز و کۆشك و تەلاری جوان و ئۆتۆمبێلی گرانبەها و شەوی سووری ناو کێڵگەکان و جامی بادەی ناو بارەکان و جلی پۆشتەی لەدەرەوەهێنراو و دابینکردنی مۆبایل و ئینتەرنێت و بانگاشەکردنی بێ بنچینە بۆ بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و قسەی فشی ناو رۆژنامە و خۆبادانی سەر شاشەکان و بەکرێگرتنی چەند قەڵەمێکی درۆزن و دام و دەزگای فریوودەر دروست نابێت.

ئازادی بەهرەیەکی سروشتیە و دیموکراسیەت یارمەتی گەشەکردنی دەدات و دەسەڵات لەناوی دەبات.

ئەو دەسەڵاتەش کە نان و ئازادی و ئاسوودەیی بەمیللەت دەبەخشێت، دەسەڵاتێکە کۆمەڵگە بەرەو پێش دەبات و میللەتیش خۆشی دەوێت و تا ئەوپەڕەکەی پارێزگاری لێدەکات؛ بەپێچەوانەشەوە ئەو دەسەڵاتەی کە ئازادی دەکوژێت پێش



وەخت مەرگی خۆی رادەگەیەنێت، چونکە کوشتنی ئازادی کۆمەڵگەی ستەم و داخراوی لێ دەکەوێتەوە. سەرەنجام تاکەکانی کۆمەڵ دەسەڵات بە دوژمنی سەرسەختی خۆیان دەزانن و هەموو رێگایەك دەگرنە بەر بۆ لەناوبردنی ئەو دەسەڵاتە و بەدەست هێنانەوەی ئازادی لێ زەوتکراویان.

**هەولێر 2007/3/18**

# کوشتنی هونەر لەڕۆژهەڵاتدا

زۆر لەمێژە لە ڕۆژهەڵاتدا بە گشتی و لە کوردستان دا بەتایبەتی هونەر و هونەرمەند بەچاوێکی بەرزەوە تەماشا نەکراون و وەکو پێویست ڕێزیان لێ نەگیراوە و زۆربەی جاریش سووکایەتیان پێ کراوە. لێرەدا کە باسی هونەر دەکەین بە گشتی مەبەستمان هونەری شیعر و مۆسیقا و نیگارکێشی بووە کە لە کۆنەوە لە ناو کورددا هەبوون. هەشتا ساڵێك لەمەوبەر لە کوردەواری بە گۆرانیبێژ و شاعیرانیان دەگووت: چاوەش و لۆتی! و هونەری پەیکەرتاشی و نیگارکێشانیشیان بە کارێکی حەرام لە قەڵەم دەدا.

ئەم کێشەیەش هەر لەخۆوە پەیدا نەبووە و ڕەگی گەلێ قووڵی لەناو کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکان و کۆمەڵگەی کوردیش هەیە. هۆکارەکەشی لەبنچینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستیەی کە هونەری ئازاد و ڕاستەقینە کە ڕەنگدانەوەی هەست و نەستی مرۆڤە بە گشتی و بە تایبەتیش هونەری شیعر و مۆسیقا و نیگارکێشی لە روانگەی ئاینی ئیسلامیەوە بە خراپ باسکراوە و تەنانەت ڕێشی پێ نەدراوە! میللەتی کوردیش بە حوکمی ئەوەی زۆرینەی بۆتە موسڵمان، بە هەمان پێودانگی ڕۆژهەڵات بەبێ ڕێزی لەهونەر و هونەرمەندانیان روانیووە. هەرئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتداران تا پێیان کرابێت هونەر و هونەرمەندانیان پەراوێز کردووە و زۆرجارانیش ئەگەر



هەستیان بەمەترسی هونەر و ڕۆشنبیری ڕاستەقینە کردبێت لە کونی زیندان قایمیان کردوون. دەسەڵاتدارانیش لە خۆڕایی نەبووە وایان کردووە یان وادەکەن. چونکە دەسەڵاتدار هەمیشە لە ڕۆژهەڵاتدا هەوڵی ئەوەی داوە خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێت، هونەر و ڕۆشنبیری ڕاستەقینەش ئەو پەنجەرەیە بووە کە کزەبایەکی ئازادی لێ یەوە هەڵیکردووە. بۆیە ئەو دووە هەمیشە لە ململانێ یەکی بەردەوام دابوون و دەبن. دەسەڵاتداران هەمیشە کەیفیان بە زڕهونەر و زڕهونەرمەندان هاتووە و خەڵاتیان کردوون و ڕێزیان لێناون ، بەڵام هونەرمەندی ڕاستەقینە هەمیشە بەشی کڵۆڵی و مەینەتی و دەردەسەری بووە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەردەمی ئەحمەدی خانی (1650-1707) کە هونەری گەلانی ڕۆژئاوا لەوپەڕی بوژانەوە و لە ترۆپکی بەرزی دابوون، شاعیری بەرزی کوردپەروەر (خانی) زۆر بە حەسرەتەوە باس لەوە دەکات کە هونەر و هونەرمەند زۆر بێ ڕێزانە مامەڵیان لەگەڵدا کراوە. بابزانین ئەو بلیمەتە چی لەبارەی کوردە فەرمانڕەواکانی سەردەمی خۆی تۆمارکردووە و چونکە ئەوان گوێڕایەڵ و ژێرچەپۆك و نۆکەری دوژمنانی کورد بوون، بۆیە ئەوان هونەر و هونەرمەندانی کوردیان بێ ڕێز کردووە و هیچ بایەخیان پێ نەداون.

ئەمما ژ ئەزەل خودێ وە ساکر

ئەڤ رۆم و عەجەم لەسەر مە راكر
تەبەعیبەتی وان ئەگەر چی عارە
ئەو عارە ل خەلقێ نامدارە
ناموسە ل حاكم و ئەمیران
تاوان چی یە شاعیر و فەقیران؟[1]

کەواتە بەم پێودانگە بێت دەسەڵاتدارە گەورەکان هۆی سەرەکی ئەو ملکەچی و زەلیلیە بوون بەرامبەر بە بێگانەکان و فەرمانڕەوا خۆماڵیە بندەستەکانیش هیچیان بۆ هونەر و رۆشنبیری پێ نەکراوە لەو سەردەمەی (خانی) تێدا ژیاوە. لە هەمووش سەیرتر ئەوەیە ئەو دەسەڵاتدارە گەورانە ئەوەیان بۆخۆیان بەسەربەرزی تۆمار کردووە، بەڵام تاوانی ژێردەستە بوون و ملکەچییەکەیان لە ئەستۆی شاعیر و فەقیرەکانەوە ئاڵاندووە!!
هەرلەدوای ئەوە (خانی) دیسان گلەیی لەوە دەکات کە گەورە و سەردارانی کوردی سەردەمی خۆی و پێش خۆیشی خۆیان لە هونەر و هونەرمەندان نەکردۆتە خاوەن و هونەری کوردیان پێ پەسەند نەبووە و پشتگیریان لێ نەکردوون، دەنا هونەر و هونەرمەندانی کورد دەگەیشتن بە ترۆپکە!

[1] ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ئامادە کردن و پەراوێزنووسینی : هەژار (پاریس ئینستیتیوتی کوردی پاریس،1989) ل20



گەردێ هەبویا مە ژی خودانەك
عالی کەرەمەك لەتیفە دانەك
عیلم و هونەر و کەمال و ئیرفان
شیعر و غەزەل و کیتاب و دیوان
ئەڤ جینس ببا ل باوی مەعمول
ئەڤ نەقد ببا ل نك وی مەقبول
چبکم!!کو قەوی کەسادە بازار!!
ببینن ژ قوماشێ را خەریدار!![2]

کەواتە لەم قسانەی (خانی) مەزندا دەرکەوێت تاوانباری یەکەم لە دواکەوتنی باری رۆشنبیری و هونەری کوردان سەردارو ئەمیرە کوردەکان بوون کە بازاڕی کاڵای کوردیان تووشی نابووتی و کەسادی کردووە! لەبەرامبەر ئەوەشدا بە خۆیان چونەتە ژێر دەستی دوژمن و ملکەچ و ژێرچەپۆکی دوژمنان بووین و دژ بەمەش رۆشنبیری و هونەری بێگانانیان بە شتی مەزن زانیووە و هی کوردیش بە هیچ. ئەمەش گرێی خۆبەکەمزانینی کورد بووە بەرامبەر بە هەموو شتێکی بێگانە کە بەدرێژایی مێژوو کورد بەگرانی باجەکەی داوەتەوە و تا رۆژی ئیمڕۆش ئەو باجە قورسە هەر دەداتەوە .

[2] هەمان سەرچاوە. ل 25

سێ سەد ساڵ دوای ئەو شیعرەی (خانی) کە لە (دیوانی مەم و زین)دا نووسیبووی لە بارەی سەرشۆڕی سەردار و ئەمیرانی کورد و رەفتاری خیانەتکارانەیان بەرامبەر بە هونەر و هونەرمەندان، (گۆران)ی شاعیر (1904-1962)لە شیعری (دەروێش عەبدوڵڵا)دا داد و بێدادیەتی لە دەست هەمان دیاردەی بەکەمزانینی بەرهەمی خۆماڵی و بە مەزن زانینی بەرهەمی بێگانان . بەڵام ئەمجارە نەک تەنها سەردار و سەرکردەکان خیانەتکارن بەرامبەر بە هونەر و هونەرمەندانی کورد، بەڵکو خەڵکەکە بە گشتی هونەری بێگانەیان پێ چاکتر بووە لە هونەری خۆماڵی . ئەمەش ئەوپەڕی لەخۆنامۆبوونی میللەتی کورد پیشان دەدات. بۆیە(گوران)ی مەزن هاواری لێ هەڵدەستێت لە دەست ئەم نەزانیەی نەتەوە ناهۆشیار و دواکەوتووەکەی دەڵێت:

بەڵێ دیارە، لە ناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار
وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا،
بەڵام تەختی رووفاه و تاجی حورمەت میللەتی هۆشیار
بە ئوستادێ ئەدا وەک تۆ لەناو شمشاڵی کون کوندا
..........................................................
ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا و خرۆشی رۆحی بێگانە



میزاجی کوردەواریم تێکچووە، دەروێش عەبدوڵڵا.[3]

وەك دەردەکەوێت (گۆران) بەراوردێك دەکات لە نێوان میللەتی هۆشیار و میللەتی ناهۆشیار و نەزان کە میللەتەکەی خۆیەتی. لەسەرەنجامی ئەو بەراوردەدا دەردەکەوێت کەمیللەتی هۆشیار خێر و خۆشی بۆ هونەرمەندان دابین دەکات و رێزی بێ پایانیان لێ دەگرێت، بەڵام میللەتانی نەزان بە گشتی هونەر لەلایان بێ بایەخ و بێ رێزە، بۆیە سەدای کارە هونەریەکانی هونەرمەندە رەسەنەکان وەکو شەوقی مانگە لە ناو گۆمێکی لیخن دا. ئەو گۆمە لیخنەش هزر و بیری میللەتە دواکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتیەکانە کە کوردیش یەکێکە لەوان.

نزیکەی پەنجا ساڵێك دوای (گۆران)، شاعیری هەستناسکی کورد ، هێمن موکریانی (1921-1986) لە شیعری (بابردەڵە)دا هەمان هاوار و سووتان و شیوەنی هونەری دەکات کە دەبینێت هونەر و هونەرمەند نەك رێزیان لێ ناگیرێت، بەڵکو خەم و مەینەت و تاڵی و رەنجەڕۆیی و دەردەسەری و دەربەدەری دەبێ بەشی هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات بێت. دەیان هونەرمەند و نووسەر و رۆشەنبیری مەزن لە رۆژهەڵات دا بەدەست سەردار و سەرۆکە نەزان و هونەرکوژەکانەوە دەناڵێنن و ژیانێکی مەرگ ئاسا بە سەر دەبەن. ئەوەتا نمونەی (نەجیب محفوز) کە چۆن

[3] گۆران،دیوانی گۆران ( بەرگی یەکەم) کۆکردنەوەی محەمەد مەلا کەریم (بەغدا:چاپخانەی کۆری زانیاری عیراق،1980) ل 119

**هەوڵی تیرۆرکردنی درا و ( سەید دەروێش) چۆن بووە شەهیدی پەیڤ و ئاواز، نموونەی (حسن قزڵجی) و (سەمەدی بەهرەنگی) کە چۆن لە زیندانەکانی ساواك بزر کران، ئەوەتا (نازم حیکمەت) و ساڵانی دوورودرێژی زیندانی کرانی ، ئەمە (یەلماز گۆنای) و دەردەسەریەکانی بەدەست تورکە کەمالیستە هونەرکوژەکانەوە، ئەوە ( قادر کابان) و (محرم محمدامین) و هتد کە بە چ دەردەسەریەك لەناوبران؟!**

**هاواری (هێمن) بۆ خۆی و بۆ هەموو هونەرمەندان و شاعیران و روناکبیران و رۆشنبیرانە، چونکە لە تاڵی و مەینەتی ژیان تارادەی لە لووت هاتنەوە ناخۆشی چەشت. با پێکەوە لەو کۆپلەی شیعری (هێمن) بڕوانین:**

**بزانە تۆ ئەوی ئەهلی هونەر بێ**
**دەبێ یا دەسبەسەر یا دەربەدەر بێ**
**هونەرمەند و ژیانی خۆش محاڵە**
**هونەرمەند رەنجەرۆیە ، ژینی تاڵە !**[4]

**کەواتە هەر لە ساڵی1605 و پێشتریشەوە تا رۆژی ئەمرۆ هونەرمەندە راستەقینەکان کە ژیانی خۆیان بۆ هونەر تەرخانکردووە هەمیشە بە کولەمەرگی ژیاون و دەمرن، چونکە**

---

[4] هێمن موکریانی،بارگەی یاران (بەرگی یەکەم) بەسەرپەرشتی:بەدران ئەحمەد و عوسمان دەشتی (هەولێر:چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2003)ل106



**هونەرمەندی راستەقینە سەربەرزەو سواڵکەری دەرگای هیچ کاربەدەست و بەرپرسێك نی یە، هەربۆیەش ژیانی ناخۆشی هەڵدەبژێرێت تا لە پاڵ گەل و نەتەوەکەی بە تایبەتی چینی ژێرەوەی کۆمەڵگە بژیت و بمرێت و بەمەش نەمری بۆ خۆی و هونەرەکەی تۆمار دەکات و تا دونیاش ماوە دەبێتە ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی هونەر و رۆشنبیری دا. بەڵام سەرکردەو سەردارەکان زڕهونەرمەند و زڕەرۆشنبیرەکانیان لەلا خوشەویستە و ئەوان لەخۆیان نزیك دەکەنەوە و دەیانکەن بە راوێژکار و دەمڕاست و پسپۆڕی خۆیان و بە بۆنە و بێ بۆنە خەڵاتیان دەکەن چونکە بەباڵای پیس و کرداری بۆگەنی ئەوانیان هەڵگوتووە. ئەو دەسەڵاتدار و سەرکردە نەزانانە هەمیشە بە چاوی دوژمن تەماشای هونەرمەند و رۆشنبیری راستەقینەیان کردووە و ئازاری جەستەیی و رۆحیان داون چونکە هونەرمەندی راستەقینە هەرگیز ئامادە نی یە بۆ چنگێ پارە یان لەتەنانێك درۆ لەگەڵ میللەتی خۆی بکات و کراسی گڵاوی سەرکردە بۆگەنەکان لەبەر بکات و کڵاوی خیانەتکارانەیان لەسەر بنێت. لەپای ئەوەش چ زوو چ درەنگ میللەت ئەوان دەکەنە تاجی سەری خۆیان. سەرەنجام هونەرمەندانی رەسەن و راستەقینە دەبنە دەنگی میللەت و وێژدانی زیندووی مرۆڤایەتی کە بەبێ دەنگی ئەوان ژیان بێ مانا و سروشت ناشیرین و دونیا دەبێتە دۆزەخ. بەپێچەوانەشەوە، زڕهونەرمەندەکان هێشتا لە ژیاندا ماون**

مـردوون و  دەسـەڵاتدارانیش بـا چـی دیکـە دڵیـان بـەوان خـۆش نـەبێت چـونکە هونـەری راسـتەقینە هەمیـشە هونـەری مرۆڤـی یاخی و سەرکێشە و هەرگیز سەر بۆ زۆرداران شـۆڕ ناکـات، بگـرە مۆرکی خیانـەت و خۆفرۆشـی و نـەزانی دەداتـە پـاڵ فـەرمانڕەوا بێ چاوو بێ گوێ و بێ مێشکەکان.

هەولێر 2007/2/18

# کوشتنی کات لە ڕۆژهەڵاتدا

کات بەهادارترین شتە لە ژیانی سەرجەم بوونەوەرەکانی ئەم سەرزەمینە پان و پۆڕە و ئەو گەردوونە بەرفراوانەدا. چونکە ژیانی هەرچی بوونەوەر و هەبووی ئەم گەردوونە هەیە پابەندی یاسای ئەزەلی کاتە و هەر چرکەساتەکانی کاتیشە مان و نەمانیان دیاری دەکات. جا بوونی هۆشمەندی و هۆشیاریەکی بەرز وا لە هەندێك مرۆڤ دەکات کە بەهایەکی بەرز بۆ چرکە و ساتەکانی کاتدا دابنێت و بە نەبوونی ئەو هۆشمەندیەش کات لە بەها و نرخ دەکەوێت.

بە بەراورد لەگەڵ مرۆڤی ڕۆژئاوایی دەبینین کە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ئاستی هۆشیاری تاڕادەیەك نزمە هیچ نرخ و بەهایەك بۆ کات دانانێت. ئەمەش زۆر بە ئاشکرا لە هەموو دیاردەکانی ڕۆژهەڵاتدا ڕەنگی داوەتەوە. هەر بۆیەش ژیان لای مرۆڤە ڕۆژهەڵاتیەکان هیچ مانای نییە و بەلای زۆربەشیانەوە ئەم ژیانە لە گەشتێکی کورت بەرەو مردن پتر نی یە .

بەم پێیەش مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی هەر لەسەرەتای ژیانیەوە تا وەختی گیانەڵا و دوا هەناسەی تەنها و تەنها لە خۆ ئامادەکردندایە بۆ ژیانی دوا مەرگ. هەربۆیەش سوود لە ژیانی سەر زەمینی وەرناگرێت و کاتەکانیش بەبێ ماناترین شێوە بەسەر دەبات. زۆربەی مرۆڤە ڕۆژهەڵاتیەکان کاتی خۆیان لەکونی چایخانە و پەنا دیواری مزگەوتەکان و بەردەرگای



ماڵەکانیان بەسەر دەبەن چونکە کاتیان ئەوەندە لێ زیادە ئەگەر بەم شێوەیە نەیکوژن نازانن چی لێ بکەن.

بەپێچەوانەوەی ئەم تێڕوانینانە مرۆڤی ڕۆژئاوایی ساتەکانی ژیانی ئەوەندە لەلا بەنرخە کە ئامادە نییە بە هیچ شێوەیەك چرکەیەکیشی بەفیڕۆ بدات. هەر بۆیەش لەلای ئەو ژیانی ئەم سەر زەمینە شایەنی خۆ بۆ ماندووکردنە و ژیانی دوا مەرگ یان هیچ پانتاییەکی لە مێشکی ئەو داگیر نەکردووە یان ئەگەر داگیریشی کردبێت پانتاییەکی زۆر کەمە بەبەراورد لەگەڵ پانتایی ژیانی سەر ئەو زەمینە. بۆیە مرۆڤی ڕۆژئاوایی هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە کە ژیانی ئێستای سەرزەمینی چاکتر و خۆشتر بکات. ئاشکراشە کە لەلای ئەو "کات هێزە و هێزیش پارەیە." کەواتە بەم پێییە بێت دەتوانین بڵێین مرۆڤی ڕۆژئاوایی لەکاتی ئێستادا دەژیت و پلانیش بۆ دوارۆژێك لەسەر ئەو زەمینە بۆخۆی دادەنێت و لە گومان بەدەریشە کە ئەم تێڕوانینەی ئەو لە هۆشیاری و هەستێکی بەرزیەوە بەرامبەر بەکات پەیدا بووە . جا هەرکاتێ مرۆڤ خاوەن هۆشیاری و هەستێکی بەهێزبوو هەستکردنی ئەو بەکات و بایەخی کات لە هەڵکشاندندا دەبێت . بەپێچەوانەشەوە هەرکاتێك ئەو هەست و هۆشیارییەی نزم بوو، ئەوا نرخ و بایەخی کات لە داکشاندا دەبێت. ئەم هاوکێشەیەش لەلایەن گەلێك فەیلەسوفی ئایدیالیستیەوە بەجوانی دەربڕدراوە: لەوانە (بێرکلی) و (هیوم) و (ماخ) و (کانت) و (هیگل). هەر هەموو ئەو

فەیلەسووفە ئایدیالیستانە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە کات و شوێن بەندن بە هۆشیاری تاکەوە.

بەڵام ماتیریالیزمی دیالیکێکی بەپێچەوانەوە لەو مەسەلەیەی کات و شوێن دەڕوانێت و پێ ی وایە کە کات و شوێن بوونی سەربەخۆییان هەیە و هەردووکیان بەشێوەیەکی کاریگەر کار لە هۆشیاری تاك دەکەن. لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە چ ئایدیالیستانە و چ ماتیریالیانە لە کات بڕوانین ، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندیەکی بەتێن و زیندوو لە نێوان کات و هۆشیارییدا هەیە و تاکی هۆشیار هەمیشە لە قووڵایی مێشکیەوە بەچاوی بایەخ و بەها لە کات دەڕوانێت.

بەڵام مرۆڤی رۆژهەڵاتی چونکە خاوەن هۆشیاریەکی لاواز و کزە هەر لەمنداڵیەوە بە تێڕوانینێکی میتافیزیکانەی ناپراکتیکی گۆشکراوە، کات و ژیانی ئەم سەر زەمینە لەلای ئەو بە "سقط المتاع" ناوبراوە کە ئەمەش بەواتای (پیسترین شت) دێت، سەرەنجام هەر بەو چاوە لەو ژیانە دەڕوانێت. بۆیە هەمیشە دەیەوێت لەم ژیانە رابکات و لە خۆئامادەکردنێکی بەردەوام دایە بۆ ژیانی دوای مەرگ کە لەوێدا رووباری هەنگوین و پەری ناسك و حۆری نازدار و باغی پڕ لە مێوە و بێ کاریەکی ئەبەدی چاوەڕێی دەکات. بەواتایەکی دی مرۆڤی رۆژهەڵاتی کات لەم سەر زەمینە لەناو دەبات و قوربانی پێدەدات لەپێناو کاتێکی بێ کۆتایی. لەمەش دا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مرۆڤی رۆژهەڵاتی لە دەرەوەی کاتدا ژیان بەسەر دەبات. هەر بۆیەشە



هەوڵی خۆشکردنی ژیانی ئەم سەرزەمینە نادات چونکە ژیانی ئێرە بە شتێکی ساتەوەختی و کەمخایەن دادەنێت.

ئەگەر بە وردی لەم پەندە کوردییەی کە دەڵێت(( ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار)) بڕوانین ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئاراستەی کات لە مێشکی مرۆڤی کورددا بە پێچەوانەی ئایندە و بەرەو پێشچوونە و مرۆڤی کورد هەمیشە تەماشای دواوەی خۆی دەکات نەك پێشەوە. بەم ئاوڕ لەدواوە دانەوەیەش مرۆڤی کورد ژیانی ئێستای خۆی لە دەست دەدات، چونکە لەکاتی ئێستادا ناژیت و ئاواتەخوازیشە ژیان بەرەودواوە بگەڕێنێتەوە .

دیاردەیەکی دی کە لە رۆژهەڵاتدا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە مرۆڤی رۆژهەڵاتی بەگشتی ئابووری بیرکردنەوە و ئابووری قسەکردنی نییە. لە ئەنجامی ئەوەشەوەیە کە ڕستە و قسەکانی مرۆڤی رۆژهەڵاتی دوور و درێژ و ئاڵۆز و مانا نادیارن. هەڵبەتە ئەوەش رەنگدانەوەی باری مێشکی مرۆڤی رۆژهەڵاتییە کە بەپێچەوانەی مرۆڤی رۆژئاواییە. خۆ ئەگەر رۆژهەڵاتیەك بیەوێت باسی بابەتێك بکات دەیان ڕستەی ئاڵۆز و بە پێچ و پەنا و تێك شێواو دەبێژێت بۆ ئەوەی نیازی خۆی دەربڕێت. نموونەی ئەم جۆرە قسانە زۆرن. بۆ نموونە ئەگەر بیەوێت هەواڵی شتێك لە کەسێك بپرسێت دەیان جار لێ ی دەپرسێت:" ئێ چۆنیت؟ دایکت چۆنە؟ باوکت چۆنە؟ خۆ شوکر هەمووتان باشن؟ براکانت چۆنن؟ ئەرێ ژنیان هێناوە؟ خوشکت چۆنە؟ ئەرێ شووی کردووە یان نا؟ مامت چۆنە؟ ئەرێ ئێستا ئەوان

لەکوێن و چی دەکەن؟ پێم ناڵێیت پوورت چۆنە؟ ئەرێ فلانە کەسی هاوسێتان چۆنە؟ چی دەکات؟ کوڕەکەی بوو بەچی؟ کچەکەی چی دەکات؟" و دەیەها پرسیار و قسەی لابەلایی تر کە لەو قسانەوە پەیدا دەبن. ئینجا دوای ئەو هەموو هەواڵپرسینە درێژدادڕەی کە هیچ پەیوەندیەکی بە مەبەستی راستەقینەی قسەکەرەوە نیە، ئەوسا دێتە سەر مەبەستی راستەقینەی خۆی و دەڵێت: " ئەرێ قسەیەکم هەبوو نازانم بیلێم یان نەیلێم؟ دیسان پاش پێچ و پەنا و درێژدادڕیەکی بێ مانا ئینجا قسەکەی بەنیوەچڵی دەکات یان نایکات و جاریش وایە هەموو مەسەلەکەی لەبیرچۆتەوە.

ئەم دیاردەیەی سەرەوە تەنها لەقسەکردنی مرۆڤی رۆژهەڵاتیدا نابینرێت بەڵکو لە سەرجەم نووسین و کردار و هەڵسوکەوتەکانیشیاندا رەنگی داوەتەوە. خۆ لە نووسیندا دەیان ڕستەی ئاڵۆزی پڕپێچ و پەنا و مانابزر رێچکەیان بەدوای یەکترەوە بەستووە کە ئەمەش بێ گومان رەنگدانەوەی مێشکی مرۆڤە رۆژهەڵاتیەکانە و هۆیەکەشی ئەوەیە کە نە بایەخ بۆ کاتی خۆیان و نە بایەخیش بۆ کاتی خوێنەران دادەنێن. باوەڕ بکەن نووسەری وا دەناسم کە چەندین بەرگ کتێبی لەسەر بابەتێك نووسیووە و پتر لە هەزار لاپەڕەی پڕ کردۆتەوە، هەر هەمان بابەت بخە بەردەستی مرۆڤێکی رۆژئاوایی زۆر جوانتر و چاکتر هەمان بابەتت لە سەد لاپەڕەیەکدا بۆ دەنووسێتەوە. ئەمەیە ئابووری بیرکردنەوە کە مرۆڤی رۆژهەڵاتی لێی بێ



بەشە، هەر ئەمەشە هۆی دواکەوتن و پاشڤەڕۆیی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی.

گەنجانی رۆژهەڵات بەگشتی کات بە شتی بێ سوود بەفیڕۆ دەدەن و زۆر کەمن ئەوانەی کاتەکانی خۆیان بۆ شتی سوودمەند تەرخان دەکەن و خاوەن بەرنامەیەکی باش بن بۆ ژیان. زۆربەیان کاتەکانیان بە فشقیات و قسەی بێ سوود و گەڕان و سووڕانی بێ مانا و کورك بوون لەسەر ئێنتەرنێت بۆ تەماشاکردنی شتی پووچ و نووکە و نووکەکاری و بەکارهێنانی مۆبایل بەجۆرێکی نارێك بەسەردەبەن. ئەگەر لێشیان بپرسیت کە ژیانیان چۆنە، ئەوا زۆربەیان بێزاری خۆیان لەو ژیانە دەردەبڕن. بە دڵنیاییەوە هۆی سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باش پەروەردەنەکردنی گەنجانی رۆژهەڵات چ لەناو خێزاندا و چ لە خوێندنگا و چ لەلایەن دەوڵەتەوە.

ئەگەر سەرنجێکی خێرا لە تێڕوانینی مرۆڤی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی دەربارەی تەمەن بگرین، شتێکی سەرسوڕهێنەرمان بۆ دەردەکەوێت . ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤی رۆژهەڵاتی هەر هێشتا گەنجن پیرانە بیر دەکەنەوە و پیرانە رەفتار دەکەن و زۆربەی کاتیش هەست بەپیری دەکەن و بەراستیش هەر زوو پیر دەبن لەبەر ئەوەی خۆیان حەز دەکەن زوو پیر ببن. چونکە پیرێتی لە رۆژهەڵاتدا بایەخ و گرنگی خۆی هەیە و پێویستە ئەوەشمان لەبیر نەچێتەوە کە پیربوون واتە نزیك بوونەوە لە مەرگ و ژیانی دوای مردن – ئەمەش واتە نزیك بوونەوە لەو

مردنەی کە وەك پێشتر گوتمان مرۆڤی رۆرژهەڵاتی هەر لە سەرەتای ژیانیەوە لە خۆئامادەکردندایە بۆ گەیشتن بەو ساتە. بەپێچەوانەوە، لە رۆژئاوادا پیرەکان هەردەم خۆیان بە گەنج پیشان دەدەن و هەوڵدەدەن گەنجانە بیر بکەنەوە و گەنجانەش رەفتار بکەن، هەربۆیەش بەگەنجی دەمێننەوە- لەوەش خۆشتر لە رۆژئاوادا ئەو پەندە لەسەر زاری زۆربەی پیرەکانە :" ژیان لە دوای پەنجا ساڵیەوە دەست پێدەکات." لە هەردوو حاڵەتیشدا راستیەك خۆی دووپات دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە کە تۆ چۆن تەماشای خۆت بکەیت مێشکت بەوجۆرە فرمانە جەستەیی و بایۆلۆژیەکانت بۆ رێك دەخات.

لە رۆژهەڵاتدا زۆربەی کات بە زۆربەی زمانەکان گوێمان لەو قسە و دەستەواژانە دەبێت: " پەلەی چیتە؟ ئەمڕۆ نا سبەی !" " دونیا کۆتایی نایەت!" " خۆ قیامەت هەڵنەگیراوە؟" و شتی لەم بابەتە. ئەم قسانە ئەوە بەدەستەوە دەدەن کە کات زۆر بێ نرخە. بەڵام مرۆڤی رۆژئاوایی هەمیشە لە پێشبڕکێدایە لەگەڵ کات و هەر لە سەدەی شانزەهەمەوە بەدواوە مەسەلەی لەدەستنەدانی کات و سوود و چێژ لە کات وەرگرتن بووە یەکێك لە بیرۆکە سەرەکیەکانی شیعری شاعیرانی ئەورووپی و ئینگلیزی. بیرۆکەی "Carpe Diem" ( واتە خۆشی لەمڕۆ وەرگرە و مەیەڵە رۆژگار بڕوات) لەوسا بەدواوە مێشکی زۆربەی شاعیران و نووسەرانی تەنیەوە.



دیاردەیەکی تر کە زۆر بەزەقی هەستی پێدەکرێت ئەوەیە کە مرۆڤی رۆژئاوایی لە بیرکردنەوە و قسەکردن و رۆیشتن و کارکردندا لە مرۆڤی رۆژهەڵاتی خێراترە. هەڵبەتە ئەمەش هەر لەخۆوە پەیدا نەبووە، چونکە مرۆڤی رۆژئاوایی هەموو چرکەیەکی ژیانی زۆر لەلا بەنرخە و دەیەوێت لە کەمترین کاتدا زۆرترین شت ئەنجام بدات، بۆیەش هەمیشە لەدڵی خۆیدا بەخۆی دەڵێت: " دونیا پڕ شتی سەیر و سەمەرەیە. رۆژێك دادێت بەیەگجاری بە جێی بهێلیت. جا هەرکە کاتت هەبوو دڵنیابە لەوەی کە پەی بەهەموو راز و پەنهانیەکانی ببەیت و چێژ لە هەموو خۆشیەکانی وەربگریت."

سەرەنجام دەگەینە ئەو راستییەی کە هەر سێ ئاراستەی کات ( رابردوو و ئێستا و ئاینده) بەردەوام لەناو مێشکی مرۆڤی رۆژئاواییدا بوونی هەیە. ئەو بۆ ئەوە بیر لە رابردوو دەکاتەوە تا ژیانی ئێستای خۆش بکات و بۆ ئەوەش بیر لە داهاتوو دەکاتەوە تا ژیانی نەوەکانی دوای خۆی خۆشتر بکات. بەڵام لە ناو مێشکی مرۆڤی رۆژهەڵاتیدا تەنها دوو ئاراستەی کات بوونی هەیە. رابردوویەك کە هی خۆی نی یە و هی باوباپیرانیەتی و ئەم رابردووەش هەمیشە بۆ ئەوە بەبیرە خۆی دێنێتەوە تاوەکو لە ژیانی ئێستای رابکات و بە هۆی ئەوەوە بازێکی خێرا بەسەر ئێستای خۆیدا هەڵبدات بەرەو ژیانی سەرمەدی ئەودیوو مەرگ. ژیانی ئەودیوو مەرگیش لەلای رۆژهەڵاتیەکان بەگشتی واتای

ژیـانێکی لـەکات بـەدەرە و ئـەم ژیانـەش ئەگـەر هـەبێت تـەنها بۆخۆیەتی و بەس نەك بۆ نەوەکانی دوارۆژ.

**هەولێر 2007/4/17**

# کوشتنی هزر لە ڕۆژهەڵاتدا

بەر لەوەی هیچ دەربارەی کەش و هەوای خنکاوی فیکر لە ڕۆژهەڵاتدا باس بکەین ، بە پێویستی دەزانم ئەو پرسیارەی خوارەوە لە خۆمان بکەین و وەڵامی ئەو پرسیارە لە چەند رووێکەوە بدەینەوە : بۆچی لە ڕۆژهەڵاتدا هزرو رۆحی داهێنان دەکوژرێت ؟

هەڵبەتە ئەو پرسیارە کورتە دەیەها ( ئایا ) و ( یاخود ) بە دوای خۆدا دەهێنێت : لەمانە:

یەکەم : ئایا لە بەر دەست تێخستنی دام و دەزگا ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی یەکانە لە پرۆسە و ناوەرۆکی زانیاری و رۆشنبیری دا ، یاخود :

دووەم : لە بەر ریگەنەدانە بە گەشەکردنی ئازادیەکان و لەمانەش ئازادی فیکر و رادەربڕین ، یاخود :

سێیەم : لەبەرئەوەیە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردەواریش بە تایبەتی عەقڵیەتی خێڵ بەڕێوەی دەبات ، یاخود :

چوارەم : لەبەرئەوەیە رەخنەگرتن لە دام و دەزگا ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە قەدەغەیە، یاخود :

پێنجەم : لەبەرئەوەیە کە مرۆڤی رۆژهەڵاتی هەمیشە رابردووی لەلا پیرۆزترە لە ئاینده، یاخود:



شەشەم: لەبەرئەوەیە هەموو بڕیارەکانی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لە سۆزەوە نەك لە فیکرەوە هەڵدەقولێن، یاخود:

حەوتەم: لەبەرئەوەیە تاك بەبێ مێگەل هیچ حیسابێکی بۆ ناکرێت و مرۆڤی رۆژهەڵاتی هەمیشە وەکو مێگەل هەست بە شتەکان دەکات و هیچ کاتێك ناتوانێت وەکو تاکێکی سەرفراز و ئازا بیر بکاتەوەو هەست و سۆزەکانی خۆی ئازادانە دەربڕێت، یاخود:

هەشتەم: لەبەرئەوەیە لە رۆژهەڵاتدا تەنها چەندایەتی گرنگە و چۆنایەتی هەر هیچ حیسابێکیشی بۆ ناکرێت، یاخود:

نۆیەم: لەبەرئەوەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی مرۆڤێکی خۆپەرستە و میراتی کەلتووری و مێژوویی شایەدی ئەو راستیەن .

بێ گومان هەریەك لەو نۆ لێکدانەوانەی سەرەوە بڕێکی زۆر راستیان تێدایە و دەکرێت هەریەکەیان بە تەنیا و هەر نۆشیان پێکەوە هۆی کوشتنی فیکرو داهێنان بن لە ڕۆژهەڵاتدا .

ئەگەر بە رەگ و ریشەی ئەو کێشەیە دا بچین کۆنترین دەقی بەجێماوی خۆرهەلاتی کە داستانی (گلگامش)ە چەند راستیەکمان لەبارەی ناخ و دەروونی مرۆڤی رۆژهەڵاتی و کوشتنی هزر لە رۆژهەڵاتدا بۆ ئاشکرا دەکات. خۆپەرستی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی هەر لە سەردەمی سۆمەریەکانەوەو لە داستانی (گلگامش) دا دەردەکەوێت. ئەو کاتەی گلگامش بە دوای گیای نەمری دا بۆ خۆی دەگەڕێت، نەك بەدوای بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵك و گۆڕینی ژیانی کۆمەڵگەکەی . کەچی

له داستانی ( بیووڵف) دا كه داستانێكی خۆرئاواییه، ( بیووڵف) ئامادەیه لەگەڵ ترسناكترین درندە بجەنگێت و رووبەڕووی مەرگ بێتەوەو له پێناوی میللەتەكەی خۆی خۆ دەكاتە قوربانی . كەواتە مرۆڤی رۆژهەڵاتی هەر لەسەرەتاوە خۆپەرست بووە و مرۆڤی رۆژئاوا خەڵك و كۆمەڵگەپەرست .

له سەرانسەری ڕۆژهەڵاتدا لەسەر پووچترین شت رۆژانە دەیان مرۆڤ كوشت و بڕ كراوە ، كەچی بەدرێژایی مێژووی كۆن له ڕۆژهەڵاتدا یەك نموونەی زەق و دیاری قوربانیدانمان هەیە لەسەر فیكر، ئەویش ( حەلاج) ه ، بەڵام قوربانیدانی ( حەلاج) یش له پێناو ئازادی فیكر و كردنەوەی ئاسۆی بیردانەبووە، بەقەد ئەوەی بۆ قاڵبوونەوەی خۆی بووە لەناو بۆتەی فیكری خۆپەرستیدا ، ( حەلاج) خودی خۆی هێندە پێ بەرز بووە تا گووتە بەناوبانگەكەی (( انا الحق ، انا ... )) سەری بە فەتارەتدا .

بەڵام له رۆژئاوادا نموونەی ( تۆماس مۆر ) و ( برۆنۆ) و (جان دارك) و هەزاران هەزار نموونەی تر هەن كه شەهیدی ئازادی فیكرن ، نەك وەكو (حەلاج) له پێناو خۆپەرستی سەریان داناوە. بۆیەش ئاسان نی یه كۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی له كۆت و پێوەندەكانی خودپەرستی رزگاری بێت ، هەر ئەمەش وای كردووە مرۆڤەكانی ببنە مرۆڤی سلبی نەك ئیجابی ...

یەكێك له ئاكارە هەرە زەق و دیارەكانی مرۆڤی رۆژهەڵاتی و كۆمەڵگەی رۆژهەڵات تۆقینە له رەخنە. هۆی ئەمەش



دەگەڕێتەوە بۆ بێ بڕوایی مرۆڤی رۆژهەڵاتی بەخۆی و ئەو بەها گەندەڵانەی بەپیرۆزیان دەزانێت چونكه ئەو مرۆڤە لەناخی دڵیەوە دەزانێت كه بەها و بیروباوەڕەكانی بۆش و ساختەن، بۆیە له هەموو شتێك زیاتر له رەخنە دەترسێت. هەڵبەتە عەقڵی رەخنەیی هەمیشە موژدەی گۆڕانی پێ یه و ئەوەی مرۆڤی رۆژهەڵاتیش بەگشتی لێ ی دەترسێت گۆڕانە. گۆڕانیش مانای روو وەرگێڕان له رابردوو و رووكردنە دوارۆژ. بەڵام مرۆڤی رۆژهەڵاتی هەمیشە لەناو رابردووی خۆی دا دەژیت و باشترین بەڵگەش بۆ قسەكانمان شانازی كردنی هەموو مرۆڤێكی رۆژهەڵاتی یه بە مێژووی رابردووی خۆی و خۆ هەڵكێشانیەتی بە باووباپیر و شتەكانی رابردوو. جا لەجیاتی ئەوەی مرۆڤی رۆژهەڵاتی هەوڵ بدات رابردوو له خەیاڵدانی خۆی رەش بكاتەوە، هەوڵدەدات ئێستای خۆیشی لەناو رابردووی باووباپیرانی بتوێنێتەوە. كەچی بەپێچەوانەی ئەمەوە، مرۆڤی رۆژئاوایی رابردوو بەبێ ئایندە بە پولێكی قەڵپ ناكڕێت. هەر ئەمەشە وادەكات مرۆڤی رۆژهەڵاتی بێ بیر و مرۆڤی رۆژئاوایی بیركەرەوە بێت.

له ڕۆژهەڵاتدا مەسەلەی قوربانیدان بە وزەی ژیان كه سێكس بەهێزترین وزەیەتی له دەقە پیرۆزەكانەوە زۆر بەخەستی رەنگی داوەتەوە. ئەوەتا لەرۆژهەڵاتدا پیاوان خەتەنە دەكرێن تەنها وەكو كورتكردنەوەی ئامرازی سێكسیان و ئافرەتان خەتەنە دەكرێن تەنها بۆ كوشتنی بیری سێكسیان. هەروەك

زانراویشە کپکردنی سێکس مێشك بەرەو داخراوی دەبات و بەپێچەوانەشەوە ئازادکردنی وزەی سێکسی مێشك بەرەو کرانەوە و زیندوویێتی دەبات. کەواتە قوربانیدان بە وزەی ژیان پێکهاتەی مێشکی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی دەردەخات و ئەوە دەسەلمێنێت کە مرۆڤ لە ڕۆژهەڵات بێ ئازادیترین گیانەوەرە. لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مرۆڤەکانی رۆژهەڵات هیچ ئومێدێکیان بە دونیای ئەم سەرزەمینە نیە بۆیە هەوڵی خۆشکردنی نادەن، بەڵکو هەمیشە لە هەوڵی خۆئامادەکردندان بۆ خۆشکردنی دونیای ئەودیوو. لەوەش خراپتر لەلای مرۆڤی رۆژهەڵاتی ئەم دونیایە لە کەچە پەڕۆك زیاتر نی یە بۆیە دەبێت وەکو شتێکی پیس و قێزەوەن تەماشا بکرێت.

ئاکارێکی دیکەی مرۆڤی رۆژهەڵاتی ئەوەیە کە مرۆڤیکی دیکتاتۆرە و هەرکە دەگاتە کورسی دەسەڵات هەموو ئازادیەکان بۆ خۆی زەوت دەکات. ئەمەش پڕکردنەوەیە بۆ ئەو هەستە مێگەلیە لاوازانەی پێشتر هەیبووە بەر لە گەیشتن بە دەسەڵات. کەواتە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی چ وەکو میگەڵ و چ وەکو سەرکردە ئازادی نی یە. بۆیەش ڕێگا بە ئازادی فیکر نادات . هەر بۆیەش کە پێشتر خۆی کوشتەی دەستی چەوساندنەوە بووە ئێستا دەبێتە هۆی چەوساندنەوەو زەوتکردنی ئازادی لە هاورێ و هاووڵاتیەکانی تر .

کوشتنی فیکر و توانای بیرکردنەوە دەرەنجامی ئەو رەوشە سایکۆلۆژیە کۆمەڵایەتیە کە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی گیری پێوە



خواردووە، ئەمەش هەڵبەتە رەگی مێژووی و کۆمەڵایەتی قووڵی هەیە . رەگە مێژووییەکان دەگەڕێنەوە بۆ پێش سەرهەڵدانی فیکری دینی ( کە لە کاتی قوربانیدان بە مرۆڤ و بە ئاژەڵ لە سرووتە جۆربەجۆرەکانەوە دەبینرێن). هەروەها بۆ هۆی کۆمەڵایەتیش دەگەڕێتەوە کە لەناو سیستەمی عەشایەری دا ئەوەی حیسابی بۆ نەکرێت تاك و خواستەکانیەتی. ئەم سیتەمە کۆمەڵایەتیە عەشیرەتگەریە بەجۆرێك دەستی ناوەتە بینەقاقای تاکەکان کە تەنانەت مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لەو سەدەی بیست و یەکەمەش نەیتوانیوە لە دەستی رزگار بیت .

هۆکارێکی دیکەی کوشتنی داهێنان و فیکر باڵادەستکردنی مرۆڤی بودەڵەو نەزانە لە سەر حیسابی مرۆڤی زانا و بیرمەند . ئەگەر سەرتاپای ڕۆژهەڵات بگەڕێین دەبینن کە هەمیشە مرۆڤە بیرمەندەکان لە پاشکۆی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتانەدا بووینە چونکە ئەو مرۆڤانە بە ترسناك بۆ سەر بەها گەندەڵەکانی ئەو کۆمەڵگایانە دراونەتە قەڵەم. تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمیش زۆربەی زۆری سەرکردەکانی رۆژهەڵات یان نیمچەخوێندەوار یان کۆلکە رۆشنبیر بوون. کەچی رۆشنبیر و خوێندەوارە هەڵکەوتووەکان، بەهرەمەندە بیرتیژەکان لە رۆژهەڵاتدا ژیانێکی کولەمەرگی ژیاون و بەدەردی (دەروێش عەبدوڵا) و (ئەحمەدی خانی) و (حاجی قادری کۆیی) و (بێکەس) و (محرم محمد امین) و (سەمەدی بەهرەنگی) و (حەسەنی قزڵجی) و ( عەبدولرەحمان زەبیحی)و (پیرەمێرد) و

(بدر شاكر السياب) و ( ابو القاسم الشابى) و (نازم حیكمەت) و هتد چوون.

لە خۆڕایی نەبوو و (زەردەشت) و (ئەفڵاتوون) یەك لەدوای یەك پێ یان لە سەر ئەوە داگرتووە کە "ئەم دونیایە هەرگیز خۆش نابێت تا ئەو کاتەی یان فەرمانڕەوایان دەبنە فەیلەسوف یان فەیلەسوفەکان دەبنە فەرمانڕەوا." کەواتە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی کۆمەڵگەوە فەرمانڕەوایەتی و دەسەڵات ( بە هەموو جۆرەکانیەوە ) یەکێك بووە لەو ئامرازانەی کە فیکری پێ کوژراوە و لەناوبراوە . ئەم کێشەیەی دەسەڵات و فیکر لە ڕۆژهەڵاتدا لە هەموو جێگایەك پتر رەنگی داوەتەوە و بەدرێژایی مێژوو ڕۆژانە کوشتن و زەبروزەنگ لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا هەر هەبووە. ئەمەش بۆیە وایە چونکە هیچ هەوڵێك نەدراوە بۆ پێکەوە گونجاندنی فیکر و دەسەلات، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە ڕۆژهەڵاتدا هەمیشە فیکر و دەسەلات وەکو دوو دوژمنی باوەکوشتە ڕاوی یەکتریان ناوە .

لە ڕۆژهەڵاتدا لەبەرئەوەی زۆرینەی هەرە زۆری مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بڕوای بە خورافات و میتافیزیك هەیە ، کە ئەمەش رێگا نادات ، مرۆڤ مێشکی خۆی بخاتە گەڕ ، بەڵکو قالبە چەقبەستووەکان و بیرە دۆگماکانی میتافیزیك لێکدانەوەی حازربەدەستیان بۆ ئەو مرۆڤە دروست کردووە کە ئەم حالەتە بە تێپەڕینی کات دەبێتە هۆی پووکانەوەی هزرو لە باربردنی تواناکانی مێشك. سەرەنجام لە ڕۆژهەڵاتدا لە هەموو جێ زیاتر



گەمژەیی فیکری بە سەر هەموو رووکارەکانی ژیاندا زاڵە . جا چونکە گەمژە و نەزانەکان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە ژمارە زۆرترن و بەدەسەڵات باڵادەستترکراون لە رێگای دەزگاکانی ئایین و خێل و حیزب، بۆیە ئەوان جێگا بە بیرمەند و داهێنەران چۆل دەکەن . ئەگەرنا بۆچی هەرچی بیرمەند و داهێنەر هەن لە ڕۆژهەڵاتدا دەرناکەون یان گەر دەریشکەوتن بە زوویی لەناودەبرێن یان شاربەدەر دەکرێن. ئینجا ئەوان بە ناچاری دەبێ یەکێك لەم سێ رێگایە هەڵبژێرن: یان مانەوە و مردن یان مانەوە و ملکەچ کردن یان رۆیشتن و سەرهەڵگرتن. ئەوانەی رێگای تاراوگە و هەندەران هەڵدەبژێرن، ئەگەرچی لە هەندەران دەرفەت بۆ تواناکانیان هەیە و لەوێدایە ئازادی راستەقینەی تاك هەیە، کەچی ئەوانیش بەگوێرەی کۆمەڵگەی خۆیان هەر مردوون چونکە ناتوانن هیچ گۆڕانکاریەك لە کۆمەڵگەی خۆیان بەرهەم بهێنن.

یەکێك لە گرفتە بەربادەکانی تری لە باربردنی هزرو توانای داهێنان دروستکردنی بڕوانامەی بۆش/ساختەیە . جا چ لە رێگای وڵاتانی دەرەوەوە کرابن و بە پارە کڕدرابن و چ لە ناوەوەی زانکۆکانی وڵات لە رێگای دەست تێخستنی حیزبەوە لە ناو دام و دەزگا ئەکادیمیە بەرزەکانی وەکو زانکۆ و پەیمانگاکانەوە بێت و چ لە رێگای بەخشینی زەمالە و ناردنە دەرەوەی ئەو بێتوانایانەی کە رۆڵەی حیزب نەك نەتەوەن . جا بەم جۆرە لەم چەند ساڵانەی دوایی دا بەزۆری ئەم دیاردەیە

سەری هەڵداو دام و دەزگاکان پڕکران لە مرۆڤی بێتوانای خاوەن بڕوانامەی بەرزی بۆش و/یان ساختە. بێگومان چونکە دەسەڵات و حیزب لە رۆژهەلاتدا بە دوای مرۆڤی گەمژەی (( بەلێ گۆ)) وە وێڵە ئەو بێتوانایانەش لە بەر بێتوانایی خۆیان ئامادەن هەموو جۆرە عەبدایەتی و سەرشۆڕیەك بکێشن تەنها بۆ مانەوەیان لە پلەوپایەی خۆیان و بەربەرەکانی کردنی توانا راستەقینەکان ، ئەوان دەبنە بەرهەمهێنەرەوەی مرۆڤی بێتواناتر لە خۆیان ، چونکە کاتێك ئەوان دەبینن بڕوانامەی خۆیان بۆش / ساختەیە ، حەز دەکەن هەموو کەس لە خۆیان بێتواناتر بێت. بۆیە بەهەر شێوەیەك بێت هەوڵدەدەن پاڵپشتی بێتواناکان بکەن لە سەرحیسابی بە تواناکان ( کە دوژمنی باوە کوشتەی ئەوانن ) و بەهەر شێوەیەك بێت هەوڵدەدەن ئەو بێتوانایانە بەرز بکەنەوە . ئەوەیە تراژیدیایی بیرو مەعریفە کە رۆژهەلات و دام و دەزگا ئەکادیمی و رۆشنبیرییەکان پێ یەوە دەناڵێنن . ئەمەش بێ گومان کەش و بایەکی وا تەنگ و خنکێنەر دروست دەکات کە هەرگیز هزر پێ نەگات و هەمیشە فیکر لە پەلەقاژەی مەرگدا بێت.

**هەولێر 2007/1/17**

# کوشتنی تاك لە رۆژهەڵاتدا

ئەوەی کە زۆرینەی رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتیەکان لە خەونی شەوانەشیاندا بیری لێ نەکەنەوە تاك و تاکایەتیە. رۆژهەڵات هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە بەلانەی مرۆڤانی مێگەلخواز ناسراوە. وانەبوایە هەرگیز مێژوو و لاپەڕە نازدارەکانی مێژوو بەپیاهەڵدان و ستایشکردنی پاشا و خەلیفە و سوڵتان و سەرکردەکان نەدەڕازێنرایەوە و میللەتی ڕەنجکێش و ستەمدیدەی رۆژهەڵاتیش وەکو کۆیلە بێگاری و بەندەواری پێنەدەکرا.

هەڵبەتە سیستەمی کۆمەڵایەتی رۆژهەڵات بناغەی لەسەر خیلایەتی و هۆزپەرستی هەڵناوە. بە پێی داب و نەریتی خێلایەتیش تاك هیچ بایەخ و بەهایەکی نی یە و سەرجەم تاکەکان لە ناو بۆتەی خێڵ دا لە قالب دەدرێن و فرمان لە سەرەك خێڵەوە وەردەگرن و هەر ئەوە کە بەرەو لای ڕاست یان چەپ ئاراستەیان دەکات و هەر ئەویشە کە لەجیاتی هەموو ئەندامانی خێڵەکەی بیردەکاتەوە و بڕیاردەدات. جا بۆیە هزر و مێشکی ئەندامانی خێڵ هەبن یان نەبن هیچ بایەخ و گرنگیەکی نی یە.

ئەم روانینە خێلانەیەی رۆژهەڵات بەناو هەموو بوارەکان و لایەنەکانی تری ژیان پەلی هاوێشتوە و ڕەگی بەناو ئایین و حزبەکانیش دا رووچووە. ئەمەش لە رۆژهەڵاتدا وادەکات کە



هەرسێ سیستەمی خێڵەکی و ئایینی و حیزبی بە توندی پێ لەسەر ئەوە دابگرن کە نابێت تاك بوونی سەربەخۆی هەبێت. تاکیش بۆ ئەوەی پارێزگاری مانەوەی جەستەیی خۆی بکات، پێویستە خۆی لە ناو بۆتەی کۆمەڵ دا بتوێنێتەوە و عەقڵی مێگەلی لەجیاتی عەقڵی تاکایەتی پەیرەو بکات، ئەگەرنا لەژیاندا نائومێد و رەنج بەخەسار دەبێت. کورد لەمێژە ئەو پەندە باوە بە گوێچکەی هەمووماندا دەچرپێنێت: ((مەڕ لە مێگەل دابڕێت، گورگ دەیخوات)). ئەمەش ئەوپەڕی چاوترساندنی تاك و باڵادەست کردنی هەستی مێگەلایەتی یە.

جا هەر ئەندامێکی خێزان، خیلّ، حیزب بیەوێت ببێتە خاوەن بیرکردنەوە و ڕوانین و بڕیاری خۆی ، ئەو ئەندامە لەسەرەتاوە لەلایەن سەرۆکی خێزان، خێڵ و حیزبەوە بەتوندترین شێوە دەمکووت و سەرکووت دەکرێتەوە. ئەو پەندە کوردیەش لە خۆڕایی نەگوتراوە : "کە چوویتە شاری کوێران ، دەست بەلاچاوتەوە بگرە." ئەمەش ئەو واتایە دەگەیەنێت کە جیاوازی و تاکایەتی بەهیچ جۆریك لەکەس قەبووڵ ناکرێت. خۆ ئەگەر ئەو ئەندامە بیرکەرەوەیە هەر لاساری کرد، ئەوا لە خێزان، خێڵ، یان حیزبدا دەردەکرێت. خۆ ئەگەر هێشتاش لەسەر تاکایەتی خۆی بەردەوام بوو، ئەوا بە هەموو ئەندامە بێ مێشکەکانی تر بەربەرەکانی دەکەن و ئازاری دەدەن و پاشان بە گورگان خواردی دەدەن.

گومانی تێدا نی یە ئەم جۆرە رەفتارەی سەرۆكی خێزان وخێڵ و حیزب هەموو جۆرە دەنگ و هەڵوێستێكی جیاواز دەكوژێت و ئەمەش وا دەكات زەنگی مەرگی داهێنان لێ بدرێت. سەرەنجام، لە كۆمەڵگەی سەركوتكەری مێگەلانەی رۆژهەڵاتدا سیستەمیكی داخراو دروست دەبێت و دەبێتە كۆسپ لەبەردەم پێشكەوتنی عەقڵ و كۆمەڵگەدا، چونكە بە پێی ڕوانینی رۆژهەڵاتیانە ژیان تەنها لەناو بازنەی خێڵ و خێزان و حیزبدا هەیە و مەرگ لەودیوی ئەو بازنەیەوە  خۆی لەو كەسانە دانووساندووە كە ئەو بازنانە دەشكێنن.

بەپێچەوانەی ئەمەوە، سیستەمی كۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و سیاسی ڕۆژئاوا بناغەی لەسەر تاك و تواناكانی تاك دامەزراندووە. هەرئەوەشە بۆتە هۆی ئەوەی كە ڕۆژئاوا لەڕووی شارستانیەتەوە بە هەزاران ساڵ بەپێش رۆژهەڵات بكەوێت. چونكە لەوێ تاك بە مێشكی خۆی بیر دەكاتەوە نەك بەمێشكی سەركردە و سەرۆك خێڵەكەی . بۆیەش لە هەموو شتێكدا پشت بەخۆی دەبەستێت نەك خەڵكی تر. سەرەنجام ، ئەمە وادەكات داهێنەر بێت و هەوڵی باشتركردنی بەرهەم و گوزەرانی خۆی بدات.

ڕۆژئاواییەكان هەر لەسەرەتاوە منداڵەكانیان وا پەروەردە دەكەن كە ڕوانینی تایبەت بەخۆیان هەبێت بۆ سەرجەم دیاردەو مەسەلەكانی ئەم گەردوونە.  لەلای ئەوان ئەو كەسەی وەكو خەڵكانی تر بیر دەكاتەوە ، یان لاسایی خەڵكانی تر



دەكاتەوە، ئەو كەسە مرۆڤێكی بێ مێشك و گەمژە و سەرنەكەوتووە. هەر ئەمەشە وای كردووە ئەوان لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیانەوە تەماشای ژیان بكەن و لە ئەزموونی تایبەتی خۆیان سوودمەندبن و داهێنەربن. بۆیە نابێت لای كەس سەیر بێت كە سەرجەم داهێنانە مەزنەكانی بواری زانست و تەكنەلۆژیا زادەی بیر و ڕوانینی تاكە لەمێگەل دابڕاوەكانی ئەوێن.

پێنج سەد ساڵ پترە كە رۆژئاوا  روانینی مێگەلخوازانەی توڕهەڵداوەو لەشوێنی ئەودا روانینی تاكپەروەری قیت كردۆتەوە. هەر ئەمەش وای كرد پێشكەوتن و داهێنان بەشی ئەوان بێت و دواكەوتن و لاسایی كردنەوەش بەشی رۆژهەڵات ، چونكە دەرچوون لە بازنەی بیرخنكێنی خێزان و خێڵ و حیزب یارمەتی تاكەكانی ئەوێ ی دا بە چاوی خۆیان لە مەسەلەكان ورد ببنەوە و لە ئەزموونی كەسی و تایبەتی خۆیانەوە شت فێرببن.

بەڵام ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتیەكان لە ژێر باری قورسی كەلەپوورو داب ونەریتی كۆنینەی سەدان ساڵەی خۆیاندا دەقنێنەوە. نەوەی ئیمڕۆ و هی دوێنێ و هی سەدان ساڵەی لەمەوبەریش هیچ  جیاوازی و گۆڕانێكی ئەوتۆ لە بونیادی فیكری و مەعریفیاندا نی یە. ئەوەی لە رۆژهەڵاتدا گۆڕاوە تەنها ڕواڵەتەكانە نەك جەوهەر و كرۆكی شتەكان . باشترین نموونەش ئەوەیە كە هەموو داب و نەریتەكانی دوێنێ و سەدان

سالەی ڕۆژهەڵاتیەکان تا ئیمڕۆش هەمان گوڕوتینی جارانیان ماوە بەبێ ئەوی تۆزقاڵیك شارستانیەتی هاوچەرخ توانیبێتی کاریان تێبکات .

خێڵگەری وئایینگەری و حیزبگەری لە رۆژهەڵاتدا گەورەترین ڕۆڵ لە پەرەپێدان و بەهێزکردنی هەستی مێگەلخوازی کۆمەلگەدا دەگێڕن. وەك لە پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، سیستەمی ئایینی سیستەمێکی داخراوە و ڕێگە بە هیچ جۆرە جیاوازیەك و دەرچوونێك نادات. ئەوەی لە بازنەکانی ئایین بێتە دەرەوە بەلادەر و گوناهبار و گومڕا دادەنرێت. بەهەمان شێوە، سیستەمی خێڵایەتی ڕۆژهەڵاتیەکان توندترین پەرژینی بەدەوری تاکەکانی خێڵدا کێشاوە و هەموویانی بەجۆرێکی وا لە ژێر یەك ڕوانین و یەك جۆرە بیرکردنەوەدا کۆکردۆتەوە کە تاك زاتی بەزاندنی سنوورە سوورەکانی خێڵ نەکات ئەگینا بەدناو و تڕۆ دەکرێت و کەس حیسابی پووشکەیەکیشی بۆ ناکات. هەروەها حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش حاڵیان زۆر لەحاڵی خێڵەکان باشتر نییە ، ئەگەرچی بازنەکانی حیزب لە بازنەکانی خێڵ گەورەترن، بەڵام لەژێر چەترەکانی ئەواندا لەجیاتی یەك خێڵ چەندین بنەماڵەو خێڵی جیاجیا هەواری خۆیان هەڵداوە بەبێ لەدەستدانی داب ونەریتی کۆنپارێزانەی خۆیان. هەرئەمەشە وایکردووە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەهیچ شێوەیەك نەتوانن پەروەردەیەکی نەتەوەیی ئەو خێڵانە بکەن و لەناو بۆتەی حیزبدا بیانتوێننەوە. بەڵکو



بەپێچەوانەی ئەمەوە، سەرۆك خێڵەکان بەخۆیان و خێڵەکانیانەوە بۆ مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی خێڵەکانی خۆیان نەك بەرژەوەندی میللەت خۆیان خزاندۆتە ناو حیزبەکانی رۆژهەڵات و لە جیاتی لەدەستدانی مۆرکی خێڵایەتیان لەناو حیزبەکاندا، مۆرکی خێڵەکی خۆیان بەسەر حیزب دابڕیووە. ئەم دیاردەیە لەناو حیزبەکانی رۆژهەڵاتدا هێندە زەق بۆتەوە تا وای لێهاتووە کە حیزبەکان بوونەتە پاشکۆی ئەو خێڵانە نەك خێڵەکان بووبنە پاشکۆی حیزب . ئەمەش وادەکات کە تاکەکان لەترسی ژیانی خۆیان و بۆ مانەوی جەستەیی خۆیان خۆ بە لقی خێڵەکانیانەوە هەڵبواسن کە ئەو خێڵانەش خۆیان بە لقە خێڵێکی دەسەڵاتدارتری ناو حیزبەکانەوە هەڵواسیووە.

لایەنێکی تر کە راستەوخۆ روانینی مێگەلخوازانەی رۆژهەڵاتیەکان دەردەخات بایەخدانیانە بە چەندایەتی لەجیاتی چۆنایەتی. بەپێچەوانەی ئەوان، رۆژئاواییەکان هەمیشە چۆنایەتیان لەسەرووی چەندایەتیەوە داناوە. هەر بۆیەشە ئەگەر سەیر بکەین خێزانی رۆژهەڵاتی لە (5) تا (25) کەس پێك دێت، بەڵام خێزانی رۆژئاوایی لە (3) تا (5) کەس پێك دێت. بێ گومان ، زۆر کارەساتی سروشتی و مرۆڤکرد وایکردووە کە رۆژهەڵاتیەکان لە پێناو مانەوەی خۆیاندا چەندایەتیان پێ لە چۆناتیەتی باشتر بێت. کەچی پێویستە رۆژهەڵاتیەکان هەمیشە ئەوەیان لەبیر بێت کە تاکێکی

بەسوود و داهێنەر سەدقات باشترە لە دەیان تاکی خراپ و بێ بەرهەم. چونکە بوونی دەیان کەسی بێ بەرهەم زیان بە سەرچاوە ئابووری و دارایی یەکانی خێزان و کۆمەڵگەو حیزب و دەوڵەت دەگەیەنێت نەك سوود.

بەڵام هەزار حەیف و مخابن، سەرجەم دامودەزگا کۆمەڵایەتی و ئایینی و حیزبیەکانی رۆژهەڵات بەردەوام لافی زۆری ژمارەی ئەندامە دواکەوتەکانیان لێدەدەن نەك لافی داهێنان و کارامەیی و بەرهەمداری ئەندامەکانیان. سەرەنجام، ئەو ئەندامە بێ بەرهەمە زیانبەخشە زۆروزەبەندانەی ناو دامودەزگاکانی رۆژهەڵات لەناوەوە هەناوی دامودەزگاکان دەکوڵن ، چونکە مێگەلی بێ هۆش و هزر وەکو مۆرانە بۆ پەرژەوەندی خۆیان هەرچی هەیە دەیخۆن و کاتێکیش هیچ نامێنێت بیخۆن دەکەونە دارماندنی ساپیتەی وڵاتەکەیان.

جا کە دیاردەکان لە رۆژهەڵاتدا بەم شێوەیە بن کە باسمان کرد، زۆر ئەستەمە لە داهاتوویەکی نزیکدا چاوەڕوانی پێشکەوتن و شارستانیەت بین. تەنها دوو رێگە لەبەردەم رۆژهەڵاتدا هەیە بۆ گۆڕان و پێشکەوتن. **یەکەمیان**: تواندنەوەی سەرجەم خێڵ و هۆزەکان لەناو بۆتەی حیزبدا و گۆشکردنیان بەبیری نەتەوەیی و مرۆڤایەتی. **دووەمیان**: بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و هۆشیاریەکی تاکخوازانە لەسەرجەم کایە و بوارەکانی ژیاندا. هەڵبەتە ئەمەش بە رەخساندنی ئازادی بیر و گوفتار و کردار



لە چوارچێوەی کەشوبایەکی دیموکراسی راستەقینەدا بەرەوپێش دەچێت.

بەڵام هێشتنەوەی بیر و گوفتار و کرداری مێگەلخوازانە هەمیشە توندوتیژی و دەمارگرژی و ستەمکاری بەدوای خۆیدا دێنێت. جا بەبێ دابینکردنی ئەم جۆرە هۆشیاری و رۆشنبیریە تاکخوازانە کە تەنها لەناو کەشوبای دیموکراسیەتێکی راستەقینەدا گەشە دەکات ، ئەستەمە تاکی رۆژهەڵاتی لەژێر چنگی بەتێنی خێڵایەتی و ئایینگەری و حیزبگەری رزگاری ببێت. بەبێ رزگاربوونیش لەچنگی ئەم سێ زلهێزە، ئەستەمە کۆمەڵگە هیچ داهێنان و پێشکەوتنێك بەخۆیەوە ببینێت. هەر بۆیەشە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی ئیمڕۆ لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی راستەقینەی بەدیموکراسی بوون یان بەستەمکاری بووندایە. جا بۆ ئەوەی دیموکراسیەت باڵادەست بێت، پێویستە لەو کۆمەڵگەیەدا تاك سەروەر بێت نەك خێڵ و ئایینگەرایی و حیزبگەرایەتی. چونکە لە نەبوونی کەشوبایەکی راستەقینەی دیموکراسی و ئازادیەکی راستەقینەدا، تاك دەنگ و رەنگی خۆی لەدەست دەدات و مێژووش لەجێ ی خۆی دەچەقێت و دەکەوێتە خۆ دووبارەکردنەوە. ئەمەش لە کۆتاییدا مەرگی ئازادی و دیموکراسی و تاك بەدوای خۆیدا دەهێنێت، چونکە هەر کەسێك ئازادی لەکەسێکی تر زەوت بکات، ئەستەمە خۆشی بتوانێت ئازاد بێت. کەواتە ئازادی و هۆشیاری و رۆشنبیری مەرجی بنەڕەتی دروستبوونی تاك و

تاکایەتین. ئەم دووانەش هەزاران ساڵە لە ڕۆژهەڵاتدا بەبەردەوامی دەکوژرێن.

هەر لە (مەنسووری حەلاج)ەوە بیگرە تا دەگاتە (عەبدولخالیق مەعروف) ی شەهید و هەر لە (خەج) ی سیامەندەوە بیگرە تا دەگاتە ( دوعا) و شەهیدانی تری ڕێگای ئازادی بیرکردنەوە و ئازادی رەفتار، دەبینین کە کارەسات و تراژیدیاکانی ڕۆژهەڵات بەهەمان شێوەی جارانیان دووبارە و سێ بارە و چەند بارە دەبنەوە و سەرەنجامی ئەم ململانێ و زۆرانبازیەی تاك لە دژی بازنە داخراوە مرۆڤکوژەکانی خێڵ و ئایینگەرایی و حیزبگەرایەتی هەمیشە بە مەرگ یان دۆڕانی تاکە ئازا و ملکەچ نەکەرەکان تەواو دەبێت.

سەرنج راکێشترین ڕووخساری ململانێ ی نێوان تاك و مێگەل لەرۆژهەڵاتدا لەوەدایە کە تاکە یاخیەکانی ڕۆژهەڵات، ( عەبدولخالیق مەعروف ) و ( مەنسووری حەلاج) ی لێ دەربچێت ئەوانی تر هیچ پاشماوەیەکی فیکری و فەلسەفیانەی ئەوتۆیان لەدوای خۆیان بەجێ نەهێشتووە. ئەوەی لەوانەی ترەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە تەنها زایەڵەی چەند گۆرانی و بەستەیەکی خەمناك و رووبارێك خوێنە و بەس. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ مەرگی جەستەیی تاکە ئازاکانی ڕۆژهەڵات تەنها ناویان لەلای نەوەکانی دواتر بمێنێتەوە نەوەك ناوەرۆکی ململانێ و زۆرانبازیەکانیان. خۆ ئەگەر شتێکی وایان لەپاش بەجێ بمابووایە، بێ گومان نەوەکانی پاشتر سوودیان



لێوە دەبینی و وانەیان لێوە فێر دەبوون. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بە گشتی، پاڵنەری سەرەکی یاخیبوونی تاکەکانی ڕۆژهەڵات سۆز و هەستە نەك هزر و بیر. هەروەکو هەمووشمان دەیزانین ئەگەرچی سۆز و هەست لەساتەوەختی ڕوودانی کارەساتە تراژیدیەکاندا جەرگ تەزێنتر و مرۆڤ هەژێنترە، بەڵام تەمەنکورتتر و کەمخایەنترە. ئەمەش ئەو رازەمان بۆ شێ دەکاتەوە کە بۆچی مێژووی تاکەکانی ڕۆژهەڵات مێژوویەکی پچڕ پچڕی کورتی نابەردەوامە و بۆچی هەمیشەش لە هەمان قالبی جاراندا خۆی دووبارە دەکاتەوە و نابێتە هۆی بەرەوپێشچوونی ئەزموونەکان.

ئەگەر بەراستی ئێمەی ڕۆژهەڵاتی بەنیازین بەرەو دونیای پێشکەوتن و شارستانیەت هەنگاو بنێین و چیتر لە گەلانی دونیا بەجێ نەمێنین، پێویستە ئازادی بۆ تاکەکان برەخسێنین چونکە مێژووی هەموو دونیای ڕۆژئاوا مێژووی ململانێ و زۆرانبازی تاکەکانە. بەڵام مێژووی ڕۆژهەڵات وەك لەسەرەتاوە نووسیوومانە مێژووی پەسن و پیاهەڵدانی سەرکردەکانە. کامە کتێبی مێژوو هەڵبدەینەوە، باس هەر باسی چاکە و پیاوەتی و مێرخاسی و ئازایەتی و مەردایەتی و ڕۆشنبیری پاشا و سوڵتان و خەلیفە و سەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتە!! جا ئەگەر ئەو زاتانە ئاوا زانا و مرۆڤپەروەربوون کە مێژوو باسیان لێوەدەکات، ئەدی ئەو دۆزەخە چی یە بەدرێژایی مێژوو ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتیەکانی پرووکاندووە؟! ئەدی کوا ڕۆڵی ئەو تاکە

کەسانەی کە ئەو هەموو پاشا و خەلیفە و سولّتانە مەزنانەیان لەسەرشانی خۆیان بەرز کردۆتەوە؟!

کاتی ئەوە هاتووە بپرسین: ئەگەر سەرجەم شارستانیەتی مرۆڤایەتی هاوچەرخ بەرهەمی فیکری رۆژئاوایی و هەولّ و کۆششی تاکە کۆڵنەدەرە هۆشیارو داهێنەرەکانی وەکو (سوکرات) و (ئەفلاتوون) و (ئەرستۆ) و ( گالیلۆ) و (کۆپەرنیکۆس) و ( برۆنۆ) و (جان دارك) و (مارتن لۆتەر) و (جۆن ستیوارت میل) و (نیتشە) و (هیگل ) و (مارکس ) و (داروین) و (فرۆید) و (ئادەم سمیت) و (ئەدیسۆن ) و (مارکۆنی) و (نیوتن) و (ئەنیشتاین) و (فۆرد) و سەدان تاکی تر بێت کە بە بەرهەم و داهێنانە مەزنەکانیان گەورەترین خزمەتی مرۆڤایەتیان پێ کردووە، ئەدی کوا بلیمەتە داهێنەرەکانی رۆژهەلّات و کوانێ بەرهەمە شارستانیەتەکانیان؟!

**هەولێر 2007/9/18**

# کوشتنی جەستە لە ڕۆژهەڵاتدا

ئەگەر بەسەرپێی بەراوردێك لەنێوان جەستەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و جەستەی مرۆڤی ڕۆژئاوایی بکەین یەکسەر ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە جەستەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی شێواو و ناڕێك و نادروستە و جەستەی مرۆڤی ڕۆژئاوایی جوان و لەبار و شیاوە. هەڵکەوتنی باری جەستە هەروا لەخۆوە پەیدانەبووە چونکە شێوەی جەستەیی هەر کەسێك یان کۆمەڵە مرۆڤێك ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێك تایبەتمەندێتی بۆماوەیی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و فیکری یە کە بەدرێژایی ماوەیەکی دوورودرێژ لەلای ئەو کەسە یان ئەو کۆمەڵگەیەدا کەڵەکە بووە.

مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بەحوکمی ئەوەی هەر لەمنداڵیەوە فێری ئەوە کراوە کە جەستە هیچ گرنگیەکی نی یە، جوگرافیای جەستەی خۆی ناناسێت و لەگەڵ جەستەی خۆی نامۆیە و زۆر جاریش لەگەڵ جەستەی خۆی کراوەتە دوژمن. جا بۆیە ئەو مرۆڤە هەستی پێ بکات یان هەستی پێ نەکات، هەر لە سەرەتای ژیانیەوە تا ساتی مردن و گیان سپاردن لە شەڕێکی بێ ئاماندایە لەگەڵ جەستەی خۆی و جەستەی خەڵکانی تر. سەرەنجام ڕۆژانە بەردەبێتە کوشتنی جەستە و ئارەزووە جەستەییەکانی خۆی.



ئەم تێڕوانینەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بەرامبەر بە جەستەی خۆی و جەستەی خەڵکانی دی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕەنگی داوەتەوە. هەرئەمەشە وادەکات کە لەناو خێزان و کۆمەڵگادا بەچاوێکی سووك و بێ بایەخ سەیری جەستە بکرێت. ئەم روانینە دواکەوتووانەی ڕۆژهەڵات لەناو ئایین و سیاسەتیشدا بەخەستی جێگیر بووە و لە بەشی کۆتایی ئەم نووسینەدا بەدوورودرێژی لەو باسە دواوم.

ئەوەی بەئاسانی هەستی پێ دەکرێت ئەوەیە کە هەر لەدوای تەمەنی 25 ساڵیەوە جەستەی زۆربەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی دەبێتە جەستەیەکی داهێزراو و شێواو و ناڕێك. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، جەستەی مرۆڤی رۆرژئاوایی تا تەمەنی 60 ساڵیش بەڕێکوپێکی وجوانی و لەباری دەمێنێتەوە – جا ئەو مرۆڤە پیاو بێت یان ژن ئەوە هیچ جیاوازیەکی نی یە.

بێ گومان ئەو بەراوردکاریەی سەرەوە سەرەداوی ئەو پرسیارەمان لەلا دەورژێنێت: "بۆچی زۆربەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لەدوای تەمەنی 25 ساڵیەوە یان قەڵەو و تەنگەستوور و ورگن و ناڕێك دەبن؟ یان لەڕ و لاواز و لەغەر دەبن؟"

گەلێ هۆکار هەن کە دەبنە هۆی کوشتنی جەستە لە ڕۆژهەڵاتدا بەگشتی و کۆمەڵگەی کوردەواری بەتایبەتی. خۆ ئەگەر لە کۆمەڵگەی خۆمانەوە دەست پێ بکەین ئەوا دەبینین کە منداڵی ساوا هەر لە دوای چلەچوونیەوە لەناو لانك دەپەستڕێت و

بەدەسترازەیەکی تووند جوولەی دەست و پێ و ڕان و شان و سك و ناوقەدی لێ بەربەست دەکرێت. ئەمەش بێ گومان کار لە گەشەکردنی جەستەی منداڵ دەکات و لەم قۆناغە ناسکەدا بەرەو شێوان و تێکچوونی دەبات. خۆ لەگەڵ ڕاژەندنی بەردەوامی لانکەکەشدا پشتەسەری منداڵەکە کە مێشکی تێدایە لەباری درێژووکانیەوە بەرەو پانبوونەوە دەچێت و بەمەش نەك هەر کار لە جوانی پشتەسەر دەکات، بەڵکو بگرە کار لە گەشەکردنی مێشك و کۆئەندامی سەرەکی دەماریش دەکات کە لەناو مێشکدایە. جا لەپاڵ تێکدانی جوانی سەر، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو منداڵە لە دوارۆژدا کەسێکی دەمارگیر و تووندوتیژی لێ دەربچێت.

دوابەدوای تێکدانی رووی دەرەوەی جەستەی منداڵی ساوا، قۆناغی خەساندنی جەستە و خەتەنەکردن لە کوڕ و کچانی کەمێك هەراشدا دەست پێ دەکات. بەمەش لایەنێکی تری جەستەی منداڵ کەل وکرۆم دەکرێت و ئەگەر ئەو منداڵەش پرسیار بکات بۆ وای لێ دەکەن ، ئەوا پێ ی دەڵێن ئەو پارچەیەی لەشت پیسە بۆیە دەبێ ببڕدرێت! ئەوەی راستی بێت، ئەمە یەکەمین هەنگاوی پەروەردەیەکی نادروستە چونکە هەر لەوساتە بەدواوە منداڵ لاشەی خۆی بە پیس و بێزەوەر و بێ بایەخ دێتەبەرچاو. سەرەنجام کاریگەری ئەمە زۆر بەخراپی لەسەر کچان دەکەوێتەوە چونکە بەبڕینی ئەو پارچە "بەپیس



دانراوەدا" هەموو چێژێکی جەستەیی کچ دەکوژرێت و باری دەروونیشی بەرەو وێرانی دەچێت.

دوای قۆناغی خەتەنەکردن و خەساندنی کچان، قۆناغی مێشك شۆردنەوە دەست پێ دەکات و ڕۆژ بە ڕۆژ وا لە کچ دەکرێت لەگەڵ جەستەی خۆی ببێتە دوژمن. هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵگە زۆر بەتوندی سانسۆری خۆی لێرەدا پەیڕەو دەکات و کچ ئاگادار دەکرێتەوە کە نابێ بە ئاشکرا تەماشای جەستەی خۆی بکات یان یاری بەبەشێکی لەشی خۆی بکات چونکە ئەمە هەم شەرمە و هەم قەدەغەشە . جا منداڵ کوڕ بێت یان کچ، لەم قۆناغەدا حەزی زانین پاڵی پێوە دەنێت دەست بۆ بەشەکانی جەستەی خۆی ببات و یاریان پێ بکات. مەبەستی منداڵ لەم کارەی دا بەهیچ شێوەیەك ئەنجامدانی کارێکی خراپ و ناڕەوا نیە، بەڵام کۆمەڵگە و پەروەردەی خێزانی ئەم کردارە بە خراپترین شێوە رەتدەکەنەوە و زۆربەی جار منداڵ تووشی هەڕەشە و چاو سورکردنەوە و لێدانی جەستەییش دەبێت. هەر ئەمەشە وا دەکات کە ڕەگەزی مێیینە دوای گەورەبوون لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا جەستەی خۆی لێ ببێتە دوژمن و هەمیشە هەوڵی شاردنەوە و بەشەرم زانینی بەشەکانی لەشی خۆی بدات و هەتا پێشی بکرێت ئەو بەشانە بەبێ بایەخ سەیربکات و هەمیشە خۆی لەسەد پارچە قوماش لوول بدات بۆ ناشرینکردنی روو و روخساری دەرەوەی خۆی.

جگە لەوەش، بێبەریبوونی ڕەگەزی مێیینە لەچێژی جەستەیی کاردانەوەی خراپی نەك تەنها لەسەر خۆی بەڵكو لەسەر هاوسەرەکەشی بەجێ دەهێڵێت و وادەکات لەلایەنی جەستییەوە یەکتر تێر نەکەن و سەرەنجام هەردوولا بەبێ ئەوەی ئاگاشیان لێ بێت بەدوای جێگرەوەدا بگەڕێن. خۆ ئەگەر واشیان نەکرد، ئەوا هەردوولا هەمیشە بەچاوێکی زۆر سووك سەیری جەستە و چێژی جەستەیی دەکەن و هەرکەسێکیشیان بینی کە ئالوودەی ئەو چێژە بێت، ئەگەر دەسەڵاتێکیان هەبێت لەوانیش قەدەغە دەکەن. باشترین بەڵگەش بۆ گرنگی نەدان بە جەستە و چێژی جەستەیی لەوەدا دەردەکەوێت کە زۆربەی ژن و مێردە ڕۆژهەڵاتیەکان کاتێ دەچنە لای یەکتر دەبێ ژوورەکەیان بەتەواوی تاریك و ئەنگوستەچاو بێت. کەواتە کرداری جووتبوون لە ڕۆژهەڵاتدا پێویستیەکی ژیانی یە بۆ نەوەخستنەوە نەك خۆشی و چێژوەرگرتن. بەبڕوای زۆربەی دەروونناسانی دونیاش، هەر لە (فرۆید)ەوە تا دەگاتە (یونگ) و (ئەدلەر) و (ئێریك فرۆم)، تێرنەکردنی چێژی جەستەیی کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر سەرهەڵدان و گەشەکردنی تووندوتیژی لەناو کەسایەتی مرۆڤدا.

کەسە تووندوتیژەکانی مێژوو هەر لە (نیرۆن)ەوە پێدا بچۆ تادەگاتە (جەنگیزخان) و (هۆلاکۆ) و (تەیمورلەنگ) و (هیتلەر) و (مۆسۆلینی) و (فرانکۆ) و (ستالین) و (ئەتاتورك) و هتد، دەبینین ئەوانە لەسەرەتای ژیانیانەوە لە چێژی جەستەیی بێ



بەش بووینە و دواتریش پێیان پڕنەکراوەتەوە و لێیان بۆتە گرێی دەروونی. هەر بۆیەش وەکو دڕندە بەربوونەتە جەستەی مرۆڤانی تر و لەڕێگای لەناوبردن و ئازاردانی جەستەی خەڵکی ترەوە ئەو برینە بەسوێیەی ناخی خۆیانیان دامرکاندۆتەوە.

جا ئەگەر بەم چاوە لە سەرکردە هاوچەرخە تووندڕەوەکانی ڕۆژهەڵاتیش بڕوانین و لێکۆڵینەوەیەکی دەروونییان لەسەر بکەین، ئەوا بۆ هەموو لایەك ساغ دەبێتەوە ئەوان بۆچی هێندە مەرگدۆست و خوێنڕێژ بووینە نەك مرۆڤدۆست و ژیانپەروەر. ئەوەی لەکەس شاراوە نیە ئەوەیە کە هەموو مرۆڤێکی بەجەستە تێر حەز دەکات خەڵکانی تریش چێژ لە ژیان وەرگرن. بەپێچەوانەشەوە، هەموو کەسێکی بێبەش لەو چێژە خۆشە بەتێپەڕبوونی کات وزەیەکی گەورە لەناو جەستەیاندا کۆ دەبێتەوە کە پێویستی بە کەلەبەرێك هەیە تاکو بتوانێت کۆئەندامی دەمار ئیسراحەت بکات. ئەگەر نەکرا ئەو وزە زیان بەخشە لەناو جەستەی خۆی دەربکات، ئەوا بە کەڵەکە بوونی ئەو وزە دەرنەکراوە، کیمیای لەش ئەو وزەیە دەگۆڕێت بۆ ژەهرو کار لە کۆئەندامی دەمارو مێشکی دەکات و بەمجۆرە ئەو وزە ژیانبەخشەی جاران دەبێتە وزەیەکی ژیانبەخش و وێرانکەر.

هەڵبەتە ئایین و داب ونەریتی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگ و مەترسیدار دەگێڕن لە بەهێزکردنی ئەو ڕوانینە ڕۆژهەڵاتیە بۆ جەستە. لە ڕووی ئایینیەوە ، جەستە، هی پیاو

بێت یان هی ژن، هەمیشە هۆکاری خراپەکاری و بەدرەفتاری بووە. ئەمەش پێچەوانەی ڕاستی یە، چونکە ئەگەر مێشك فەرمان بە لەش نەکات بۆکردنی کارێك، لەش لەخۆوە هیچی پێ ناکرێت . بەڵام ئایینەکان بەگشتی پێگەی خۆیان لەسەر کوشتنی جەستەو مراندنی ئارەزووە جەستەییەکان هەڵناوە و بۆیەش بۆ هەموو کار وکردارێکی خراپ سزایەکی جەستەیی دانراوە هەر لەدەست بڕین لەسەر دزی تا دەگاتە بەردبارانکردن و جەڵدەلێدان و لووت و گوێ بڕین. هەڵبەتە مرۆڤی ئایینداریش بۆ ئەوەی بگاتە بەرزترین پلەی خواناسی پێویستە ئارەزووی جەستەو وزەی جەستەیی خۆی بمرێنێت لەرێگای برسیکردن و ئازاردانی جەستەی خۆیەوە تا وەکو بۆ خۆی و خەڵکی تریش بسەلمێنێت ئەو ئەگەر دەسەڵاتی بەسەر جەستەی خۆیدا شکا، ئەوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو دونیادا دەشکێت. بەمەش دەیەوێت لە خودا نزیك بێتەوە چونکە خودا روحێکی پەتی بێ جەستەیە . کەسی بڕوادار پێ ی وایە کە پێویستە مرۆڤ تا بتوانێت لە ئارەزووە جەستەییەکان دوور بکەوێتەوە.

خۆ وەدەرنانی "بابە ئادەم و دایکە حەوا" ش لە باغەکانی بەهەشت هەر لەسەر تێرکردنی ئارەزووی جەستەیی بوو. کەواتە بەپێی ڕوانینی هەرسێ ئایینە جیهانیەکان کە لە ڕۆژهەڵاتدا سەریان هەڵداوە، جەستە خراپەکارەو ڕۆح چاکەکەر. هەر ئەم ڕوانینە ئایینیەشە ڕووچۆتە ناو هەموو



ڕوانینەکانی تری ڕۆژهەڵات. بۆیەش لە ڕۆژهەڵاتدا فەلسەفەی مەرگدۆستی و جەستەکوژی بەشێوەیەکی وا بەربڵاو بەرچاو دەکەوێت.

ڕێگایەکی دیکەی تێکدانی جەستە لە ڕۆژهەڵاتدا بە هۆی زۆرخۆری و بۆرخۆریەوەیە. مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بەتایبەتیش مرۆڤی کورد کەم گرنگی بە جۆر و بڕو کاتەکانی نانخواردن دەدات. نانخواردن لەلای مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی پێویستیە نەك چێژ و لەزەت. کورد لەمێژە بەو پەندە ڕای خۆی لەسەر خواردن دەربڕیوە : "زگ پڕبێت ، با ﴿خواردنەکە﴾ قوڕ بێت". کەواتە لای مرۆڤی کورد گرنگ نیە چی دەخورێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە تەنها بۆشایی گەدە پڕبکرێتەوە، ئەمەش کاریگەریەکی یەگجار خراپ لەسەر جەستەی مرۆڤی کورد بەتایبەتی و مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی جێ دەهێڵێت. بەهۆی زۆرخۆری و بۆرخۆریەوە زۆربەی ڕۆژهەڵاتیەکان لەدوای تەمەنی 25 ساڵیەوە جەستەیان تێکدەچێت چونکە کۆبوونەوەی بڕێکی زۆری چەوری و کاربۆهایدرات و وزەی سەرف نەکراو لەناو لەشدا دەبێتە هۆی تێکدانی سیستەمی کارکردنی لەش. بەمەش لەلایەکەوە ورگ زل دەبێت و لەلایەکی ترەوە تەنگەی مرۆڤ قەبە و ئاوساو دەبێت و ڕان و پاشەڵ و سمت پان و پۆڕ وگڵمتاوی و دەم و چاو هەڵدەفاو و لپر لپر دەبێت و بەمەش جوانی لەش و لار نامێنێت. سەرەنجام ئەمە وا لە مرۆڤ دەکات هەمیشە مێشکی ماندوو و لەخۆ بێزار و لەش قورس بێت،

سەرباری لێوە پەیدابوونی دەیان نەخۆشی جەستەیی وەکو نەخۆشی شەکرە و پاڵەپەستۆی خوێن و نەخۆشیەکانی دڵ و کۆلیسترۆڵ و پاگرە و دەمار وەرگەڕان و دەمار شۆڕ بوونەوە و هتد...

جاران هەتا ئەم دواییانەش پێودانگی جوانی و تەندروستی لە ڕۆژهەڵاتدا قەڵەویی و خڕوخەپانی بوو. زۆر بەدەگمەن لە شیعر و ئەدەبیاتی کۆنی ڕۆژهەڵاتیدا باسی تەنکی و باریکی و ناسکی دۆست و دەستگیران کراوە ، چونکە لەوێ بەزۆری باس هەر باسی سینگی پان و بەلەکی ئەستوور و تەبەشی پان و قۆڵ ومەچەکی گۆشتن و خڕو پڕی کراوە. تەنانەت لە ئەفسانە و داستانەکانی ڕۆژهەڵاتیشدا پاڵەوانەکان بە مرۆڤی زل و زەبەلاح و کەتە و چوارشانە وەسف کراون. بە هەمان شێوەش سەرکردەکانی ڕۆژهەڵات تا ئەم دواییانەش هەر مرۆڤی ورگ زل و مل ئەستوور و چوارشانە و زل و قەڵەو بوون.

بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، پێودانگی مرۆڤی ڕۆژئاوایی بۆ جوانی و تەندروستی بریتی یە لە لەش باریکی و لەش ولار ڕێکوپێکی. ئەوان بەمەبەستی جوانکردنی جەستە و گرنگیدان بە لەش و لاریان سەدان نۆڕینگە و مەڵبەند و بنکەی تەندروستیان دروستکردووە. ئەمەش لەئەنجامی ئەوەوەیە کە ئەوان بەچاوێکی پڕ ڕێز و بایەخەوە لەجەستەی خۆیان دەڕوانن و سەرەنجام ژیانێکی پڕ لەخۆشی و تەندروستی بەسەردەبەن. لەلای ئەوان ژیانی ئەم سەرزەمینە ژیانی جەستەیە نەك ژیانی



ڕۆح. بەبڕوای ئەوان ژیانی ڕۆح دوای مردن دەست پێ دەکات نەك لێرە. هەربۆیەشە ئەوان گرەوی چێژ و خۆشی ژیانیان لەم سەرزەمینە بردۆتەوە و مرۆڤی ڕۆژهەڵاتیش گرەوی مەرگ و ئازار.

**هەولێر: 2007/8/18**

# کوشتنی سروشت لە ڕۆژهەڵاتدا

سروشت بە هەموو جوانی و پاکی خۆیەوە لەلای زۆربەی ڕۆشنبیران و فەیلەسوفان و شاعیرانی ڕۆژئاوایی سەرچاوەی چێژ و خۆشی جەستەیی و دەروونی بووە. لەوەش زێتر، لەلای گەورە شاعیری ڕۆمانسی ئینگلیز "ویلیەم وێردسوێرث" سروشت سەرچاوەی تەندروستی و لەش ساغی یە. بەرای ئەو شاعیرە سروشتپەروەرە پێویستە ڕێزێکی بێ پایان لە سروشت بگیرێت و تا ڕادەی پەرستن بپەرسترێت.

بەڵام ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتیەکان زۆر لەمێژە ڕۆحیەتی شەڕەنگێزی لەناو دەروونیاندا ڕسکاوە و بەدرێژایی مێژوو ئەو ڕۆحە وای لێ کردوون شەڕ وپێکدادانی بێ ئامان ئەنجام بدەن کە سەرەنجام بۆتە هۆی تێکوپێکدان و وێرانکردنی کێڵگە و باغ و ڕەز و دارستان و کێو و چۆل و چیا. هەروەها لە ئەنجامی شەڕوشۆڕی بێ ئەندازەی ڕۆژهەڵاتیەکان لێرەو لەوێ سەدان و هەزاران لاشە و تەرم و کەلاك جوانی و پاکی سروشتی یان پیس و بۆگەن کردووە. زۆرجارانیش پاشماوەی کەرەسەکانی شەڕ هەر لە گالیسکەی تێکشکاوی جاران تا دەگاتە ماشێن و تانك و فڕۆکە و گوللەتۆپ و بارووت و هتد ئەم سروشتە جوانەی تێك و پێکداوە.

سروشت وێڕای جوانی و خۆشی و پاکی و خامۆشی و تەندروستی ، سەرچاوەی کرانەوەی مێشك و خەیاڵ و



بزواندنی تەلی سۆز و عاتیفەی هەموو دڵێکی ناسك و هەستیارە. جا لەگەڵ تێکدانی هەموو ئەو لایەنانەی سروشت ، مرۆڤ لە هەمان کاتدا خۆشی تێکدەشکێنێت . هەر ئەمەشە وای کردووە مرۆڤی هاوچەرخ دڵتەنگ و خەمبار، نەخۆش و دەردەدار، بێ هەست و مردۆخ و هەستمردوو دەربکەوێت.

لە ڕۆژئاوادا جوانی و پاکی سروشت گرنگیەکی یەگجار زۆری پێدراوە. هەر لە سەردەمی (ڕێنیسانس) ەوە کە ئاراستەی ڕوانینی مرۆڤ لە ئاسمانەوە گوازرایەوە سەر زەوی، جوانی و سوودی سروشت بوونە سەرچاوەی چەندین دەقی زیندوو. شێکسپیر لە شانۆنامەی "هەر چۆنی پێت خۆشە" دا سروشت بەسەرچاوەی پاکی دڵ و دەروونی مرۆڤ دادەنێت و شاریش بە سەرچاوەی هەموو جۆرە پیسی و خراپەیەك. دوا بەدوای شێکسپیر چەندان بیرمەندی تر بایەخ و گرنگی سروشتیان لە پێشەوەی هەموو شتێکی تر دانا. (جان جاك ڕۆسۆ) بڕوای وا بوو کە تەنها سروشتە بەهرە ڕستەقینەکان بە مرۆڤ دەبەخشێت و کۆمەڵگەش تێکیان دەدات. بەلای (ئەلێکزاندەر پۆپ) سروشت بایی خۆی بەهرەی بە هەموو مرۆڤێك بەخشیووە ، بەڵام پەروەردەی چەوتی خوێندگاو زانکۆکان وا لەمرۆڤ دەکەن کە ڕێگای چەوت بگرێتەبەر و ئەوەندە شتە چاکانەی سروشتیش بە مرۆڤی بەخشیوون لە ڕێگای خوێندنی فەرمیەوە مرۆڤ لەدەستی بدات.

لەلای شاعیرە ڕۆمانسیەکانی سەدەی هەژدەهەم دا بەتایبەتی (وێرد سوێرث) و(کۆلریچ) و (شێللی) و (کیتس) و(بایرۆن) و (ویلیەم بلێیك) و چەندانی تر سروشت لە هەموو شتێك گرنگ تر بووە. ( پۆشکین)ی گەورە شاعیری روسی لە چامەی (قەرەج) دا وا وێنەی (ئەلیکۆ)ی شاکەسی چامەکە دەکێشێت کە لە دەست خراپی و گەندەڵی کۆمەڵگەی شارنشین ڕایکردووە و پەنای بردۆتە بەر سروشت و لەوێدا چۆتە پاڵ قەرەجەکان چونکە ژیانی ئەوان لە سەدا سەد سروشتیە و هێشتا شارستانی پیسی نەکردوون. خۆ گەورە شاعیر و بیرمەندی ئینگلیز (ماثیو ئارنۆڵد)یش وێنەیەکی نزیك لەمە لە چامەی ( خوێندکاری قەرەج) دا دەکێشێت. لەو چامەیەدا خوێندکارێکی زانکۆی (ئۆکسفۆرد) لە دەست مافیا گەندەڵەکانی ناو زانکۆ و لە تاو بێ تامی و بێ سوودی بابەتەکانی خوێندن ڕادەکاتە باوەشی سروشت تا لەوێ وانەو زانیاری ڕاستەقینە لە سروشت هەڵبهێنجێت. لە کۆتاییش دا هەرگیز ناگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگە و هەتا هەتایێ دەداتە پاڵ قەرەجان.

ئەوەی راستی بێت ، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دا لە سەرانسەری دونیا بزافێکی فیکری و رۆشنبیری و ئەدەبی سەری هەڵدا بە ناوی "سروشتیخوازی" کە شانۆنامەنووسی مەزنی نەرویجی (هێنریك ئیبسن) و نووسەری گەورەی فەرەنسی (ئێمیل زۆلا) دوو لە دیارترین چالاککارانی ئەو بزافە بوون. ئەگەر لە بواری بایۆلۆجیاشەوە قسەیەك



دەربارەی رۆڵی سروشت بکەین ، ئەوا لەلای (چارلس داروین) سەرجەم بوونەوەرانی سەرگۆی زەوی زادەی سروشتن.

ئەوەندەی تا ئێرە باسمان لێوەکرد بایی ئەوە دەکات خوێنەر بێتە سەر ئەو باوەڕەی کە رۆژئاواییەکان تا رادەیەکی زۆر بە سروشتەوە دڵبەند بوون. کەچی مرۆڤی رۆژهەڵاتی بەگشتی، جگە لە چەند تاکێکی بلیمەتی وەکو (گۆران) کەم کەس بیریان لە جوانی و گرنگی و بایەخ و سوودی سروشت کردۆتەوە. (گۆران)یش لەخۆوە نەبوو کە لە شیعرەکانیدا هێندە گرینگی بە سروشت دەدا ئەگەر شاعیرە رۆمانسیە ئینگلیزەکان هێندە کاریان لە دڵ و دەروونی نەکردبووایە.

ئەگەرچی سروشتی وڵاتانی رۆژهەڵات یەگجار نازدار و جوانە، بەڵام لەبەرئەوەی مرۆڤی رۆژهەڵاتی هەستی جوانناسی لاوازە، بۆیە لەجیاتی جوانترکردنی قەدپاڵی کێو و چیا و رازاندنەوەی دەشتی کاکی بە کاکی و رێك و پێك کردنی قەراغ کانی و رووبار و گۆماو و دەریا و مشتومالکردنی خاکەکەی و رێکخستنی گژوگیا و رووەك و دارستانەکان، بەردەوام خەریکی تێکدانی سروشت و وێرانکردنیەتی.

باڵندە و گیانەوەرە کێویەکان، رووەك و گژوگیا خۆڕسکەکان، خشۆك و گەزەندە و زیندەوەرەکان، ماسی و گیانەوەرە ئاوییەکان زۆر کەم لە چڕنووکی بێبەزەییانەی مرۆڤی رۆژهەڵاتی رزگاریان بووە. بەمەش چەندین جۆر گیانەوەر و باڵندە و خشۆك و گەزەندە و ماسی فەوتان و قڕیان تێکەوتووە.

ئەگەر کار بەم شێوەیەی ئێستا بڕوات ، نیو سەدەی تر نابات سروشتی رۆژهەلات دەبێتە وێرانە و چیتر نە باڵندەی جوان و دەنگخۆش روو لەم هەوارە دەکەن و نە گیانەوەری کێوی و نە خشۆك و گەزەندەی نازدار دیدەمان رۆشن دەکەنەوە.
وڵاتانی رۆژهەلات و مرۆڤە رۆژهەڵاتیەکان وەنەبێت تەنها سروشتیان پشتگوێ خستبێت ، بەڵکو زۆربەی جار بەئەنقەست و لەبەر قازانجێکی کەم سروشت و ژینگەی سروشتی وێران دەکەن بەوەی رێگا دەدەن پاشەرۆکی زیانبەخشی تەکنۆلۆژیای ئەتۆمی رۆژئاوا لەژێر خاك یان ناو دەریا و ئاوەکانیان بشاردرێتەوە بەرامبەر بە پارەیەکی کەم یان پشتگیری و سوپاسێکی پووچی وڵاتە زلهێزەکان. ئەمەش نەك هەر ژینگەی وڵاتەکەیان وێران دەکات ، بەڵکو ئایندەی چەندین نەوەی داهاتووی ئەو وڵاتانە دەفەوتێنێت.
سەرەڕای ئەم هەموو وێرانکاریەی سروشت و دەوروبەر ، مرۆڤی رۆژهەلاتی بەپێچەوانەی مرۆڤی رۆژئاوایی تاپێ ی بکرێت خۆی لەناو بارستایی چیمەنتۆ و ئاسن و کەلوپەلی کانزایی حەشاردەدات. ئەگەر بە فڕۆکە لە ئاسمانەوە تەماشای شارەکانی رۆژهەلات بکەین دەبینین باخچەی ماڵەکانیان لەچاو رووبەری خانووەکانیان یەگجار بچووکە و ناوچەی سەوزایی شارەکانیش لەچاو ژمارەی ماڵەکانی زۆربەی شارەکان کەم و بچووکە. جاران ناوماڵی مرۆڤی ڕۆژهەلاتی پڕ بوو لە گوڵ و ڕووەك و گژوگیای خۆڕسك ، بەلام ئێستا ناوماڵی مرۆڤی



رۆژهەلاتی پتر بەگوڵ و رووەکی دەستکرد رازێنراوەتەوە لە گوڵ و رووەکی خۆڕسك. ئەمەش بێگومان نزمی ئاستی هۆشیاری مرۆڤی رۆژهەلاتی دەردەخات کە بەرهەمی تەکنۆلۆژیای پێ لە بەرهەمی سروشتی باشترە. هەڵبەتە ئەمەش کاریگەریەکی زۆر خراپ دەکاتە سەر تەندروستی مرۆڤی رۆژهەلاتی و تێکدانی ژینگە و دەوروبەر کە لەدواتر باسی لێوە دەکەم.
ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەموو ڕۆژانی پشوو مرۆڤی ڕۆژئاوایی-گەورەبن یان بچووك دەگەڕێنەوە باوەشی سروشت و هەمیشەیش هەوڵی ئەوە دەدەن پانتایی سروشت فراوانتر و جوانتر بکەن. بەپێچەوانەی رۆژهەلاتیەکان کە بەردەوام هەوڵی سوتاندن و بڕینەوەی دارستان و قرتاندن و ڕیشەکێش کردنی ڕووەك و شێواندن و لەناوبردنی سروشتن بەبێ ئەوەی یاسایەکی توند و پلانێکی درێژخایەنیان هەبێت بۆ پاراستنی سروشت کە سەرەنجام دەکرێت سوودی گەشتیاری لێ ببینرێت.
زۆر لە مێژە مرۆڤە بلیمەتەکان هەستیان بە سوود و کاریگەری سروشت کردووە لەسەر تەندروستی مرۆڤ . (هیپۆکراتس) کە بە باوکی زانستی پزیشکیی ناسراوە و لە ساڵی ( 460 - 357 پێش زایین) لە یۆنان دا ژیاوە ، ئەو وتەیە بەناوبانگەی گوتووە و ئەو نهێنیەشی بۆ سەرجەم مرۆڤ ئاشکرا کردووە کە "سروشت مرۆڤ چاك دەکاتەوە نەك دکتۆر."

ئەگەر بە سوودەکانی سروشت دا بچینە خوار لە ژمارە نایەن. بەڵام لێرەدا تەنها سوودە تەندروستیەکانی یەك توخمی سروشت کە رەنگی سروشتی یە باس دەکەین. رەنگەکانی سروشت هەرکامەیان بگریت چارەسەریە بۆ نەخۆشیەك. هەر بۆ نموونە رەنگی سوور( کە لە تیشکی خۆر و خۆڵ و هەندێ میوەدا هەیە) بۆ چارەسەری زۆربەی نەخۆشیەکانی خوێن وەکو کەم خوێنی و رۆماتیزم و نزمی پاڵەپەستۆی خوێن و شەپلەیی و نەخۆشی سیل سوودبەخشە .

رەنگی نارنجی سوودبەخشە بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی گورچیلە و زەرداو و قوڕی و ریخۆڵەکوێرە و رژاندنی گلاندەکانی شیردەردان لە مەمکی ئافرەتی تازەزاودا. رەنگی وەنەوشەیی بەسوودە بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی کۆئەندامی دەمارو هەوکردنی جومگەکان و سیل و خەوزڕان.

رەنگی زەرد بۆ بزواندنی خانەکانی مێشك و جگەر و سپڵ . سوودبەخشیشە بۆ نەخۆشی شەکرە و بەدهەرسی و تێکچوونی گورچیلە و جگەر و قەبزی و هەوکردنی چاو و گەروو و نەخۆشی سیفلس و کەمی هێزی سێکسی.

رەنگی مۆر سوودبەخشە بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی قەبزی و کیسی هێلکەدان و ئاوی سپی ناو زێ و گەلێ نەخۆشی تری گەدە و منداڵدان و نەخۆشی ئاوڕژان لە چاو و لاسەرئێشە و پێست تێکچوون . هەروەها ئەم رەنگە کاریگەریەکی باشیشی هەیە لەسەر چاو و گوێ و کۆئەندامی دەمار.



رەنگی سەوز/ کەسك زۆر سوودبەخشە بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی کۆئەندامی دەمار و تاپەڵە و برین و کولك و هەڵامەت و مەلاریا و سەرمابردەیی و تێکچوونی کۆئەندامی زاوزێ و شێرپەنجە. هێزی چاوەکان دەپارێزێت و دەبێتە هۆی چارەسەری بۆ زۆربەی هەوکردنەکان کە لە ئەنجامی نەخۆشیە درێژخایەن و کورتخایەنەکان پەیدا دەبن.

بەڵام رەنگی شین بەکەلکە بۆ لابردنی ئازار و خوێن بەربوون کەم دەکاتەوە و برینی سووتان زوو چادەکاتەوە. سوودبەخشە بۆ چارەسەری نەخۆشی دیزانتری ،پێچ و ژانی ناو سك، هەناسەتەنگی و تێکچوونی کۆئەندامی هەناسە و پاڵەپەستۆی بەرزی خوێن و نەخۆشیەکانی پێست.

خۆ هەریەکە لە توخمەکانی دیکەی سروشت کە خۆڵ و ئاو و هەوان کاریگەری زۆر زیاتریان هەیە بەسەر تەندروستی مرۆڤەوە و بە پاك راگرتن و دروست بەکارهێنانیان مرۆڤ دەتوانێ خۆی لە زۆربەی نەخۆشیەکان بپارێزێت. جا مرۆڤ بەبێ ئەوەی پێویستی بە دکتۆر و دەرمانخانە هەبێت دەتوانێت ژیانێکی خۆش و تەندروست و تەمەنێکی درێژی بێ نەخۆشی لەم سەرزەمینە بەسەر ببات ، چونکە سروشت باشترین دکتۆرە و بەرهەمەکانیشی گەورەترین دەرمانخانەی خۆڕایین کە مرۆڤی رۆژهەڵاتی چاوی لە ئاستیا کوێرە.

ئەوەی لە گومان بەدەرە ئەوەیە کاریگەری تێکدانی سروشت لە تێکچوونی باری دەروونی مرۆڤ دەردەکەوێت، چونکە

ویرانکردن و رووتاندنەوەی سروشت جگە لەوەی مێشکی مرۆڤ تووشی دژە کرداری تێکدەرانە و خەمۆکی دەکات، کەمی ئۆکسجین و بارگەی تیشك و وزەی زیانبەخش کە لە ئەنجامی تێکدانی هاوسەنگی سروشت پەیدا دەبێت، کۆئەندامی دەماری مرۆڤ ماندوو و رەتاو و گرژ و هەناسەی تەنگ و دڵی گوشراو و چاوی ماندوو دەکات. هەربۆیەشە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی هەمیشە مرۆڤی رەقەکار و توند و تیژ و دەمارگرژن. ئەمەش بێ گومان کار لە تەندروستی گشتی مرۆڤ و کۆمەڵگە دەکات. هەربۆیە دەبێت هەمیشە ئەوەمان لەبیر بێت کە سروشت بێ دەسەڵات نی یە و هەرگیز لەو تاوانانە نابووریێت کەبەرامبەری دەکرێن و لەکۆتاییدا تۆڵەی خۆی سەد قات لە مرۆڤ دەکاتەوە. کەواتە بە کوشتنی سروشت تەنها ڕۆژهەڵاتیەکان سروشت ویران ناکەن ، بەڵکو سەرتاپای ژیان و بوونی خۆیان وێران دەکەن.

**هەولێر 2007/10/18**

# کوشتنی ژینگە لە ڕۆژهەڵاتدا

لەبەرئەوەی ژیانی ئەم سەرزەمینە لەلای مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی شتێکی بێ بەهایە ، مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی هەموو حەز و ئارەزووە تێرنەکراوەکانی خۆی بۆ جیهانی دوای مردن دەنێرێت و لەوێدا تێریان دەکات. بۆیەش هیچ گرنگیەکی ئەوتۆ بە ژینگەکەی نادات و ژیانی ئەم سەرزەمینە لەلای ئەو لە خەونێکی ناخۆشی مۆتەکەیی پتر نییە. جا بۆیە لە جیاتی جوانکردن و خۆشکردنی ئەم ژیانە و ئەو ژینگەیەی کە دەوروبەری ئەم ژیانەی ئەوی تەنیووە ، هەتا پێی کراوە ناشیرین و قێزەوەنی کردووە و لە جوانی و ناسکی کەم کردۆتەوە. بەم بێ بەهاکردنەی ژینگەش ، ئەو سەرەنجام بەهای خۆی وەك مرۆڤ و ژیانی خۆی بێ بەها و بێ مانا کردووە.

ئەمەش هەر لەخۆوە نەهاتووە چونکە بە تێڕوانینی ئەو لە دونیای پاشمەرگدا هەرچی ئەو بیەوێت و دڵی بیخوازێت بەبێ خۆماندووکردن دێتە بەردەستی و بەبڕوای ساویلکانەی خۆی لەوێدا پەری و حۆری ناسك و نازدار و کۆشکی جوان و دڵڕفێن و خواردنی خۆش و بەتام چاوەڕێ ی دەکەن . هەر ئەم بڕوا کورتبینانەشە ، ژیانی ئەم سەرزەمینە بە شتێکی پووچ و کەم بایەخ و پیس ببینێت کە شایەنی ئەوە نی یە لەپێناویدا خۆی هیلاك بکات و رەنجی بۆ بدات. بێگومان ئەم جۆرە تێگەیشتنە



وای لەو مرۆڤانە کردووە ڕوانینێکی نێگەتیڤانە و دژواریان بەرامبەر بە ژینگەکەیان هەبێت .

جا ئەگەر بەوردی سەرنج لەو لایەنانەی ژینگەوە بدەین کە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی پیسی کردوون یان خەریکە بەتەواوی وێرانیان دەکات، دەبینین یەکەمین لایەن کە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی دەستی بەدکارانە و نەزانانەی خۆی لێ وەشاندووە خاك و خۆڵەکەیەتی. خاکی ڕۆژهەڵات نەك هەر تەنها پاشماوەی زبڵ و خاشاك داگیری کردووە ، بەڵکو لەلایەن دانیشتووانەکەی بەناشیرینترین شێوە دەستی لێ وەشێنراوە و لێرە و لەوێ کەند و لەندو قۆرتی ناڕێك و بێ سەروبەر لێدراوە و پڕکراوە لە چڵکاو و پیسی و بەم جۆرە بەربادە جەستەی جوان و ناسکی ئەو خاکەی پێ زامدارکراوە. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە بەبێ هیچ پلانێك ، هەرکەسەو بەکەیف و هەوەسی خۆی و بەبێ هەستکردن بەلێپرسینەوە کەوتۆتە ویزەی ژینگە بەسەزمانەکە .

ئاوو سەچاوەکانی ئاو ، هەر لە دەریا و ڕووبارەوە بگرە تا دەگاتە گۆم و چۆم و کانی یەوە ، نەك هەر مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی هەوڵی نەداوە ڕووخسارێکی جوانتری پێ ببەخشێت لەوەی کە سروشت پێ ی بەخشیووە، بەڵکو بەخراپترین شێوە وێرانی کردووە. جۆگەلە و ئاوەڕۆی ماڵانی بەناو شەقامەکانی شارەکاندا وەرکردووە و هەرچی کەرستەی پیس و زیانبەخش هەن ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئاوی جۆگەلە بەناو ژینگەدا بڵاوی دەکاتەوە.

ئەو دەریا و رووبار و چۆمە جوانانەی بەجۆرێك بەرباد كردووە كە بۆگەن بووینە و بۆنیان هێندە ناخۆش بووە كە نەك هەر مرۆڤ لێیان بێزارە بگرە ماسی و باڵندە و گیانەوەرە ئاوییەكانیش یان لەناویدا مردار دەبنەوە یان رەو دەكەن و سەری خۆیان بەرەو كەنارێكی پاك و ئارام هەڵدەگرن .

ئاووهەوای رۆژهەڵات لەبەرئەوەی كارگەی زل و زەبەڵاحی تیا نی یە دەبوایە خاوێنترین و سازگارترین ئاووهەوای دونیا بووایە. بەڵام لەبەر كەمتەرخەمی و نەزانی مرۆڤی رۆژهەڵاتی ، ئەوان ئەو ئاووهەوا سازگارەیان بە سووتاندنی ریخ و تەپاڵە و پاشماوەی زبڵ و خاشاك و بەروبوومە كشتوكاڵیەكان بەرباد كردووە . جاریش وابووە بەمەبەست یان بێ مەبەست ئاگریان لە گژوگیا و دارودرەخت بەرداوە بەبێ ئەوەی بیریان لەوە كردبێتەوە كە ئەم كارەیان كاریگەریەكی یەكجار خراپ و دژواری لەسەر سەرجەم لایەنەكانی ژیان دەبێت. سەرباری ئەم هەموو وێرانكاریانەش ، مرۆڤی رۆژهەڵاتی لەرێگای زێدە بەكارهێنانی ماكینەكانی وزەی میكانیكی ، نەك تەنیا سروشت بەڵكو سەرتاپای ژینگەیان وێران كردووە .

لایەنێكی تری ژینگە كە مرۆڤی رۆژهەڵاتی هیچ بایەخی پێ نەداوە دەنگ و هەراو هۆریایە . مرۆڤی رۆژهەڵاتی بەسروشتی خۆی حەزی لەدەنگی بەرز و هاتوهاوارە و گوێچكەكانی هێندەی بەدەنگی ناخۆش راهاتوون نیو ئەوەندە بەدەنگی خۆش و نەرم و ناسك رانەهاتووە. هەربۆیەش زۆر حەز لەدەنگی زلی ماكینە و



ئۆتۆمبێل و بەرزكردنەوەی دەنگی رادیۆ و تەلەفزیۆن دەكەن ، تەنانەت لەكاتی قسەكردن لەگەڵ یەكتریشدا بەهاوار قسەدەكەن . بێگومان هاتوهاوار و دەنگی زل و قەبە كاریگەریەكی خراپی لەسەر مێشكی مرۆڤ هەیە و وادەكات هەمیشە مرۆڤی رۆژهەڵاتی تووڕەوتووند و دەمارگرژبن. سەرباری ئەمەش، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی كە رۆهەڵات بە وڵاتی دەنگ زلەكان بناسرێت .

رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتیەكانی جاران تارادەیەك بایەخیان بە شتی جوان و رازاندنەوەی دەوروبەر و ناوماڵ دەدا. بەڵام لەگەڵ دەركەوتنی بەرهەمی تەكنۆلۆجی ، مرۆڤی رۆژهەڵاتی پشتیان كردۆتە ئەو شتە جوانە هونەریانەی كە جاران بەدەستی خۆی دروستی دەكرد . جا ئەو هەستە جوانناسیانەیەی كە جاران كەم تا زۆر لە دەروونی مرۆڤی رۆژهەڵاتی رسكا بوو ، لەم پەنجا ساڵانەی دواییدا خەریكە لەبەرچاو ون دەبێت . هەربۆیەشە ئەگەر سەیری شێوەی شار و گوندەكانی ئەم پەنجا ساڵانەی دوایی رۆژهەڵات بكەین ، بەگشتی دەبینین كە بێ سەروبەری و بێزەوەریەكی زێدەتری لەچاو هی جاران پێوە دیارە . ناوماڵ و ناوكۆڵان و سەرشەقام و ناوگوند و ناوشار لە هەموو رووخسار و دیمەنە جوان و دڵرفێنەكانی جاران داماڵراون و ئەمەش وادەكات هەستی جوانناسیانەیان تێدا بزر بێت.

جاران ناوماڵی مرۆڤی رۆژهەڵاتی ، رازاوە بووایە یان نا ، بەبێ پێناسە پێ ی دەگوتیت من ماڵێكی رۆژهەڵاتیم ، شێوەی خانوو

و سەرشەقام و شارەکانیش بەهەمان شێوە. بەڵام لەئەنجامی تێکەڵ بوونی رۆژهەڵات و رۆژئاوا ، رۆژهەڵاتیەکان بەشێوەیەکی کوێرانە کەوتنە لاساییکردنەوەی رۆژئاوا لە هەموو شتێکدا . ئەمەش وای لە مرۆڤی رۆژهەڵاتی کردووە کە لەهەردوو جەژن ببێت: نەبتوانێت هەستی جوانناسیانەی رۆژهەڵاتیانەی جارانی خۆی پەروەردە بکات و نەبشتوانێت وەك رۆژئاواییەك ژینگەکەی برازێنێتەوە و خۆی لەگەڵ هەستی جوانناسی رۆژئاوایی سەردەمیانە کە کاریگەری تەکنۆلۆژیای هاوچەرخی بەسەردا زاڵە بگونجێنێت و چێژی لێ وەربگرێت . مرۆڤی رۆژهەڵاتی ئەمڕۆ وەکو کەسێکی دووڕەگی لێ هاتووە کە نیوەی بە دایکی دەچێت و نیوەکەی تری بە کەسێکی بێگانە. ئەمەش کاریگەریەکی زۆر خراپی هەیە لەسەر رەسەنایەتی هەست و روانینی و هەرگیز ئاسان نییە بتوانێت خۆی بەهیچ لایەکدا بدات یان لە هیچ لایەکیان بگیرسێتەوە .

جا لە رۆژی ئەمڕۆماندا ، لەبەرئەوەی ژینگە و جوانکردن و پاراستنی ژینگە کاریگەریەکی یەگجار بەهێزی لەسەر بەختەوەری و مانەوەی نەك هەر مرۆڤ بەڵکو سەرجەم گیانەوەرانی ئەم زەمینە پان و بەرفراوانەدا هەیە ، پێویستە مرۆڤی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی بەهەر نرخێك بێت پارێزگاری لە لانکەی مرۆڤایەتی کە زەویە بکەن .

رۆژئاواییەکان بۆ پاك راگرتنی ژینگەی دەوروبەری خۆیان چەندین دام و دەزگا و رێگای کاریگەریان داناوە و تەنانەت هیچ



سڵ لەوە ناکەنەوە کە پارە بدەنە حکومەتە دەبەنگەکانی رۆژهەڵات تا پاشەڕۆ زیانبەخشەکانی تەکنۆلۆژیای ژیانفەوتێنی ئەتۆمی ئەوان لەناو خاك و ئاوی رۆژهەڵاتدا زیندە بەچاڵ بکەن . مرۆڤی رۆژهەڵاتیش چونکە ئاستی هۆشیاریان یەگجار نزمە، ئامادەن لەبەرامبەر بڕەپارەیەکی زۆر کەمدا یان سوپاسێکی زلهێزەکانی دونیا نەك تەنها ژینگەی خۆیان وێران بکەن ، بگرە ئامادەن ئاییندەی چەندین نەوەی داهاتووی وڵاتەکانیشیان بەگەوجی یەوە بخەنە مەترسییەوە .

لەوتارێکی پێشوومدا کە بەناونیشانی "کوشتنی سروشت لە رۆژهەڵاتدا"یە گوتوومە کە : "ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتیەکان زۆر لەمێژە ڕۆحیەتی شەڕەنگێزی لەناو دەروونیاندا ڕسکاوە و بەدرێژایی مێژوو ئەو ڕۆحە وای لێ کردوون شەڕ وپێکدادانی بێ ئامان ئەنجام بدەن کە سەرەنجام بۆتە هۆی تێکوپێکدان و وێرانکردنی کێڵگە و باغ و ڕەز و دارستان و کێو و چۆل و چیا. هەروەها لە ئەنجامی شەڕوشۆڕی بێ ئەندازەی ڕۆژهەڵاتیەکان لێرەو لەوێ سەدان و هەزاران لاشە و تەرم و کەلاك جوانی و پاکی سروشتی یان پیس و بۆگەن کردووە. زۆرجارانیش پاشماوەی کەرەسەکانی شەڕ هەر لە گالیسکەی تێکشکاوی جاران تا دەگاتە ماشێن و تانك و فڕۆکە و گوللەتۆپ و باروت و هتد ئەم سروشتە جوانەی تێك و پێکداوە."

جا بۆ ئەوەی مرۆڤی رۆژهەڵاتی وڵات و ژینگەکەی خۆی خۆش بوێت، پێویستە بەر لە هەموو شتێك واز لەو رۆحە

شەرەنگێزانەی خۆی بهێنێت و لەجیاتی وێرانکردن و تەفرو توناکردن ، بیر لە بنیاتنانەوە و خۆشکردنی ژیان و پاراستن و جوانکردنی ژینگەکەی بکاتەوە . لەسەر دەوڵەتیش پێویستە پشتگیری رێکخراوە ژینگەپارێز و پارتە ژینگەپارێزەکان بکات و بەیاسا لەسەر هەر خێزانێك ئەوە بسەپێنێت کە لە باخچەیماڵەکەیدا بەلای کەمەوە پێنج درەخت بڕوێنێت و هەر ئەندامێکی کۆمەڵگەش ساڵانە درەختێك لە شوێنێکی گشتیدا بچێنێت . هەروەها زۆر پێویستە ساڵانە رۆژێکی دیاریکراو هەبێت کە هەموو هاووڵاتیەك بەشدار بێت لە خاوێنکردنەوەی ژینگەکەی . جگە لەمەش هەر کەسێك بووە هۆی پیسکردن یان تێکدانی ژینگە بەتووندی سزا بدرێت چونکە پاراستنی ژینگە واتە درێژەدان بە ژیانێکی خۆش و تەندروست و وەك هەمووشمان دەیزانین ژینگە سەرچاوەی ژیان و مانەوەیە و بەبێ پاك و چاك راگرتنی ئەو لانە دڵخۆشکەرە دوارۆژێکی رەش و تاریك چاوەڕێی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکات .

**هەولێر 2008/11/28**

# کوشتنی بەزەیی لە ڕۆژهەڵاتدا

بەدرێژایی مێژووی کۆن ڕۆژهەڵاتیەکان بەوە ناسراون کە خوێنڕێژترین میللەتانی سەرزەمین بوون. چونکە ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی کۆن هەڵبدەینەوە کوشت و کوشتارە زۆروزەبەندەکانی سۆمەری و میللەتانی میزۆپۆتامیا، ئاشووری و میدیەکان، داگیرکاریەکانی عەرەب بەناوی ئیسلام، ململانێ و بەربەرەکانی نێوان خەلیفەکان، وێرانکاریەکانی جەنگیزخان و هۆلاکۆو تەیمورلەنگ ودواتریش شەڕی روس و عوسمانلی یەکان و شەڕە زۆروزەبەندەکانی عەرەب و تورك و فارس و کوردو کوشت وبڕی ئەرمەن و یەزیدیەکان لاپەڕەی مێژوو و عەقڵی کۆنینەی سەرۆك و خەڵکی خەڵتانی خوێن کردووە.

جا بۆیە هەر لە کۆنەوە لە هەرسێ ئایینە جیهانیەکاندا کە یەهودیەت و مەسیحیەت و ئیسلامە بەتووندی پێ لەسەر گیانی لێبوردەیی و بەزەیی داگیراوە. ئەوەش بەڵگەیەکە دەیسەلمێنێت کە ڕۆژهەڵات لانکەی دڵرەقی و بێ بەزەیی هێندە بێئەندازە بووە تا خواو پێغەمبەرەکانی بەردەوام داوا لە خەڵك بکەن تۆوی بەزەیی لە دڵ و دەرونیاندا بڕوێنن تاکو خەڵکی بێ هێز بتوانن لەبەر سێبەری بحەسێنەوە.

مێژووی نوێ و ڕووداوەکانی هاوچەرخیش چەندین بەڵگەی تر دەخەنەروو کە ئایینە ئاسمانییەکان نەیانتوانیوە بەقەد یەك تۆزقاڵیش بێت وا لەمرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بکەن هەڵسوکەوتی



دڵرەقانە و دڕندانەی خۆیان بەرامبەر بە هاوخوێن و هاوڕەگەزەکانیان بگۆڕن. خۆ مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کە لەسەر یەکێك لەم سێ ئایینەن بێ ئەندازە بەرامبەر یەکتر بێ بەزەیین وهەر مەپرسە زۆرینەیان بەرامبەر ئافرەت چەند دڵڕەقن و چۆن بەچاوی کۆیلە سەیری ئافرەتیان کردووە. هەرکاتێکیش ئەم ئافرەتە کۆیلانە بەرامبەر بە داب ونەریتی پیاوسالارانیانەی ڕۆژهەڵات یاخی بن ئەوا بە چەشنی (دوعا ) و ئەوانی تر لەناو دەبرێن.

وەنەبێت مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی هەر تەنها لە بەرامبەر هاوڕەگەز و هاوخوێن و هاوماڵ و هاوسەر وهاوولاتیانی خۆیان دڵڕەق و بێ بەزەیی بووبن. ڕەگی ئەو دڕندەیی و بێ بەزەییایەتیەی ڕۆژهەڵاتییەکان جیهانی گیانەوەران و باڵندە و گەزندە و خشۆك و تەنانەت ژینگەشی گرتۆتەوە. ئەو وێرانکاری و کاولکارییەی کە ڕۆژهەڵاتیەکان لەو بوارانەدا دەیکەن لە ژمارەی پێوانەیی تێپەڕی کردووە و لەمێژووی مرۆڤایەتیدا کەم وێنەیە.

جا ئەگەر سەرنجێکی ورد لە مێژوو و پەرەسەندنی راووشکار بدەین بۆمان ساغدەبێتەوە کە ڕۆژهەڵات لانکەی ڕاووشکار بووە. لە سەرەتادا مرۆڤی کۆن لەبرسان ڕاوی کردووە چونکە سەرچاوەی خۆراك و بژێوی کەم بووە. بەڵام دوای قۆناغی کشتوکاڵ و ماڵیکردنی گیانەوەران و باڵندە، ڕاووشکار لە پێویستیەکی ژیانیەوە گۆڕاوە بۆ خۆشی و کات بەسەربردن.

بەواتایەکی تر کوشتن لەدوای ئەو کاتەوە بووەتە خۆشی و گەمە - ئەمەش ئەوپەڕی دڵڕەقی و بێ بەزەیی نواندنە بەرامبەر گیانەوەر و باڵندە. هەڵبەتە دوای پەیدابوونی بارووت و ئۆتۆمبێل لەجیاتی تاکە تاکە ڕاوکردنی گیانەوەرو باڵندە، مرۆڤی خۆرهەڵاتی قڕیان لەو گیانەوەر و باڵندە جوانانە خستووە و ئەگەر کار وابڕوات چەند ساڵێکی تر نابات سەرتاپای ڕۆژ هەڵات لە گیانەوەر و باڵندەی کێوی چۆڵ دەبێت.

بەپێچەوانەی ئەو رەوتە نامرۆڤانەی خەڵکی ڕۆژهەڵات، مرۆڤی ڕۆژئاوا سەدان ڕێکخراویان بۆ بەزەییهاتنەوە بە گیانەوەر و باڵندان داناوە و بەچەندین ڕێگا هەوڵی پاراستن و لەناونەچوونیان دەدەن. تۆ بێنە پێش چاوی خۆت ئەگەر دونیا گیانەوەر و باڵندە و خشۆك و گەزندەو پەپوولە و زیندەوەرە جۆربەجۆرەکانی تێدا قڕ کران، چ خەرابات و وێرانکاریەکە! لەمەش پتر کاتێك خەڵکی دڕندە لە شەڕی لەناوبردنی گیانەوەرو باڵندەو خشۆکەکان دەبنەوە ئینجا ئەو ڕۆحە دڕندە شەڕانگێزانەیان بە هیچ داناسەکنێت مەگەر بە لەناوبردنی یەکتری نەبێت!

ئەو کاتەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ڕاووشکاری لە پێویستیەوە کرد بە گەمەوخۆشی، ئەو گۆڕینە وای کرد کە ساکۆلۆژیەتیشی بگۆڕێت، چونکە زۆر جار لەکاتی پێویستیدا شتی ناپەسند دەبێتە پەسند. هەر ئەم گۆڕانەش وای کرد کە کاتێك ئەم مرۆڤانە دەسەڵات وەردەگرن ئەم جارە لەجیاتی راوکردنی



گیانەوەر و باڵندە ئارەزوو دەکەن راوی مرۆڤ بکەن. هەڵبەتە ئەم جۆرە ڕاوکردنەش بەهەمان چەشنی ڕاوەکانی تر چەندین داوو تەڵە و فڕوفێڵی پێویستە بۆ ئەوەی خەڵك تووشی کێشە و ماڵوێرانی بێت.

لایەنێکی تری ڕۆحی وێرانکارانەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لەتێکدانی ژینگە و دەوروبەردا زەق دەبێتەوە. بڕینەوە و شکاندن و سوتاندن و ڕیشەکێش کردنی دار و درەخت و سەوزایی و پیسکردنی خاك و ئاووهەوا ئەوەمان بۆ دەردەخات مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لە ناخەوە نەخۆشە. لەجیاتی ئەوەی ڕۆژهەڵاتیەکان ژینگەی دەوروبەریان بکەنە سەرچاوەی داهات و خۆشی و تەندروستی، بەئەنقەست وێرانی دەکەن. ئەم هەڵمەتە بەربڵاوە بەرپێنەگیراوەی ڕۆژهەڵاتیەکان کاریگەریەکی یەگجار خراپ لەسەر خۆیان و نەوەی دواڕۆژ جێدەهێڵێت.

دڵڕەقی و نەبوونی بەزەیی تەنها دونیای گیانەوەران و سروشتی وێران نەکردووە. لە ڕۆژگاری ئیمڕۆدا دەسەڵاتداران و بەرپرسانی ڕۆژهەڵات چونکە دڵڕەقانە پەروەردە کراون، بۆیە ئەوانیش بە هەمان چەشن لەگەڵ هاووڵاتیانی ژێردەستیان بێ بەزەییانە رەفتار دەکەن. دەسەڵاتداران لەجیاتی ئەوەی خۆیان بە باوکی میللەت بزانن، ئەوا هەمیشە بەچاوی ڕق و کینە لێیان دەڕوانن. لەجیاتی ئەوەی دەستی پڕ میهرەبانی بەسەر هەژاران و لێقەوماوان دابهێنن، کاتێك داواکاریەکیان دەبێت لێیان تووڕە دەبن و بەهاوار وەڵامیان دەدەنەوە. لەجیاتی ئەوەی

ڕێگەی خێروخۆشیان پێ نیشان بدەن، سزایان دەدەن و بەرەو کونە تاریکەکانی زیندان ڕەوانیان دەکەن و لەوێ بە گەلێ شێوە سووك و ڕیسوایان دەکەن. لەجیاتی پەروەردەکردنی ڕاست و دروست و ئامۆژگاریکردن، ترۆ و بەدناو و ئابڕوویان دەبەن. بەڕاستی پێویستە دەسەڵاتداران لەهەموو کەس پتر بەبەزەیی و دڵنەرمتر بن. چونکە پەیڕەوکردنی سیاسەتی زەبروزەنگ و زۆرداری تەنها و تەنها زەبروزەنگ و زۆرداریەکی گەورەتری لێ دەکەوێتەوە.

بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە با تەماشای سەربردەی دەسەڵاتدارە بێ بەزەییەکانی ڕۆژهەڵات بکەین، بەتایبەتیش لەو عێراقەی خۆماندا دەبینین کە ئەو دەسەڵاتدارە زۆردارانەی کە بەرامبەر بە میللەتەکانی عێراق بێ بەزەیی بوون، بەهەمان شێوەی زۆرداری لەتەختی دەسەڵات هێنراونەتە خوارەوە. ئەو دەسەڵاتدارانەی کە بێ باکانە پەتی سێدارەیان بۆ میللەتەکەیان هەڵخستووەو هیچ بەزەییەکیان بەرامبەریان نەنواندووە، میللەتیش دواتر بەهەمان شێوە پەتی سێدارەیان بۆ هەڵخستوون و بەهەمان ئەندازەی بێ بەزەیی لە سێدارەیان داونەتەوە. سەرەنجام هەر لە (نوری سەعید)ەوە تا (سەدام حوسێن) ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنن کە ئەوەی دڵڕەقی بچێنێت دڵڕەقی دەدورێتەوە.

وەك لای هەموو کەسێك ئاشکرایە کە بەزەیی بەهرەیەکی سروشتی خۆرسکە و لەسەرەتادا هەموو مرۆڤێك بەشی خۆی



لەم هەستە مەزنە هەیە. بەڵام پەروەردەی خێزانی و کۆمەڵگا دڵڕەقەکان پێ بە پێ ئەو بەهرانەی مرۆڤ دەسڕنەوە. جا بۆئەوەی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی لەو پەتایە ڕزگار ببێت پێویستە پەروەردەی خێزانی و کۆمەڵگایی و خوێندنگایی گۆڕانی بەسەر دابێت و منداڵان فێری ئەوە بکرێن لەجیاتی گوللە گوڵیان خۆش بوێت و دەسەڵاتداران لەجیاتی سزا و لەناوبردنی خەڵك، فێری خۆشەویستی خەڵك بکرێن. بۆئەوەی ڕۆژهەڵات چیتر لە ڕاپۆرتی لێژنەکانی مافی مرۆڤ پەڵەیەکی ڕەش نەبێت بە نێوچەوانی مرۆڤایەتیەوە، زۆر پێویستە حکومەت و دەسەڵاتداران بە کارنامەی خۆیاندا بچنەوە و بەرنامەیەکی مرۆڤدۆستانە دابڕێژن.

تا ئەوڕۆژەی کە تاکە تاکەی کۆمەڵگە، لەسەرەوەڕا تا بنەوەی کۆمەڵگە، لە بەدەسەڵاتترین کەسەوە تا بێ دەسەڵاتترین کەس بەزەییمان بەیەکتر نەیەتەوەو یەکترمان وەك خۆمان خۆشنەوێت، کەلتووری دڵڕەقی و بێ بەزەییایەتی و وێرانکاری هەر بەردەوام دەبێت. بۆئەوەی کاریگەری ڕق وکینە و دڵڕەقی بەرە بەرە لەناو هۆش و بیرمان بسڕینەوە پێویستە بەردەوام ئەو قسە جوانەی شاعیری مرۆڤپەروەری ئینگلیزی (جۆن ئۆودن) بکەینە وێردی سەرزمان کە دەڵێت : "پێویستە یەکترمان خۆشبوێت، دەنا با بمرین." چونکە نەمانی بەزەیی وخۆشەویستی ڕۆژ بە ڕۆژ مرۆڤ بەرەو خەرەندی مەرگ دەبات و وادەکات مرۆڤ بێ نرخ وبێ بەها سەیر بکرێت و سەرەنجام

مرۆڤ ببێتە دڕندە و وێرانکەر. بەپێچەوانشەوە، بە گۆڕینی ڕوانین و هەڵسوکەوت و ڕێز لەیەکتڕگرتن و بڵاوبوونەوەی پەروەردەو ڕۆشنبیریەکی مرۆڤدۆستانە کۆمەڵگە دەبێتە بەهەشت نەك ئەو دۆزەخەی کە ئێستا هەیە.

هەڵبەتە ئەم گۆڕانانەش  هەروا بە سانایی و کتوپڕ ڕوونادەن چونکە یەکێك لەو ڕێگرە هەرە بنەڕەتیانەی دروستکردنی ئەم جۆرە ڕوانینە مانەوەی جیاوازیە گەورەکانی نێوان چینەکانی کۆمەڵگەیە. بەکەمکردنەوەی ئەم جیاوازیە گەورانە، ناڵێم بەلابردنیان، جارێکی تر خۆشەویستی و تەبایی دەگەڕێتەوە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە و ئەمەش یەکەم هەنگاو دەبێت بەرەو ڕواندنی تۆوی بەزەیی.

بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پێڕەوکردنی سیاسەتی ئاگر و ئاسن و زوڵم و ستەم بە درێژایی مێژوو وای لە مرۆڤ کردوە کە هەمیشە بیر لە یاخی بوون و تۆڵە بکاتەوە. چونکە کاتێك مرۆڤ هەست بەوە بکات هێندە زوڵم و ستەمی لێکراوە کە (ژیان و مردنی یەکسانە)، ئەوسا ڕادەپەڕێت بەرامبەر ئەو دەسەڵاتەی مافی ژیانی لێ زەوت کردووە. سەرەنجام ئەو مرۆڤە لە کەسێکی بنیاتنەرەوە دەبێتە کەسێکی وێرانکەر. بەمەش خۆی و دەوروبەرەکەش وێران دەکات. ئەم چەشنە کەسانەش بەزۆری لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی دەبینرێن چونکە ڕۆژهەڵات کەلتوورێکی دوورودرێژی زەبروزەنگی هەیەو تەنها بە پەروەردەکردنێکی ڕاستەقینەی



مرۆڤدۆستانە و بەدروستکردنی پردێکی خۆشەویستی لە نێوان دەسەڵات و خەڵك ئەم کەلتووره بەرەو نەمان دەچێت.

لە لایەکی ترەوە، لەو وڵاتانەی ماوەیەکی دوورودرێژ نائارامی سیاسییان بەخۆوە بینیووە، ئەو شۆڕشگێڕانەی ساڵانێکی دوورودرێژ لە ململانێ دابوون دژی  ڕژێمە دیکتاتۆریەکانی وڵاتەکەیان، کاتێك دەسەڵات دەگرنە دەست، ئەوان بەهەمان چەشنی ڕژێمە دیکتاتۆریەکانی پێشوو ڕەفتار و هەڵسوکەوتی دیکتاتۆریانە لەگەڵ میللەتی خۆیان دەکەنەوە. ئەمەش بۆیە وایە، چونکە بەربەرەکانێکردنی ڕژێمێکی زۆردار کە هێز و سزا بەکاردەهێنێت بۆ لەناوبردنی دوژمنەکانی،  وادەکات دەستەی بەرهەڵستکار بەبێ ئەوەی ئاگایان لێبێت، بکەونە ناو هەمان بازنەی بەکارهێنانەوەی هێز و سزا لەژیانی ڕۆژانەیاندا. بەمەش ئەوان سیفەتی شۆڕشگێڕانەی خۆیان لە دەست دەدەن، چونکە کە دەسەڵات دەگرنە دەست هەمان ئەو شتانە دووبارە دەکەنەوە کە بەخۆیان لە ماوەی شۆڕشگێڕایەتی خۆیان لە دژی جەنگاون. هەر کەسێکیش لەم قسانە بە گومانە، با کتێبە هەرە بایەخدارەکەی (پاولۆ فرایری) - بیرمەندی بەرازیلی (فێرکردنی بەزێنراوەکان) بخوێنێتەوە.

ئەوەی زۆر سەرسوڕمێنەرە ئەوەیە کە لە ڕۆژئاوادا کاتێك بڕیار لەسەر لەناوبردنی تاکێکی کۆمەڵگە دەدرێت، گەرچی ئەو سزایە ئێستا لە زۆر وڵاتانی ڕۆژئاوادا نەماوە، هەزاران دەنگی ناڕەزایی بەرزدەبێتەوە بۆ داکۆکیکردن لە و مرۆڤەو بە هەموو شێوەیەك

هەوڵی پاراستی ژیانی ئەو کەسە دەدرێت. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی خەم وخوێندا دیمەنی لەناوبردن و کوشتنی تاك تاکە و بەکۆمەڵی مرۆڤ لەجیاتی ئەوەی پەشۆکان و هێدمە دروست بکات، ئەوا دەبێتە مایەی خۆشی و چێژوەرگرتن.

خۆ دیمەنی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و زیندەبەچاڵکردنی ئەنفالکراوان و ئەشکەنجەدانی ملیۆنان  کەس لەلایەن ڕژێمی بەعسیانەوە نەك هاواری نارەزایی بەڵکو ئۆخژنی شادی بەدڵی زۆربەی خەڵکانی عەرەبی دڵرەق و بێ بەزەیی داهێنا. ئەمەی پێشوو لەسەر ئاستێکی فراوان بوو، بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆیشدا، لەناوبردنی (دوعا) و عاشقانی تر بەم جۆرە دڕندانەییە بێگومان باشترین بەڵگەن بۆ نەمانی بەزەیی و چێژوەرگرتنی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لە دڕندایەتی.

یەکێك لە ئاکارە هەرە زەق و دیارەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی درۆ و ساختەکاری یە. چونکە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ئەو شتانەی کە بەخۆی کردوونی یان بەدزی دەیانکات، لەبەرچاوی خەڵك وا دەردەخات کە دژ بەو کار و رەفتارانەیە. لەڕاستیدا ئەمە ڕووداوێکی هەرە گرنگمان  بەبیردەهێنێتەوە کە حەزرەتی مەسیح(د.خ) تیادا بەشداربوو. ئەو کاتەی کۆمەڵێك خەڵك بەردبارانی ئافرەتێکیان دەکرد لەسەر ئەوەی لەگەڵ کەسێکدا خەوتووە، حەزرەتی مەسیح کەوتە نێوان خەڵکەکە و ئافرەتە بەسەزمانە بەردبارانکراوەکە و هاواری بۆ خەڵك کردو گوتی:((تەنها ئەو کەسەی هیچ تاوانێکی نی یە، ئەو کەسە مافی



بەردبارانکردنی ئەو ئافرەتەی هەیە.)) جا دوای ئەو قسانەی حەزرەتی مەسیح بەردەکان یەکە یەکە لە دەستی خەڵکەکە کەوتنەخوارەوە چونکە هەموویان هەستیان بەوە کرد کە بەخۆشیان بێ تاوان نین.

خۆ ئەگەر لە ڕوانگەی ئایینیشەوە سەیری مەسەلەی پەیدابوونی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی بکەین دەبینین مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە بێ هەڵە نەبووە. وەدەرنانی (ئادەم و حەوا) لە باخەکانی بەهەشت لە ئەنجامی تاوانێك بوو کە خودا هەرگیز پێی قبووڵ نەکراوە. دواتریش (قابیل) دوو تاوانی گەورەی کرد: یەکەمیان کوشتنی (هابیل)ی برا چاکەکەی خۆی و دووەمیش خواستنی خوشکی خۆی بوو . هەڵبەتە ئەم ڕاستیانە لە زۆربەی ئایینەکاندا نیشانەی ئاشکراو لابەلای بۆ کراوە. جا کە مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی ئاینییەوە زادەی هەڵەو گوناهکاری بێت و لە ڕوانگەی زانستیشەوە مرۆڤ جۆریکی باڵای گیانەوەر بێت، تەنها پەروەردەو ڕۆشنبیرییە کە وادەکات ئاستی خراپەکاری و دڕندایەتی مرۆڤ کەم ببێتەوە تا سەرئەنجام مرۆڤ لە دڕندەیەکی خراپەکار و شەڕەنگێزەوە ببێتە فریشتەیەکی دڵنەرم.

هەربۆیە تا ڕۆژی ئیمرۆش بۆ کەس نی یە لەم سەر زەوی یەدا خۆی بەمرۆڤێکی تەواو پاك و بێگەرد بزانێت چونکە کەس لە هەڵە و خراپی بەدەر نییە . هەڵبەتە مرۆڤی ژیرو ئاقڵمەند کاتێك دەسەڵات وەردەگرێت پێویستە سەرەتا لە خۆیەوە دەست

به پاكبوونەوە بكات ، ئینجا داوای پاكبوونەوە لە خەڵكی بكات. هەروەها پێویستە دەرگای بەزەیی و لێبووردەیی هەمیشە بەكراوەی بهێڵێتەوە، ئەگینا پەیڕەوكردنی سیاسەتی هەڵەوسزا ئەم ژیانە دەكاتە دۆزەخ و مرۆڤەكانیش والێدەكات ببنە جانەوەری نێو دارستان و بەر ببنە گیانی یەكتر.

**هەولێر: 2007/7/17**

# کوشتنی زانست لە رۆژهەڵاتدا

رۆژهەڵاتیەکان بەوە ناسراون کە ئاڵۆزی و تەم و مژ بەسەر مێشکیاندا زاڵە نەك هزر و بیر. هەر ئەمەشە وای کردووە کە سەرجەم دام و دەزگا پەروەردەیی و زانستیەکانی رۆژهەڵات تەمی ئاڵۆزی بگرێت نەك بیر. ئەوەی لە گومانیش بەدەرە ئەوەیە کە سیستەمی پەروەردەیی و زانکۆیی دونیای پێشکەوتوو بۆ ئەوە دانراون یارمەتی قوتابیان بدەن چۆن بیر بکەنەوە و رادەیەك بۆ ئەو ئاڵۆزی و بێ سەروبەریە دابنێن و پەرە بە بواری بەرزبوونەوەی بیر و هۆش بدەن. بەڵام ئەوەی لە رۆژهەڵاتدا هەستی پێ دەکرێت تەواو پێچەوانەی ئەمەیە و ئەوەندەی بێ سەروبەری و میزاج باڵی بەسەر دەزگا پەروەردەیی و زانکۆییەکاندا کێشاوە نیو ئەوەندە زانست و زانیاری تێدا بەدی ناکرێت.

جا ئەگەر لە سیستەمی پەروەردەیی و زانکۆیی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ورد ببینەوە دەبینین کە هەر لە سەرەتای سەدەی شازدەهەم بەدواوە عەقڵانیەت باڵی بەسەر زانکۆ بە گشتی و بیرکردنەوەی سەرۆك زانکۆ و راگر و سەرۆك بەش و مامۆستا و قوتابی و بابەتەکانی خوێندن بەتایبەتی داکێشابوو و ئەمەش بەرە بەرە بەهێزتر بووە و تا وای لێهاتووە لە رۆژی ئیمرۆدا زانکۆ لەلای ئەوان ببێتە بنکەی بڕیاری زۆر گرنگ و



چارەنووس ساز کە ڕەوت و ئاراستەی وڵات لەلایەن ئەوانەوە ئاراستە بکرێت.

بەپێچەوانەی ئەمەوە، لەو رۆژهەڵاتەدا ئەوەی لەناو دام و دەزگا پەروەردەیی و زانکۆییەکاندا بوونی نیە هزر و بیرە. لە زانکۆشدا بەحوکمی ئەوەی کۆمەڵێك مامۆستای بێتوانا لەژێر ناوی جیاوازدا دەستیان بەسەر ئەو دام و دەزگایە هەرە هەستیارەدا داگرتووە، زانکۆ بۆتە شوێنی بەرهەمهێنانی نەزانی و دواکەوتوویی نەك عەقڵ و بیر.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا پەروەردە و فێرکردن، بە تایبەتی زانکۆ بە بەردی بناغەی پێشکەوتن دادەنرێت، چونکە لەلای ئەواندا ئەو دام ودەزگایانە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری مرۆڤ دانراون نەك رێ پێ بزرکردن و بە هەڵەدابردن. بەڵام لە رۆژهەڵاتدا چونکە ئەم دام و دەزگایانە هۆشیاری و مێشکی مرۆڤ لەقالب دەدەن، گەورەترین رۆڵ لە بەرەوپاش بردنی کۆمەڵگەدا دەگێڕن.

ئەوەی کە مرۆڤ سەری لێ سووڕماوە ئەوەیە: ئایا بەراستی دەوڵەت دەزانێت ئەو دام و دەزگا پەروەردەیی و زانکۆییانە ئەو رۆڵە خراپە دەگێڕن یان کۆمەڵە کەسانێك هەن کە بەناوی زانستەوە دەستەیەکی مافیاییان بۆ خۆیان لەناو زانکۆ پێکهێناوە کە بەبێ ئاگاداری و لەپەنای ئەو دەسەڵاتەی وەریانگرتووە زانکۆیان بەو دەردە بردووە؟!!

هەڵبەتە دەوڵەت ساڵانە پارەیەکی زۆر و زەبەند لە بواری پەروەردە و زانکۆکاندا خەرج دەکات. بەو پێیە بێت نابێت دەوڵەت پارەی خۆی لە شتێ خەرج بکات کە زیان بە کۆمەڵگا بگەیەنێت و سەرەنجام بە زیانی خۆی بکەوێتەوە. ئەگەر کەمێك مەزەندە بکەین دەبینین ساڵانە تێچوونی زانکۆ بە هەموو دام و دەزگا خزمەتگوزاری و کرێ ی خانوو و بەشە ناوخۆیی و بەنزین و کارەباو پەڕگەزار و کەلوپەل و پێداویستی ترو کۆمپیوتەر و مووچەی مامۆستا و سەرجەم فەرمانبەرانی زانکۆ و هتد خۆی لەنزیکەی چەند ملیار دۆلارێك دەدات. کەواتە بۆ پێگەیاندنی دوو خوولی دەرچووی پەیمانگەکان و خوولێکی دەرچووی کۆلیژەکان نزیکەی چەند ملیار دۆلارێك پێویستە. جا بۆیە بە عەقڵی کەسدا ناچێت کە دەوڵەت ئەو پارە زۆر و زەبەندە لە زانکۆ خەرج بکات و زانکۆش ئەو هەموو قەیرانە فیکریەی تێدا بێت و بەرهەم و داهێنانەکەشی زۆر لە ئاستی وڵاتانی دەوروبەرمان نزمتر بێت. چونکە کەس ئامادە نییە ئەو پارە زۆر و زەبەندە بە فیڕۆ بدات، چ جای دەوڵەت!!

باشە، ئەدی چۆنە دەوڵەت ئاگای لەو پاشاگەردانی و بێ بەرنامەیی و نزمی ئاستی زانستی زانکۆ و دەزگا پەروەردەییەکانمان نییە؟!! ئەی ئەگەر ئاگادارە بۆچی زووبەزوو چارەسەریەکی گونجاوی بۆ دانانێت؟!! دیسان دەگەڕێمەوە سەر ئەو پرسیارانەی لە وتارێکی پێشوومدا کە بە ناونیشانی " زانکۆ و بڕوانامە بۆشەکان" بوو کردبووم. لەوێ زۆر بەڕاشکاوی



پەنجەم بۆ ئەو دیاردەیەی قەیرانی ئاست نزمی زانکۆ راکێشابوو کە زانکۆ و دوزگا بەناو پەروەردەییەکانمان زانست و زانیاری بە قوتابی نابەخشن بەڵکو بڕوانامەی بۆش و بەتاڵی پێ دەبەخشن کە وایان لێ دەکات لەژیاندا کەمترین سوود بە کۆمەڵگە نەگەیەنن. هەڵبەتە هۆی سەرەکی ئەمەش ئەو قەیرانەیە کە زانکۆکانمان تووشی هاتووە . دیسان پرسیارەکانی ئەوسا دەکەمەوە:

§ سوودی چیە کە خاوەنی هەزاران دکتۆرین، بەڵام نەخۆشەکانمان بۆچارەسەری رەوانی دیمەشق و تاران و ئەنقەرە و ئوردن و هەندەران دەکەین؟

§ سوودی چیە کە خاوەنی هەزاران ئەندازیارین، کەچی بۆ دروست کردنی پرد و رێگا و بان و دانانی بگۆڕی تەلەفۆن کۆمپانیای تورکی و ئێرانی و ئەورووپی جێبەجێیان دەکات؟

§ سوودی چیە کە خاوەنی هەزارەها دەرچووی بەشی یاساناسین، کەچی لەدەستووردا گۆڵی یاساییمان لێ دەکرێت؟

§ سوودی چیە کە بەلای کەمەوە خاوەنی پازدە هەزار دەرچووی بەشی ئینگلیزین لەسەرتاسەری کوردستاندا، کەچی تائێستا دووسەد کتێبی باشمان نییە لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی وەرگێڕدرابێت؟

§ سوودی چیه كه خاوەنی پێنج تا حەوت هەزار دەرچووی بەشی دەروونناسی و كۆمەڵناسین كەچی كۆمەڵگاكەمان دەردو نەخۆشیه دەروونی و كۆمەڵایەتیەكان كوشتوویەتی؟

§ سوودی چیه كه خاوەنی سێ تا چوار هەزار دەرچووی كۆلیژی ئابوورین، كەچی پلانی ئابووریمان نییه و ئابووری وڵاتمان تەنها لەسەر بەكاربردن و باج وەرگرتنە نەك گەشەپێدان و بەرهەمهێنان ؟!! كوا كارگە و كارخانە، كوا بەرهەمی خۆماڵی؟!!

§ سوودی چیه كه خاوەنی سێ تا چوار هەزار دەرچووی كۆلیژی كشتوكاڵین، كەچی تەماته و توور و سلق و پیاز لە سوریا ، سێو و شووتی و هێلكە و لیمۆ و گێلاس لە ئێران ، كاهوو لە چین و تەڕەتووله و كەرەوز و كەوەر و نازانم چیتر لە كوێ دێنین؟!!

خۆ كاری زانكۆش هەر پێگەیاندنی قوتابی نییە، بەڵكو لە هەمانكاتدا بەشێكی گرنگی ئەركی زانكۆكانی جیهان بەرزكردنەوەی ئاستی مامۆستاكانە لە ڕێگای هاندان و پاڵپشتی كردنی توێژینەوەی زانستی. چونكە زانست ڕۆژ بە ڕۆژ لە نوێبوونەوەیە و پێویستە بەر لە هەمووان مامۆستایان لەو گۆڕانانە ئاگاداربن. كەچی لە زانكۆكانماندا ئەوەی پشتگوێ خرابێت بواری توێژینەوەی زانستی یە. ئەمەش زانكۆی تووشی



قەیرانێكی ئەوەندە مەزن كردووە، كە زانكۆی هێناوەتە ژێرەوەی ئاستی قوتابخانەی ئامادەیی.

ئەگەر لە هۆیەكانی ئەو قەیرانە بكۆڵینەوە دەبینین كە زانكۆ بە هیچ جۆرێك هانی مامۆستایان نادات پلەی زانستیان بەرز بكەنەوە و توێژینەوەی زانستی ڕەسەن بكەن. بۆ ڕێگرتن لە مامۆستا ئاست بەرزەكانی زانكۆ دەیەها لێژنەی بەناو زانستی دروستكراون كە دەبنە كۆسپی بەردەم بەرزبوونەوەی پلەی زانستی مامۆستا و هەرجارەی بە بیانوو و فڕ و فێڵێك توێژینەوەی مامۆستا ئاست بەرزە بێ واسیتەكان بەدوا دەخەن یان لێیان ڕەتدەكەنەوە. نموونەی لەو بابەتە كارانە لە زانكۆدا هێندە زۆرە كە لە هەر مامۆستایەكی بەوێژدانی ئاست بەرزی زانكۆ بپرسیت بەدەست ئەم دەردەوە دەناڵێنێت. هەڵبەتە قسەكردن لەسەر ئەو بابەتە وتارێكی سەربەخۆی دۆكیومێنتداری پێویستە.

هۆیەكی دیكەی دواكەوتوویی ئاستی هزری زانكۆ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە كۆمەڵێك پیر و پەككەوتە كە بە حوكمی ئەوەی ئەوان بێتوانابوون ئامادەبوون لەگەڵ هەموو ڕژێمێك دەست تێكەڵ بكەن و بەو ڕێگایە بڕوانامە و پلەی زانستیان بەدەست هێناوە، دەمێكە دەستیان بەسەر بوارە هەستیارەكانی زانكۆدا گرتووە و باندێكی یەگجار بەهێزیان لەناو زانكۆدا بۆ خۆیان دروستكردووە بۆ سەركوتكردنەوەی ئەو مامۆستایانەی كە بەڕاستی خاوەنی دەنگ و ڕەنگی خۆیانن. ئەو باندە بەهێزە

چونکە خاوەنی هیچ مەعریفەیەك نین، نەدەزانن وانە بڵێنەوە و نەئاگاشیان لەدوا پێشکەوتنەکانی بواری زانست و زانیاری هەیە و نەدەشتوانن پەرە بەتوانای خۆیان بدەن. لەجیاتی ئەمە، وەك پیشەیانە هەمیشە خەریکی دانانی پیلانی ژەهراوی و درۆ و دەلەسە و ماستاوکردنن بۆ ئەم و ئەو بۆ پاراستنی کورسی و پلە و پایە نازدارەکانیان. هەرچی مرۆڤە بەتوانا و داهێنەرەکانن هەمیشە خەریکی خۆرۆشنبیر کردن و خۆپەروەردەکردنن و کاتیان نییە بۆ پیلانگێڕان و ماستاوکردن و درۆ و دەلەسەکاری.

بە پێچەوانەشەوە، مامۆستا بێتواناکان، چونکە هیچ خۆشەویستیەکیان بۆ خاك و نیشتیمان نەبووە و نییە و هیچ زانستێکش لە هەگبەی بۆشیاندا نییە و نەبووە، لە جیاتی ئەوەی کە واز لە پیشەی جارانیان بهێنن، سەرلەنوێ دەست دەکەنەوە قۆرتلێدان و راپۆرت نووسین و رەشکردنی وێنەی مرۆڤە بەتواناکان لەملاوئەولا. لەبەرامبەر ئەو جۆرە کەسانەی کە بۆ کاری زانستی نەهاتوونەتە زانکۆ بەڵکو بۆ بەرژەوەندی ماددی خۆیان بەکەیفی خۆیان لە زانکۆ دەخوڕن، مامۆستا دڵسۆزەکان چونکە بە ژمارە کەمترن و وەك ئەوان فێرە فڕوفێڵ نەبووینە کەمجار وایە خۆدەگرن. هەر بۆیە مامۆستا بەتواناکان زۆر بەئاسانی دەردەپەڕێنرێن و بە چەندین شێوە مافیان دەخورێت. ئەم کارەساتە، بێگومان زۆر بەخراپی کار لەهێنانەخوارەوەی ئاستی زانستی زانکۆ دەکات.



ئەگەر بە خێرایی چاوێك بەو مامۆستا بەتوانایانەی کە لەناو زانکۆدا هەن بگێڕین، دەبینین زۆربەیان یان پەراوێزخراون یان بەربەرەکانی دەکرێن و وایان لێ کراوە یان دڵیان لە زانکۆ بشکێت یان بەجێی بهێڵن و ببنە مرۆڤی هیچ نەگۆ. ئەمەش وادەکات زانکۆ هێندەی تر تووشی قەیران بێت.

بەپێچەوانەشەوە، هەر لە سەرۆکایەتی زانکۆکانەوە بگرە تا راگرەکان، تاك تاکەیان نەبێت، ئەوانەی تریان لەرووی زانستییەوە چ وەکو مرۆڤ و چ وەکو مامۆستا بێتوانان. جا چونکە ئەوان بەپەیژەی واسیتە و واسیتەکاری بۆ سەر ئەو پلەوپایانە سەرکەوتوون و هەموویان پێکەوە بۆ داکۆکی لەیەکترکردن و رێگرتن لە مرۆڤی بەتوانا چەندین دەستە و گروپیان لەژێر ناوی جۆراوجۆر دروستکردووە و هەموو پۆستە هەستیارە زانستی و ئیداریەکانیان لەسەرخۆیان تاپۆ کردووە و ئەوەی نەچێتە ناو دارودەستەکەی ئەوان و لەگەڵ رەوتی دواکەوتووانەی ئەوان نەڕوات کاربەدەری دەکەن.

زۆر پێویستە ئێمەی رۆژهەڵاتی وەکو زانکۆکانی رۆژئاوا سەرۆك زانکۆ و راگرەکانمان مرۆڤی زانا و داهێنەر و ئاستبەرز بن تاکو بتوانین لەسەر ئاستی وڵاتان و دونیا شانازی بەزیرەکی و توێژینەوە و داهێنانەکانیان بکەین. چونکە ئەگەر وانەبن و لەلایەنی مەعریفی یەوە بۆش بن ، هەرگیز ئەوان رێخۆشکەر نابن بۆ هاندانی قوتابی ئاست بەرز و مامۆستایانی داهێنەر چونکە ئەمە پێچەوانەی بەرژەوەندی و ئارەزووی ئەوانە و بە

پەیدابوونی نەوەیەکی زیرەك و ئاستبەرز جێ ی ئەوان لەق دەبێت.

زانکۆ و دام و دەزگا پەروەردەییەکان پێویستیان بە گۆڕانی خێرا و بنەڕەتی هەیە. گۆڕانەکان زۆر پێویستە لە بابەتەکانی خوێندن و شێوازی وانەگوتنەوە و عەقڵیەتی مامۆستا و لابردنی وەزیر و سەرۆك زانکۆ و ڕاگرە نەشیاو و بێتواناکان و گۆڕینی کەش و هەوای خوێندن و دابینکردنی پێداویستی هاوچەرخ دا بکرێن. بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەرەوپێش بچێت ، پێویستە دەست و برد لەو گۆڕانانە بکرێت. ئەگینا دواکەوتوویی رۆژ بەرۆژ ولات دەگرێتەوە و نەوەیەکی نەزان و گەمژە پەیدا دەبێت کە هیچ ئینتیمایەکی بۆ ولات نابێت و ئامادەنییە خزمەتی ولات بکات و هەمیشە بیر لەوە دەکاتەوە لەزووترین دەرفەتدا ولات چۆل بکات. هەڵبەتە دوای چوونە دەرەوەی مرۆڤە داهێنەرە بەتواناکان لە ولات ، ئەوان لە هەندەران دەبنە داهێنەر و ولات لە بیر و داهێنانەکانیان بێ بەش دەبێت. ئەو کاتەی رۆژهەلات لە خەوی خۆی بەئاگا دێتەوە، ئەوسا ئەوە زۆر درەنگ دەبێت و زیانێکی گەورە لە رەوتی زانست و زانیاری دەکەوێت. سەرەنجام ولات بەرەو خەرەندی مەرگ دەچێت و گەل و میللەتیش ماڵوێران.

هەولێر: 2007/6/17

# چاوەڕوان بن

## ئەم کتێبانە بەم زووانە دەکەونە بازاڕەوە :

1- **فەرهەنگی پێشکەوتووی ئازاد (ئینگلیزی-کوردی) [100000 وشە]**

دانانی: د. ئازاد حەمە شەریف

2- **چوار دەقی شانۆیی جیهانی**

وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف

3- **ئێل گریکۆ / دانانی : جۆن ف. ماسیوز**

وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف

4- **پۆل سێزان / دانانی: سیۆدۆر رۆسۆ**

وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف

5- **پیکاسۆ / دانانی: ویلیام لیبەرمان**

وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف

6- **رائول دوفیێ / دانانی: ویلیام لیبەرمان**

وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف

7- **چاوپێکەوتنە رۆژنامەوانیەکانم**

دانانی : د. ئازاد حەمە شەریف

8- **کورتە مێژوویەکی سینەما / دانانی : جۆن ئێسکۆت**

وەرگێڕانی: ئازاد حەمە شەریف

9- **(50) هۆنراوەی کەڵەشاعیرانی رۆژئاوا**

وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف

10- **ئێرلەندا: وڵاتی شۆڕشگێڕان**

دانانی: د . ئازاد حەمە شەریف

11- **فەرهەنگی رووەکەکانی کوردستان**

دانانی: د . ئازاد حەمە شەریف

12- **(20) چیرۆکی شاکاری جیهانی**

وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف

13- **نوێکاری نوێ : بۆ فێرکردنی ئینگلیزی بە نوێترین شێوە**

دانانی: د . ئازاد حەمە شەریف

14- **پوختەیەك لە بیروباوەڕی زەردەشتی** / دانانی: زێهنەر (چاپی سێیەم)

وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف

15- **ئیمپراتۆر جۆنز / دانانی : یوجین ئۆنیڵ**

وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف

16- **مەیمونی تووکن / دانانی : یوجین ئۆنیڵ**



وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف

17- **روناکی و تارماییەکانی سەرشانۆ : کۆمەڵێك وتار و رەخنەی شانۆیی**

دانانی : د. ئازاد حەمە شەریف

18- **شەوی دوازدەیەم / دانانی: شێکشپیر**

وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف

19 – **خەونی شەوێکی چلەی هاوین / دانانی: شێکشپیر**

وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف

20- **هەقایەتی زستانیێ / دانانی: شێکشپیر**

وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف

21- **چۆنت پێخۆشە / دانانی: شێکشپیر**

وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف

22- **وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی دا / دانانی :جێمس جۆیس(چاپی دووەم)**

وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف

23- **بوونەوەرە هۆشمەندەکانی بۆشایی ئاسمان (چاپی دووەم)**

دانانی : د. اسماعیل موسی مراد و د . ئازاد حەمە شەریف

24- **دونیایەکی ئازا و نویێ / دانانی: ئەڵدۆس هەکسلی**

وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف

25- **داستانەشیعری (بەدواتەوەن)**

دانانی : د. ئازاد حەمە شەریف

26- **کۆمەڵەشیعری (گۆرانی کۆشی مەرگ)**

دانانی : د. ئازاد حەمە شەریف

27- **رۆمانی (یەك سەدەی تاریك)**

دانانی : د. ئازاد حەمە شەریف